GOLDEN BOOK

کتێبخانەی (PDF)

ڕۆمان



# بە هەزار دڵ خۆشم دەوێیت

## پەشێو حەمەد ئەمین

چاپی دووەم

# به هەزار دڵ خۆشم دەوێیت

پەشێو حەمەد ئەمین

ڕۆمان

٢٠١٨

١

# پێشەکی

دڵم بەو ڕادەیە تەنگە، تەنانەت بە ترپەی گەورەش شەق دەبات. وەک ئەو منداڵەی لە سکی دایکێکی غروردا لەبار برا، نەبوم بە کوڕی نیشتمان. شادی بۆ من، وەک وەرزی پێنجەمی ئەو ساڵە وابوو، کە هەرگیز نەهات. نزایەک بوو نەگەیشتە جێ.

وەک پیاوە پشتکووڕەکانی دەوری قەڵاکەی هەولێر–کە ژیان هاڕیونی، کە سەری پەنجەیان پڕە لە زام، کە لە پشتی عەرەبانەکانیانەوە چل ساڵە غەم پاڵدەنێن–بیرم نایەت ڕۆژێک لە قوڵایی دڵمەوە پێکەنیبم.

تینوومە و کانیاوەکانی ئەم وڵاتە بۆ من لیڵن. برسیمە و نانی کێڵگەکانی ئەم وڵاتە بۆ من سوێرن. من چۆلەکەی باڵشکاوی وەرزی ڕەشی گەردەلوولم. ئاڕاستەی فڕینم لەدەست داوە و، لە کارواندا بەجێ ماوم. ماسیی وشکهەڵاتووی بێروونێکم،

کڕنووش بۆ قومێک ئاو دەبەم، بۆ بارانێک دەستەو نزا ڕوو لە ئاسمان چاوەڕوانم.

من شۆستەی غەریبی شەقامێکم، پڕە لە پۆستاڵی ڕەشی جەللاد. ڕانابووری بە سەرمدا میهرەبانی شێوەی یارم. لەنێو کوورەی ئاگرێکی یاخیدا تەمەنێکە هەڵدەقرچێم. سەر دەرناکات فریادڕەسێک؛ خامۆش بکات گڕی گیانم.

نازانم من ئەییوبی کامە سەبرم؟ خوێنی ڕژاوی کام حەللاجم؟ ئاڵای فرۆشراوی کام نیشتمانم؟ خودا من کێم؟ نەفرەتی گەرووی کام ڕۆژگارم؟

پڕم لە بادەی تەنیایی و شەرابی خەستی ئەوین. بەڵام چی بکەم نییە دەستێک، شک نابەم مەستێک، تەنیا شەوێک بمخواتەوە و، بێت بە میوانم.

لە گۆشەی کەلاوەی ژیانێکی هیچدا کەوتووم و، ئەوەی هەمە تەنیا خۆمم. پەیدا نابێت کڵاولارێک—گوێ هەڵبخات بۆ دەروونم. وەک ڕێبوارێکی سەرلێشێواو لەنێوانی مەرگ و ژیندا دێم و دەچم. لەوەتەی هەم، بە دەستی سێدارەی غەم هەڵواسراوم.

لێم گەڕێن یاران، توخودا لێم گەڕێن. با نەفرەتی خۆم بنووسمەوە. با لە داخی ئەم هەموو شۆستەی غەدرە، لەتاو دڵڕەقیی ئەم هەموو کۆڵانی جەورە، ئەژنۆکانم ببڕمەوە.

بە هەزار دڵ خۆشم دەوێیت، بەڵام چی بکەم ئەی نیشتمان، کە تۆ سەد جار فرۆشراویت؟ چۆن بە جارێک بتکڕمەوە؟

دڵم تەنگە و دڵم تەنگە و دڵم تەنگ.

تەنگ وەک دڵی دایکی شەهید. تاریک وەک تاریکستانی نیشتمانەکەم، ڕەش وەکوو چارەنووسم. نا، ببورن. ڕەش وەک ڕووی خیانەتکارانی مێژووی کوردم.

ئەی نیشتمانی من! هۆ دایکی تژی لە خوێنم!

دەترسم لە ئامێزتا بە گریەی چاوم شەو بێدار بێت. ئەوەندە بگریم، لەتاو گریەم گیان بێزار بێت. دەترسم لەنێو بانگی کۆتا هەناسەشمدا، ئەم سەگانەی سیاسەت، لوورەی ئەم هەموو گورگانەی قەباحەت، چەتەکانی دەوروبەری پادشای سەر کورسیی نیوسەدە لە سەخافەت، ڕێگە نەدەن لە ئانووساتی مەرگیشما لە گەرومدا ناوت هەبێت.

پرسیوتە کێم؟ بمناسە ئازیز!

من وەکوو دەرپێی ژنێکی سۆزانی، وام لە پێی نیشتماندا. لە ژێرمدا پارچە گۆشتێک هەیە، پێی دەڵێن: "شەرەف." نامەوێت باسی جوانی، چێژ و خۆشیی ئەو پارچە گۆشتەتان بۆ بکەم. بڕۆن لە گەووادەکانی سیاسەت بپرسن، ئەوسا دەزانن چەندە خۆشە گیانم.

لەوەتەی ـ هەم، هەر ڕۆژەو ناپاکێک، ڕووڕەشێک ... نا، قاحبەیەک هەڕاجم دەکات. هەر زەمەنەو حیزبێکی بێکەرامەت بە ناوی کەشتیی سەربەخۆییەوە، سوارم دەبێ و حیزم دەکات.

پەردەی حەیام بووە بە تونێلێک، شوفێری هەرچی دوژمن هەیە، دێ و بە ماشێنی زەوقێکی ئاخیر مۆدێلەوە بە قاقاوە خۆی پیا دەکات.

نازانم من نەفرەتی کامە خودام؟ پرسگەی پێشوازیی کامە مەلهام؟ کچی حەرامی چ دایکێکم؟ نانی سووتاوی چ ڕەنجێکم؟ هاواری نەبیستراوی کامە دەنگم؟ بووکی جێماوی کام ئاهەنگم؟ شەپۆلی نائارامی کام کەنارم؟ تفی نەفرەتی کامە زارم؟

پێم بڵێن من کێم؟ جگە لە دەرپێی ژنێکی سۆزانی، کە ڕۆژ نییە دەستی بێحورمەتێک بۆنم نەکات. شەو نییە هەوەسبازێکی سیاسەتمەدار بە ڕیباتێکی شۆڕەوە نەیەت و، دوای گەڕانەوەی لە مەملەکەتی شەهوەتی خۆی، لە سەر پێخەفی بێگانەیەک فرێم نەدات.

وەک پووش سووک و ڕسوا بووم لە نێو بادا. وەک برین پڕم لە ژان لە کێڵگەی ژیانتدا. بزانە هێندەی سەگێکیش قەدرم نەبوو لەلات، تا هەدا بدەم لە کونجێکی دڵنیاییی خاکەکەتدا. لەگەڵ تۆمە ئەی تاریکستانی گەردوون، هۆ نیشتمانی سفلەم!

بەبێ پەت مەحکومی سێدارەم و، بێ گوللە ڕژاوە خوێن لە گیانما. هەوریش نەبێ من تکاوم. بێ خەزانیش وەریوم لە باغتدا.

گلەیی بێت! هێندەی یارێک پەرۆشت بووم. هاتم و، بووم بە گوارە لە گوێچکەتدا، بەس بۆ ئەوەی تا تۆ جوان بیت. وەک

گەردانە مەنزڵم گرت لە نێو چاڵی مەمانتدا. خەندەی دنیام کەلەپچە کرد و، هێنام ئازادم کرد لە لێوانت. کەچی دواجار هەر تۆ بوویت گشت خەونەکانت لێ زڕاندم، لەنێو گریەی بێدارانی شەوانتدا.

گلەییت لێ دەکەم ئەی نیشتمان!

لەو دەمەی گوللە دایدەبێژام، لەو شەڕگانەی بۆ عیشقی تۆ دادەگیرسام، من هەر بیرم لەلای تۆ بوو، ئەی نیشتمان!

ئا بزانە هاوڕێ! هەموومان گیرۆدەی یەک دەردین. تلدراوی دەستی یەک کۆمەڵەی غەدرین. هەریەک لە ڕۆژێکدا لەدایک بووین. بەڵام، هەزار ئەفسووس، لەژێر سایەی ئەوانەی سنووریان تژی کرد لە بەزین، ئەوانەی خیانەتیان کرد بە شانازی، ئەوانەی خوێنی براکانیان حەڵاڵ کرد، ئەوانەی شۆستەکانیان پڕ لە منداڵی بێباوک کرد، دەبینیت هاوڕێ چۆن بە کۆرس دەمرین؟ دەبینیت؟

چ بێژم؟ نازانم چ بێژم؟

لەم مەنزڵە وێرانەی ژیاندا، لەنێو ئەم هەموو قومارچیە دۆڕاوانەی بازاڕی ناندا، ڕۆژ هەیە هێندە تیای شکاوم، گەر بۆتی باسکەم، دەپرسیت کە چۆن تا ئێستا ماوم. شەو هەیە هێندە تیایدا گریاوم، خۆیشم نازانم کە ئاخۆ چۆن لەنێویدا نەخنکاوم؟!

وا پێدەچێت من زەکاتی مەرگی بێهودەی عاشقان بم. من ڕێبواری نامرادی ڕێگەی ژان بم. تاوانە من دڵم شاد بێت. کوفرە بە لیوم خەندەی ژیان میوانی بێت.

بۆیە دەڵێم: "کێ هەژارە؟ کێ نەدارە؟"

زەکاتم هەیە ئێجگار زۆر؛ زەکاتی غەم، نەوەک پارە!

دەی کەواتە هاوڕێ وەرە و، با دەردی دڵ بۆ یەک بەیان بکەین. وەرە و با ئەو تۆزە عیشقەی لە سینەماندا هەیە، کێڵگەی ئەو دڵبەردە بێهەستانەی لێ تۆو بدەین، کە لە چرۆی ئەوینەوە دوورن. کە تریفەی شەوان ناناسن. کە سەرینەکانیان هەرگیز فرمێسکی ویژدانیان بەسەردا نەڕژاوە. کە لە عەزابی بێداریی هیچ شەوێکی بێئەستێرەدا نەگەوزیون.

وەرە و با جیاوازی چینەکان نەهێڵین. با چیمەنەکانی باخچەی مرۆڤایەتی لە یەک ئاستدا ببڕینەوە. با ببینە یاخییەکی ڕادیکاڵ لە عیشقداو، وەک ئەفسانەکەی **سیزیف** تا بەردی مەینەت نەگەیەنین بە ترۆپکی ئومێد، واز نەهێنین!

وەرەو با لە داخی قینی ڕۆژگار، با لەدەست جەوری بێکۆتاییی بنەماڵە و خێڵ و پادشای زۆردار، وەک دوو پەپوولەی لە عیشقی یەکدا زامدار، بە خۆشەویستیمان ژیان جوان کەین، "لە جێگای خوێن ، شەقامەکان بە گوڵ سوور کەین."

با لەم وڵاتەی مرۆڤایەتی تیایدا تۆپیوە، لەو نیشتمانەی وا مۆمیا کراوە ویژدان، بۆ شکۆفەی گوڵێک بگەڕێین کە ناوی

مرۆڤبوون بێت. تا تێر تێر بە هەناسەمان بۆنی بکەین ... دەی وەرە هاوڕێ! با ئاشت ببینەوە و دەست لە ملی یەکدی بکەین!

خۆشم دەوێن، ئەی ئەوانەی ڕقتان لێمە! بەزەییم پێتاندا دێتەوە، ئەی ئەوانەی کۆیلەن!

لە باش باشتر، لە چاک چاکتر بۆ ژیانتان ئارەزووومە ...

**پەشێو حەمەد ئەمین**

**زمستانی ٢٠١٨**

**هەولێر**

# بە هەزار دڵ خۆشم دەوێی

لە کوێستانی ئەوینەوە ... سڵاو،

نازانم لە شار لای ئێوە بارانە یان نا. بەڵام لێرە خۆش دەبارێت. هەوا بەستوویەتی و ئاسمان شێتانە دەگری. ئەوەتانی خۆم و سەگەکەم سەرتاپامان تەڕتەڕ بووە—تەڕ وەکو تەڕی چاوەکانت. ئەو چاوانەی مەگەر هەر خودا بزانێت چەندە گرفتاری خۆیان کردووم.

وا لەژێر سایەی شاخێکدا ئاگرێکی خۆشمان کردووەتەوە و، کز کز دەسووتێت، سووتانێک وەک سووتانی دڵم بۆ تۆ! مەڕەکانیشم لەو بەر بارانەدا وا شیر دەددنە بەرخەکانیان.

ئا، کەرەکەمم بیر چوو ... ئەومان لەگەڵ نییە و لەماڵەوە جێمان هێشتووە، چونکە تازە جاشکۆلەیەکی بووە تا بڵێی

جوانە. هەرچەند سەیری دەکەم، هەر لە تۆ دەچێت—جوانیەکەی دەڵێم، یارم.

ئەوەندەی خۆش دەوێم. هەر بەم بچووکیە کە هێشتان پشتی نەکردووە، هۆگری من بووە و پێی خۆشە سواری بم—بە هەڵە تێ مەگە، مەبەستم سەر پشتیەتی، خۆشەویستم!

ئەی کۆتا هەناسەم! دەزانیت چەند؟ هەزار جار قوربانت دەبم!

ئەو ڕۆژەی کە هاتبوویت بۆماڵی پوورە ئامینت لە لادێکەمان، لەنێو حەسارەکەی ماڵمانەوە دیار بوویت لێمەوە. ئا لەو ڕۆژەدا کەو خەجاڵەت بوو لە جوانی ڕەوتت، شەرمەزار بوو شۆڕە بی لە شنەی نازت. ئەوەی مەلای مزگەوتەکان هەموو جار دەڵێن لە بەهەشتدا زۆرن، من ئەو ڕۆژە ڕێک بە چاوەکانی خۆم بینیم.

سوارەی برا و هاوڕێم، دەیگوت: ”فەرە، ئەوە بۆیە وا جوانە، بە شامپۆ خۆی دەشوا.“ من لەبەر قوڕ پێوانی ڕۆژگار هیچ لە بارەی شامپۆوە فێر نەبووم، بەڵام لە خاویی زوڵفتدا تێدەگەم چ حەشرێک دەکات بە دڵی لاو—دوای ئەوەی حەمام دەکەیت. بەس توخوا ئەگەر بوویت بە هاوسەری من، کەم خۆت بشۆ. ئاخر دەڵێن، کچانی شار هەر جارێک حەمام دەکەن، سێ کاتژمێریان پێ دەچێت. دەی من سێ کاتژمێر بەبێ تۆ چی بکەم؟

ئێستا کە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم، دڵم تەنگە—ئێجگار زۆر. سینەم پڕپڕە لە ژان. تا دێت سیس و بێڕەنگ دەبم. لە داخی ئەو بزنەم کە نازانم بۆ کوێ چووە—هەر دەڵێی تۆیە ون بووە لێم—بۆیە بۆ دەنگی شمشاڵێک خەریکە وا شێت دەبم.

ئەمڕۆ لە کوێستان بە دیار کانیەکی ڕوونەوە وەستابووم، بە جۆرێک تیایدا قووڵ بووبوومەوە، ڕێک وێنەی تۆم تیادا دەبینی. ئا لەوێدا زانیم تا گیان خانەخوێی توانەوە نەبێت، تا دڵ نەبێت بە ئاو، ئیدی مەحاڵە یاریش پەیدا ببێت.

دە ئاخر دڵی گەنجە وەفادارەکانی لادێ، یا ڕەقن وەک بەرد، یا کە عاشق بوون ئەوەندە بە جوانی دەتوێنەوە، بەفر خەجاڵەت دەکەن لە ڕووی ئاودا.

ئەی بە ساقەی چاوەکانت، تۆ ئەی سوورە گوڵ. ئەی شکۆفەی خونچەی میهرەبانی! وا مەزانە منی برژاوی لادێ، منی قژ بە تۆزی قەراغی ڕێ، منی ڕاونراوی غەم، منی شوانکارەی نێو دەشت و چەم، دڵ نیە لە سینەمدا ، هەست نیە لە ڕۆحمدا.

نا، گیانم نا. کاتێک کە دڵ ئاوێتەی عیشق دەبێت، باکی نییە بە حاڵی ژین، لەوە ناپرسێتەوە تۆ چ کارەیت، گەدایت یاخود پادشا، لادێییت یا شارستان.

چونکە بۆ دڵێکی عاشق، تەنیا سینەیەک بەسە تا ئەوەندە وێرانی بکات، کە هەرگیز برینەکانی سارێژ نەبن، تا ئەو ڕۆژەی دەستی یار پێی دەگات و، وەک پەرستارێک دەرمانی گشت ژانێکی دەکات.

ئەزیزم! من باش لەوە تێدەگەم کە عاشق بوویت، دەبێت لە دەستی هیوای دڵدار پەنجەی غەم بقرتێنیت. دەبێت تاڵی سپی لەنێو پرچی ڕەشیا دانەدانە دەر بهێنیت. دەبێ بەختی بژار بکەیت. ئەوەی ڕەشە بیدەیتە دەست ڕەشە با و، سپیەکانیش وەکو نێرگز لە ئینجانەی چارەنووسیا دابچێنیت.

دەبێت لە قیبلەی ئەوینیدا هەموو شەوێک نوێژی وەفای بۆ بخوێنیت. لەنێو زیکری یادەکانیا بە شکۆوە ناوی بێنیت. دەبێت ئاسمانی لە بێژنگ بدەیت. ئەو ڕۆژانەی بەڵایان تێدا بوو، پایەی ژێریان بڕوخێنیت. هەر ئەستێرەیەک لە شەوانی دڵتەنگیدا شەوقی نەبوو، دایگریت و بیڕژێنیت. ئەگەر مانگیش بێمەیلیی نواند، وردی بکەیت و بیشکێنیت. دەبێت سەرینی لە ئاوریشم بۆ چێ بکەیت. ڕایەخی ژێریشی لە پەڕەی گوڵ. گەڵامێو کراسی بێ و، بیدووریەوە بە بەندی دڵ. دەبێت بە ڕێحانە بۆن خۆشی کەیت، بە باران بیشۆیتەوە. ئاوێنەی ژوورەکەی لە بەفر بێ و، بە باڵی پەپوولە تەمی سەر ڕووی بسڕیتەوە.

بۆیە ئەگەر من پێت بگەم، لە یەکەم شەوی بووکێنیتدا بە لێوی
هەنگ ماچت دەکەم، بە شنەی با دوگمەی سینەت دەترازێنم.
ورینگە لە گەرووی بولبول دەدزم و، بە چریکەی مەل بۆت
دەخوێنم. نەکا گۆنات بە گەستنم هەڵپرۆکێ، نەبادا گوێچکەت
بە دەنگی گڕ کپ و کەڕ بێ.

بەڵێ گیانم، باش دەزانم کە عاشق بوویت، دەبێت لە تاڤگەی
فرمێسکی چاو دەریای دڵت پڕ ئاو بکەیت. لە کەناریا بە
پێڵووی چاو کەشتی ئەوین دروست بکەیت. نەکا ڕۆژێک یار
پێت بڵێت: "ئارەزوومە بچمە کەنار" ، خەجاڵەت بی و نەتبێ
کەشتی و چەم و ڕووبار.

کە عاشق بوویت، تا شیرینی یار بێتەماڵت، دەبێت واز لە
خۆشی و شادی بێنیت، وەکوو فەرهاد تا قیامەت کێوی ئەوین
هەڵبکۆڵیت. گەر وانەکەیت، تاڵی بەشتە و، لە عیشقتدا هەرەس
دەێنیت.

سا جوانکیلەکەم، من حەز دەکەم کچە شاریەکم خۆش بوێت
کە هەمیشە لە ناخی دڵیەوە بانگم بکات: "لادێی گیان." نەک پێم
ڕابوێرێت. دەی بەڵێن بێت ئەوسا منیش هەر لەم لادێییەی
خۆمان کە "بارانی" ناوە، دڵم بۆی بکەم بە شارێ، شار چ
شار؟! هەرچی پایتەختی جوانی دنیا هەیە پێی نەگەن. وەک
تابلۆیەک لە دیواری دڵما هەڵیواسم، هەرچی نەقاشی گەردوون

هەن لە جوانیی نەگەن. شارێک دوور لە جەنجاڵی و خەمی ژیان. سادە و ساکار، وەک گێڕانەوەی حیکایەتەکانی خەجەی نەنکم. بێ وێستگەی شەمەندەفەر، بەبێ باڕخانە و شۆستە و ئۆتۆبان.

شارێک بە فەلسەفەی خەیاڵی شوان. پڕاو پڕ لە قاسپەی کەو، لە دەنگی بلوێری پیاوە ڕیشسپیەکانی ئاوایی. لێوانلێو لە هاژەی چەم و باران. ئاواتمە ئەو کچە شاریە تۆ بیت باوانەکەم.

شێت و حەیران و بێئارامم لە تاو عیشقت، سەودایی و پەرێشان و بێحاڵم بە بۆی زوولفت.

ئەی تاقانەترین شۆخی لادێکەی دلم، نازانم لە شار چەندشەممەیە، بەلام من لە مێژووی ئەم نامەیەمدا دەیکەم بە دوو شەم—شەممەیەکیان بۆ من و شەممەیەکیان بۆ تۆ، ئەی شەمی من!

**ماچئاوا**

**کوڕە شوان**

**ئاواییی باران**

# له شارەوە بۆ ئاوایی باران

سڵاو کاکەی شوان،

نامەکەت گەیشت، لادێیی گیان. لە شاریش بارانە، هەموو کەسم. بارانێکی ئەوەندە جوان کە ئاسمان شانازی بە ڕێژنەکانیەوە دەکات. گەڵاکان ئەوەندە پێی شادن، وا هەست دەکەیت هەرچی درەختی ئەم شارەیە لەژێریدا نووستوون.

لە ئەحواڵی خۆت و سەگ و مەڕ و بزنەکانت دەپرسم. خوازیارم کەرەکەیشت باش بێت، ئەزیزم.

نازانم چیت لە ناوی بێچووەکەی ناوە، وا بزانم ئێوە پێی دەڵێن جاشک. بەڵام حەز دەکەم ئیتر بە ناوی منەوە بانگی بکەیت،

چونکە بە ڕاستی کەرت کردووم بەو نامەیەت کەر—ئەوەتانێ
هەر لە سەرەتاوە هاتی و سواری دڵم بوویت.

کەری جوانی و سادەییتم. کەری عیشق و ڕاستگۆییەکەی
ناختم. کەری ژیانی لادێ و کوێستانی پڕ لە باختم.

بە سوارە بڵێ کە ئەویشم لا ئازیزە. سڵاوی منی پێ بگەیەنە
و، پێی بڵێ: ئەویش کەم قۆز نییە. سەرەتا کە نامەکەی تۆی
پێ گەیاندم، دڵم بە جۆرێ خورپەی کرد، وەک بیستنی
هەواڵێکی لەناکاو ڕاپچڵەکاندم. چونکە وام هەست دەکرد ئەو
نامەیە پەیامی خۆیەتی و، تۆنییت لەنێو وشەکانیدا.

ئەمە نا لەبەر ئەوەی کە سوارەم لا کەم بێت، بەڵکو لەبەر
ئەوەی کە بۆ یەکەم جار پێکەوە بینیمن، سەرەتا تۆ کەوتیە
دڵم. بەڵێ، بە جۆرێ کەوتیە دڵم وەک کەوتنە خوارەوەی
نەیزەکێک بۆنێو گۆمێکی مەنگ هەژاندمت.

بەڵام ئەگەر ئەم جارە هاتمەوە بۆ لادێکەتان، دەبێت لە
حەسارەکەی ماڵی باوکتدا دیدەنیم بکەیت، تا لە پێش چاوی
مەڕەکەنتدا هەزار ماچت بکەم. چونکە مەڕەکان نازانن بەدکار
بن؛ ئاژەڵەکان نازانن وەک مرۆڤەکان نێوانمان تێک بدەن.
ئەوان دنیایەکی ئێجگار جوانیان هەیە، چونکە هیچ لەبارەی
خیانەتەوە نازانن. وەک مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە نین،
کۆمەڵێک لەنێو ڤێللا بەرزەکانەوە لە ژیان بڕوانن و،

هەندێکیشیان نانی ڕۆژیان نەبێت بیخۆن. هەر هیچ نەبێت، ئەوان لە قەمێکدا ئاو دەخۆنەوە و، لە سەر یەک بژوێن دەلەوەڕێن. ئەوەی لە دنیاکەی ئەواندا بوونی نەبێت، جیاوازیی چینایەتی و ناهاوتاییی ژیانە. چونکە هەمووان بە یەکسانی دەژین و پلەی هیچ کامیان لەویتریان بەرزتر نییە. جیا لەمانەیش، وەک بیستوومە، هەمیشە بە دوای کەرێکدا ڕێ دەکەن کە هەرگیز بەو ڕێگایانەدا نایانبات کە بزانێت کۆتاییەکەی باش نابێت بۆیان. سەد خۆزگە ئێمەیش لە جێگای سەلیم خان، کەرێکی ئاوا سەردارو ڕێبەری ئەم نیشتمانەمان با.

ئەزیزم، ئەی هاودەمی دڵ، منیش ئەو ڕۆژەی لە ماڵی پوورە ئامینم بووم لە لادێکەتان، سروەی پوورزام هەر باسی تۆی دەکرد. دەیگوت: "تۆ زۆر دڵباشیت." دەیگوت: "بەیانیان زوو بەر لەوەی بڕوات بۆ کوێستان، دڵی نایەت خەبەری دایکی بکاتەوە." گوایە خوشکەکانت ماچ دەکەیت و، بە باوکت دەڵێیت: "تکایە تا دێمەوە، با مابن و سەلامەت بن."

دەیگوت: "بە بیانووی زۆریی گورگ و ترسی دڕەندەی هەوار، تفەنگەکەی باوکت لە شان دەکەیت و، لەگەڵ خۆتیدا دەیبەیت، نەکا تا دێیتەوە بە خوێنی خوشکێکت سوور بێت." چونکە لەم ڕۆژگارەدا مانەوەی ژن لەنێو هەناوی ئەم کلتورەدا ئێجگار تەنگە و، پیاوەکان پێی قەڵس دەبن. چونکە پیاوەکانی ئەم

نیشتمانەی من، ڕێک خەسڵەتی مێشەکانیان گرتووە. بۆیە وا دەڵێم، چونکە مێشەکان زوو شتیان بیر دەچێتەوە. دەی پیاوەکانیش هەر وان، لە یادیان چووە کە چەندە هەناسەی دایکیان تەنگ کردبوو و، بێڕەحمانە پێلەقەیان لە سکیان دەدان کە منداڵ بوون. بەڵام دایک هەر ئەو دایکەیە کە تا ئەو ڕۆژەی ماڵئاوایی لە ژیان دەکات، هەر بە ساقەی باڵایان دەبێت و خۆی دەکات بە قوربانیان .

گیانی من، ئارەزووی بینینت دەکەم، چونکە دەزانم تۆ لەو پیاوانە نییت کە وەک مێشەکان یادگەت ون کردبێت و، هیچ لە بارەی دنیا پەمەیییەکەی ژنانەوە نەزانیت. بۆیە هەفتەی داهاتوو لە زانکۆ چاوەڕێتم.

وەرە و با بتکەم بە شوانی دڵم. دە ئاخر بیرت دەکەم. بیری سەر سنگی ئاوێتە بووت بە تەپوتۆزی نێو ڕانەکانت. بیری پێڵاوە لاستیکەکەی پێت. بیری هەناسەی پڕ لە لرخەی شەوانت. بیری نان و چاییەکەی دەستی دایکت.

من بێزارم لە بۆنی شار، لە شێوەی ئەو هەموو پیاوە دەبەنگانەی دێن و، بەر لە من دەیان کچی تریان فریو داوە. هەر یەکەو بە جگەرەیەکی ئەستوور و شەپقەیەکی لارەوە سەدان کچیان لەنێو بەڵێنە درۆینەکانیاندا بە تەنیا جێ هێڵاوە.

وەرە و، با پێت بڵێم کە تۆ چ بەهارێکی بۆ فڕینی پەپوولەی ڕۆحم، ئەی ئازیزترین میوان. وەرە و، با بە ژیانم بڵێم کە تۆ هەیت لە نێویدا ، بەڵکو مردن شەق ببات لە داخان. دەی وەرەو فێری گرتنیان کە پەنجەکانم، وەک جەنگاوەرێک وێرانی بکە سەنگەری تەنیاییم!

لادێیی گیان، منیش خۆشم دەوێیت، هێندەی خۆشەویستیی کەر بۆ جۆ و، کانی بۆ ئاو. ئالوودەتم، وەک چۆلەکە بۆ فڕین و پەنجەرە بۆ هەتاو.

قسەم بۆ وتن و، ڕازم بۆ نووسین زۆرن، بەڵام چی بە تۆ بڵێم ئەی کاکەی شوان کە وشەکانم ناتوانن غەریبی ئێوارانی بێتۆییم بنووسنەوە.

دەی وەرە و با پێت بڵێم: قەزای گشت دەردێکت لە من، تەقەی دەرگای گشت مەرگێکت لە ڕۆحی من.

لێرەیش دووشەممەیە و، هەردوو شەمەکەیش بۆ تۆ، بە خۆیشمەوە.

**چاوەڕێتم!**

**نازەنین**

# چاوەڕێم بە، بەسەر باڵی هەورەوە دێم!

دێم وەک قەرەجێکی بێناونیشان تۆ دەکەم بە ناسنامە. وەک کوردێکی ڕاونراو تۆ دەکەم بە نیشتمان. وەک نیشتمانێکی بێئاڵایش، ملپێچەکەی تۆ لە سەر دڵم دەچەقێنم!

ئەگەر هاتم وەک دەمار دێم، تۆ دەکەم بە خوێن. وەک ترپە دێم تۆ دەکەم بە دڵ. وەک ژیان دێم تۆ دەکەم بە ڕۆح.

دێم دەزانیت لەکوێ؟ لە چواردەهەزار کیلۆمەتر لە قوڵایی لادێکەی دڵمدا دەتشارمەوە. تا کوڕە پانتۆڵ فشەکانی شار، شەپقەبەسەرەکانی دونیای هەزەلیات، جگەرەبەدەستەکانی سەر کوچەکانی ڕێیماڵی کچان، ئەوانەی هەمیشە وەکوو

سەگ بە گشت جوانییەک دەوەڕن، هەرگیزاو هەرگیز نەتدۆزنەوە.

دێم وەکوو گریانی گەشتیارێکی نامۆ بەسەر باڵی هەورێکی غەمگینەوە، بۆنی ئازیزانت بۆ دەهێنم. وەک نمە بارانێکی تەڕی پایزانە دەبمە میوانی گەڵای چاوەکانت، تا وەرینت دوا بخەم.

دێم وەکوو توانەوەی مۆمێک بە دیار قەسیدەی شاعیرێکی تەنیاوە، لە شەوانی دەیجوری ژوورەکەتدا دادەگیرسێم. وەک هەناسەیەکی گەرم لە شەوە ساردەکانتدا، بە کەمەری پەنجەکانتدا لوول دەخۆم. وەک هەتیوێکی برسیی، خۆم لە خەمەکانت تێر دەکەم.

وەکوو ماچ دێم و تۆ دەکەم بە لێو، دێم تا وەکوو یەکەم نۆبەرەی ئەوینت لەسەر شلکەی ڕانەکانت ژێرم بکەیتەوە.

وای ئەگەر دەزانیت دەتکەم بە چ نیشتمانێک؟ نیشتمانێک دوور بێت لە دەستی غەدر، خاڵیخاڵی بێت لە شۆستە و شەقام و کۆڵانەکانی جەور. نیشتمانێک نە بۆ فرۆشتن دەست بدات، نە ببێت بە پارووێکی چەور و هەر ڕۆژەی بە فەرمووی پاشاکەی بێگانەیەک قووتی بدات.

دێم دەبم بە گوڵ و، لە خەندەتدا چرۆ دەکەم. وەک کانی دێم و، بیابانی دڵت پڕ ئاو دەکەم.

ئەگەر هاتم خۆش‌خۆش دەبمە نۆتەی گۆرانییەکی عاشقانە لە گوێچکەدا. شل‌شل پرچەکانت دادەهێنم. وەک خەرمانە سنوور بۆ مانگی شێوەت دادەنێم، تا هیچ ئەستێرەیەک نەتوانێت لافی جوانیی خۆی لێبدات لە پاڵ تۆدا.

منیش فەرهادم، بەڵام سوارە بە "فەرە" بانگم دەکات. تۆش چۆن ئارەزوو دەکەیت، بەو جۆرە ناوم بێنە. ئەگەر سوارە لەبری من بڕوات بۆ کوێستان، ئەوا چوارشەممەی داهاتوو لەلات دەبم.

**چاوەڕێم بە کاتژمێر نۆ، کافێکەی زانکۆ.**

**سپاردەی دڵمت دەکەم ...ماڵئاوا**

**فەرهاد**

# دڵدارە هەرە ئازیزەکەم، چۆنیت؟

هەرچەندە دەزانم باش نییت. ئا پێم بڵێ چەندە دڵت شکاوە لێم؟ چەندە پەشیمان بووی لە هاتنت؟ یاخوا لاڵ بم، وەک ئەو پەپوولەی کە تا مردن قسەیەک بۆ گوڵ ناکات. وەک ئەو زەڕافەی کە ڕەنگە ڕێگای غەمەکانی هێندەی ملی درێژ بن، بەڵام زمانێکی بۆ گوتن نییە. وەک ئەو نابینایانەی کە هیچ لە بارەی وێنەکانەوە ناڵێن.

سەرەتا وام زانی نەهاتووی، گوتم ڕەنگە سوارە ناپیاویی لەگەڵتدا کردبێت و لە جێگات نەچوبێتە لای ڕانەکانت.

گیانی من، ئەی لە دەوری وەفا و بەڵێنت گەڕێم! من ئەمڕۆ بەوەم زانی کە چوارشەممە هاتووی بۆ بەردەمی زانکۆکەمان و، هەواڵی منت پرسیوە. بەڵام نەیانهێشتبوو بێیتە ژوورەوە.

گوتیان کە مەنجەڵێک ماستیشت بۆ هێنابووم تا لە کافێکەدا پێکەوە بیخۆین. من ڕێک کاتژمێر نۆ چاوەڕێت بووم. بەڵام هەزار داخ، هەر لەبەر ئەوەی سادەییت لەگەڵ خۆتدا هێنابوو، تەنیا لەبەر ئەوەی سیمات پڕ کردبوو لەو گەنجە قۆزانەی کە نایانەوێت دنیای مۆدێرنە ماکیاژی بوونیان بکات، هەر لەبەر ئەوەی بۆنی ڕاستەقینەی ژیانت لێ دەهات، نەبوو لە ملتدا بۆینباخێکی شۆڕو لە پیتدا پێڵاوێکی بریقەدار، لە دەستت کاتژمێرێکی گرانبەها وەک کاتژمێری دەستی کوڕەکانی سەرۆک کۆمار، هەر لەبەر ئەوەی نەبوو لە ژێرتا ماشێنێکی جوان، لە لێوانیشت خەندەی خۆشی و کامەرانی ژیان؛ پێیان گوتبوویت: "برۆ ئێرە جێگای تۆ نییە." دەک خەجاڵەت بن! یاخوا لە تاریکیی شەودا بمرن! ئەو هیچوپووچە بێمەعریفانەی ئاوا دەستیان نا بە ڕووتەوە.

دە ئاخر کەسەکەم چیت پێ بڵێم؟ ئەی باشترین لاوی گەردوون، من داخی ئەوە کوشتوومی کە بۆچی بۆ مامۆستایەک ئاساییە سەگەکەی بە پەتێکی شۆڕەوە بێنێت و لە هۆڵی وانەکاندا لەتەنیشت خوێندکارەکانیەوە لەسەر کورسیەک دابنێت. بەڵام بۆ گوندنشینێکی عاشق، کە سەد هۆکاری هەیە بۆ دابڕان لە خوێندنەکەی، ئاسایی نەبێت بێتە ژوورەوە و دیدەنیی خۆشەویستەکەی بکات؟

ئا ئەمەیە مەعریفەی شار دلّم، ئەمەیە ئاستی ڕۆشنبیریی خوێنەوارەکانی ئەم وڵاتە.

سا بینایی دیدەم، من لە هەوێنی ئەم ڕاستیانەوە هەڵقولاوم. ئەگینا چۆن لە یەکەم نامەتدا کاتێک کە سوارە پێی گەیاندم، جڵەوی خۆم دەدایە دەستت؟ بۆیە ئەگەر ئەمجارە هاتیت بڵێ: "من سەگێکم و عاشق بە وەفای کچێکم کە لێرە دەخوێنێت." ئەوسا کەس ڕێگات لێ ناگرێت، چونکە لە شاردا دەبێت بەهای خۆت لەدەست بدەیت، دەبێت هەزار ڕووپۆش ببەستیت تا بە یار دەگەیت.

لە بارودۆخی تۆ تێدەگەم. دەزانم سەختە بۆت هێندە لە ڕێی شاردا بێت و بچیت. بۆیە من هەوڵ دەدەم لەم پشووەی سەری ساڵەدا لەگەڵ دایک و باوکمدا خۆم بگەیەنمەوە لادێکەتان.

دێم، گیانم دێم. وەک بێرییەکی شەیدای نێو حەسار، ئەگەر ڕۆژەکەی باراناوی نەبێت، بە کراسێکی ڕەش و کەمەربەندێکی شلەوە لەسەر بانەکەی ماڵی کاک ئازاد و لەتەنیشت سروەی پوورە ئامینەوە لێت دەڕوانم. چونکە دەزانم بەدیار ڕوانینی تۆوە تامی گوڵەبەڕۆژەکان خۆشتر دەبن. شەربەتی پرتەقاڵەکان لەنێو پەراخە نایلۆنەکانی ئاواییدا چێژی زیاتریان دەبێ.

فەرهاد، دەزانیت ئەو دیمەنە زۆر جوان دەبێت کاتێک من لەسەر گوێسەبانەکانەوە وەک دڵخۆشترین کچی دنیا جۆلانێ بە قاچەکانم بکەم و، سروەیش لە دواوە پرچەکانم بۆ پەلکە بکات. تۆیش لە مەودایەکی تا ڕادەیەک دوورەوە، جارجارە سەرت هەڵبڕی و، وەک گەنجێکی لەخۆبایی شانازیی ئەوەت تیا دروست بێت کە کچێک هەیە و، عاشق بەو دنیا سادەیەت بووە. جا لە هەمووشی خۆشتر ئەوەیە دایکت لە ساتی دۆشینی مەڕەکاندا پێت بڵێ: "ئەیەڕۆ ئەو کچە بۆ وا بە سەرنجەوە لەو سەربانەی ماڵی ئامەوە لێمان دەڕوانێت، فەرهاد؟ ناکا عاشقی کوڕەکەی من بوبێت؟"

تۆیش بە فیزێکەوە بڵێیت: "دە وازی لێ بێنە دایە، با لە خۆی بایی نەبێت." بەڵام هەر ئەوەندەی دایکت سەری خستەوە نێوان قاچی مەڕەکان و دەستی کردەوە بە دۆشینیان. ئیتر تۆیش چاوەکانت بخەیتەوە سەر من و، چاو لە نیگام کەلا نەکەیت.

وای بۆ ئەو ڕۆژە دەبێت چەند دڵم خۆش بێت. خودا کەی بێت ... یاخوا قەت مەرگت نەبینم.

**خنکاوم لە قوڵایی عیشقتدا**

**نازەکەی خۆتم.**

# ئەی خەمە شیرینەکەم

بەس تۆ وەرە، لەبەرانبەر یەک تاڵی پرچتدا، نەک سەرم بۆ ڕێی پێشوازیت، بەڵکو نەوەد ساڵ سینگمت پێ دەبەخشم. بۆ یەک شەوی سەری باسکت، کەلەپچە لە پێی هەزار ڕۆژی خۆم دەبەستم.

دەی پێم بڵێ بە چیت بکەم؟ بە شیشەی دڵ یا دیدەی چاو؟ بە کام ڕەنگ بتخۆمەوە، سووریی شەراب یا شینیی ئاو؟

بەڵێ ئەو ڕۆژەی تۆ باسی دەکەیت، نەک هەر تامی گوڵەبەڕۆژە و، شەربەتی نێو پەرداخە نایلۆنەکان خۆشتر دەبن، بەڵکو شنەی بای نێو دارەکانیش شانازی بە کزەی خۆیانەوە دەکەن؛ چونکە پرچەکانی تۆ دەکەن بە مەنزڵ. تەنانەت سەکۆی سەر مزگەوتەکەی ئاواییش پڕ دەبێت لەو

پیره پیاوه دڵتەڕانەی کە بە هۆی تووە خەیاڵەکانیان دەیانباتەوە بۆ ئەو شوێنەی هێشتان دەستەکانیان بە گۆچانەکان ئاشنا نەبووبوون. کە هێشتان پشتیان بەو ڕادە نەچەمیبوو تا بۆ هەڵسانێکیان چەند جارێک تین بدەنە خۆیان و، ئەژنۆکانیان ئاوا بناڵن لەژێر گرانیی باری لەشیان.

وە کاتژمێری نێو باخەڵی کەواکانیشیان ئەوەندە بێزار نەبووبوون لە ژماردنی ئەو هەموو کاتانەی مەینەت. بەڵام ئێستا نەک مامە پیرەکان، بەڵکو چرکەکانی خۆیشیان لێیان وەڕەس بوون.

چونکە هەریەکەیان دەڕۆن بۆ ئەو دنیایەی-کە وەک ئێستای من بۆ تۆ-سەد جار لەنێویدا خۆیان قوربانی مەعشوقەکانیان کردووە. جا تیایاندا هەیە ئەوەندە جوان دەگرین کە مرۆڤ هەر حەز دەکات بڕوات بۆ لایان و، هەرچیەکیان لە دڵدایە پێیان هەڵبڕێژێت. چونکە گریانەکان ئەوەندە لە دڵدا قورسن، ئەگەر جارجارە نەیانڕێژیت، ڕەنگە سەرەنجام هێندە بار بن بە سەرتەوە کە هێزی ڕۆیشتنت تیا نەهێڵن.

دڵ تەنگ مەبە نازەکەی خۆم. بەڵێ، تۆ نازەکەی خۆمیت— ئەوەی ناوخوێنم.

فریشتەکەم، ئەی داگیرکەری ڕۆح و دڵم. من و شار دەمێکە لێک دابڕاوین. من و ئەو بێحورمەتیەی بە زانکۆکان دەکرێت، زەمەنێکە دوژمنی یەکین.

ڕێک شەش ساڵ لەمەوبەر، لە قۆناغی سێی ئەدەبیاتی کوردیدا دەمخوێند. لە ساڵڕۆژی تیرۆرکردنی هاوڕێیەکی ڕۆژنامەنووسمدا کە "جوانڕۆ"ی ناو بوو–هاوڕێیەک هێندەی یەک برا باش، وێنەی هەزار باغ لە جوانی، یاخی بە وێنەی کوڕەکانی سپارتا لە کۆیلە بوون. ئەوسا پێکەوە هەفتەنامەی ئەوینمان بەڕێوە دەبرد،–ویستم لەپاڵ دار سنەوبەرەکەی نزیک کافێکەدا یادێک لە گەورەییی ئەو مەردە بگێڕم و، ئەم شیعرەم بۆ ئازادی گوت:

لۆمەم مەکە، سوێند بە ناوت

وەک جگەرەکەی دەستی ***گیڤارای*** مەزن

بۆ عیشقی تۆ داگیرساوم

ببینە پەنجەکانی پێم گشت هەڵوەرین

هێندە بە پەیژەی باڵاتا هەڵگەڕاوم،

ئەی ئازادی!

سەیر بکە،

پەراسووی گشت شۆستەکانم شکاندووە

چی پێڵاوی مارکە هەیە، لە پێم دڕاندوومە

هێندە ڕێگای ژووانی تۆم تەی کردووە

دە ئاخر ئەم سەگانە،

وای لە دەست ئەم سەگانە!

تەنیا بۆ وەی بە تۆ نەگەم

ڕۆحیان لە بەر ڕێگاش دەرکردووە

ئەوەتانێ ئێستا سەگەکان فێرن،

دێن بۆن بە سکی ژنانی دوو گیانەوە دەکەن

گەر زانییان تۆ لە نێویای،

بە کەڵبەی تیژی خیانەتیان لە باریان دەبەن

ئەی ئازادی!

بەڵێ ئێستاکە فێرن

لە جێگای ئەژنۆی مرۆڤ،

ئەژنۆی شەقامەکان دەشکێنن،

بۆ ئەوەی پەپوولەی ئازادی نەدا لە شەقەی باڵ،

پایەی ئاسمانەکان دەڕوخێنن

دێن بۆن بە وشە و،

بۆن بە بیر و خەیاڵمانەوە دەکەن،

گەر تۆی تیا بی،

بە پەتی شۆڕی ستەم لە دارت دەدەن

ئەی ئازادی! چۆن پێت بگەم؟!

سەرم گێژی خەیاڵێکە و،

وەک هەوێنی گەردەلوولم،

بێچوی کەروێشکی بێلانەم و،

لەنێو بێشەی گورگەلوولم

بمبورە ئازیز، توخوا بمبورە!

ئەم سەگانە ڕێگە نادەن بە تۆ بگەم،

ڕێگە نادەن تاریکیی دەست لە ملی هیوام بکاتەوە،

دێن ...

وەک مەرگ بە ژیانم دەوەڕن و ناهێڵن ... نا،

چرای کۆنی خێڵسالاری و،

بیری داڕزاوی ئیمپریالیزم

لە شەوگاری نیشتمانم بکوژێتەوە

تۆ لە لووتکە و، من کیسەڵی بیابانم

تۆ گەڕیدەی شۆستەکان و،

من پێوەندلەپێی نێو زیندانم،

دە ئاخر چۆن پێت بگەم، ئەی ئازادی!

کە بۆ خۆی "تاریکستانی"ناوە

نیشتمانم!

ئەوەتانێ ئەم سەگانە،

وا خەریکن بە ئاسمانی خوداش دەوەڕن

تا بارانی کۆیلەبوون داباڕێنێ

نەکا کانیاوی بیری تێکۆشانمان

ڕۆژێ بژییێتەوە و، بیانخنکێنێ

وای لە دەست ئەم سەگانە!

ئەم سەگی سەگبابانە!

بەڵێ نازەنینم، دوای ئەوەی ئەم شیعرەم خوێندەوە، ڕۆژی دواتر پیاوە سەرکزەکانی سەلیم خان-خادم و پارێزەرەکانی کۆشکی سەڵتەنەت، کۆیلە هیچ لەباردانەبووەکانی ڕێبازی سەخافەت، جرجە قەڵەوە پیسەکانی نێو زێرابی مێژوو-لە زانکۆ وەدەریان نام.

بۆیە ئیتر بڕیارم دا بگەڕێمەوە بۆ ئاوایی باران و، لەو ژیانە سادە و ساکارەدا ڕادیکاڵیەتی خۆم زین بکەم. تا لە چەمینەوە و ژەهراویکردنی نانی ڕسوایی خاڵی بم. تا ئەو ڕۆژەی

فرسەتێک دێتە پێشەوە و، هەمووان لەو ڕاستیە تێدەگەن کە چ شەرمێکە ژیان لە سایەی ئەم دەسەڵاتە بێباکەی زیاتر لە نیو سەدەیە بێحورمەتی نەماوە بە گەلی نەکەن. ناشرینی نەماوە لە سەر ڕووی خۆیان پیشانی نەدەن.

دە ئاخر زانکۆ چ بەهایەکی هەیە کاتێک مامۆستایەک بە کۆڵی شەهادەوە بێت و، حیزی حیزب بێ و، شەڕ بۆ مانەوەی ستەمکاری بکات؟

ئەوە چ زانکۆیەکە کە زۆربەی خوێندەوارەکانی بەو بیرە گۆش کرابن، باکیان نەبێت بە ڕشتنی خوێنی براکانیان، نەبینن گەل لە چ نەهامەتییەکدا دەژی، دنیا بینییان ئەوەندە کورت بێت کە نەگات بە نیوەی درێژیی بۆینباخەکەی ملیان؟ بە ڕاستی من شەرم دەکەم لەو فێرگەیە.

دەزانم بۆ خۆیشت درکت پێی کردووە کە بۆچی لە یەکەم نامەدا گێلانە خۆم نمایش کرد؟ سەبارەت بەوەی کە بۆم نووسیت، هیچ لە بارەی شامپۆوە نازانم، یان بێئاگام لەوەی لە شار چەند شەممەیە.

هەموو ئەم ئاماژانەم بۆ ئەوە بوون تا بزانم دنیای مۆدێرنە چەند فریوی داویت. ئایا تۆش وەک کچە لووت بەرزەکانی شار، کەوتوویتەتە ژێر دەستی بازاڕی مۆدێل و هەڵپەی

ڕۆژگار؟ ئایا ناشرینییەکانی ئەم سەردەمە تۆیشیان وێڵی جوانی کردووە؟

بەڵام نا ... گیانم هەزار جار نا.

تۆ ئەو شۆخەی لە سکی جوانیدا لە دایک بوویت. زیاتر لەوەی چاوەڕێ بووم، بوویت بە دۆستم—دۆستی بیر، دۆستی دڵ و، دۆستی ڕوئیام.

زیاتر لە زۆر داگیرت کردم. بۆیە هەمیشە ئەوەت بیر نەچێت کە پێم وتیت:

"دێم وەک قەرەجێکی بێناونیشان تۆ دەکەم بە ناسنامە. وەک کوردێکی ڕاونراو تۆ دەکەم بە نیشتمان. وەک نیشتمانێکی بێئاڵایش، ملپێچەکەی تۆ لە سەر دڵم دەچەقێنم." چونکە شایەنی ئەوەی بەو جۆرە بۆت بێم.

ئەی باشترین دزی لای چەپی سینەم! بەمرۆوە مانگێک و شەش ڕۆژی ماوە بۆ سەری ساڵ، تا دێیت با نامەکانت هەمیشە لە ڕێگا بن. من هەر ڕۆژێک کە سوارە بێت بۆ شار، وشەکانی سەر دیواری دڵمت بۆ دەهۆنمەوە و دەیاننێرم تا لە حزورتدا بە جۆرێک چۆک دابدەن، لە جێی ئەژنۆیان چوارسەدوحەفتا مەتر زەوی چاڵ بکەن. تۆیش لە چپەی

لێوەکانت بە گوێچکەی پێنووسەکەتدا خۆت لاڵ مەکە و، وەڵامی نامەکانم بۆ بگێڕەوە.

بەڵام کراسە ڕەشەکەت بیر نەچێت، من لە ئێستاوە تا دەگەیت، لەسەر بانەکەی ماڵی پوورە ئامینت دەڕوانم ... بەڵێ لەخۆباییيشم، چونکە ئەوەی من هەمە کەسانێکی دی نییانە لە دڵ.

**تەڕی لێوەکانت لە ماچ دەگرم.**

**فەرە لادێیی**

# کاکەی شوانم ... سا ئازیزترینم،

ئەم نامەیەتم گەلێ لەلا جوان بوو، چونکە تێیدا شکۆی بەرزت گەیشتووەتە تەشقی ئاسمان. ئەی جوان بە قەد یەک ملیۆن مرۆڤ! ئەی بێنازتر لەبری پەناهەندەی هەموو جیهان!

لەبارەی وەدەرنانت لە خوێندن، پڕ بە شارێک دڵتەنگ بووم. بەڵام خەم مەخۆ باشترینەکەی دڵم، چونکە ئێمەیش لێرە پەژموردەین، وەک گوڵێکی تاقانەی زەرد ژاکاوی نێو بیابانێکی بێناز، تینوی ئاوی ئازادیی چوارسەد سەدەین.

خەم مەخۆ فەرەکەی ناو گشت هەناسەیەکی خەمینم. ئەی دڵە گەورەکەی نێو ئاسمانی پڕ ئەوینم.

گوێ بگرە، پیاو! ئەی مەردی گەردوون! دەستەکانی منیش وەک تۆ فێر نین چەپڵە بۆ بێشەرەفەکان لێبدەن. هەرگیز ناچن بۆ مەیدانێک کە قاحبەکانی نێو سیاسەتی ئەمڕۆ لە نێویدا هاوار بکەن.

لێبگەڕێ با ئەوان لە سەر ئەم شانۆ شەرمنەی ژیاندا دوایین پەردە لەسەر ڕووڕەشیی خۆیان هەڵبماڵن. لێبگەڕێ با ئەم هەموو سووکە گەردەلوولی نەفرەت ڕاویان بنێت. دە ئاخر گەر ئەوان نەبن، ئێمە تفی قینمان لە ڕووی کێ هەڵبسووین؟ لە پەراوێزی مێژووماندا خیانەتی کێ بنووسینەوە؟

ئاخر چۆن شارەکان تێبگەیەنین کە ئێمە نەمانفرۆشتن؟ ئەی سنوورەکان بە کێ بڵێین: "دەک شەرمەزار بن کە ئاوا جێتان هێشتین و، سەرشۆڕتان کردین لە ژێر پۆستاڵی ڕەشی دوژمن"؟

نا ئەزیزم خەم مەخۆ، چونکە ئێمە ئەهلی گۆرانیی باو و ئاوازی پەنجەکانی بارانین. ئەهلی نێو گریانی کۆنسێرتەکانی ئەحمەد کایا و، ناڵەی هەناوی عوودەکەی دەستی مەردانین.

هەر تۆ غەریب نییت لە لادێ، بەخوا ئێمەیش غەریبین لە شار. غەریبین چونکە غیرەتمان لە جیناتەکان هەڵگرتووە، دەیان ساڵە کەرامەتمان لە شاخەکان پاراستووە.

وەک باوکم هەموو جار دەڵێت: "ئێمە بەرانێکی یاخیین و، تەسلیم نابین بەو گورگە حیزانەی وا ئەورۆکە شاریان قڕ کردووە."

من ئەمساڵ لە کۆتا قۆناغی کۆلێژی پزیشکیم، دەمەوێت ئەوەت پێ بڵێم کە وابەستەبوونی من بە زانکۆوە، پەیوەستە بەو دەردەی شنەی خوشکمی لێ بردم. چونکە هەمیشە پێی دەوتم: "نازە کەی دەبیت بە دکتۆرێکی باش و، چارەی زامم دەکەیت؟ تا کەی من لەژێر عەزابی ئەم ژانەدا بتلێمەوە؟"

کە دەمبینی ڕۆژانە پرچەکانی وەک گەڵای پاییز دەوەرین، لێوەکانی وەک بیابان وشک دەبوون، تا دەهات جلەکانی بە بەری گەورە دەبوون، لە دڵی خۆمدا دەمگوت: "دەبێت دکتۆرەکان تیایاندا بێت کە ئازیزێکیان وەکوو من گیرۆدەی ئەم ژانە بێت؟ تۆ بڵێیت وەکوو من هەست بە دڵتەنگی و ئازاری ناکۆتایی نەخۆشەکانیان بکەن ؟"

دەک لاڵ بم بۆی. کۆتا ڕۆژەکانی ژیانی هێندە بێڕەنگ بووبوو، دەتگوت چۆلەکەیەکی نەخۆشە کە لەنێو ئەم ئاسمانە پان و بەرینەدا هیوایەکی نەبێت بۆ فڕین.

سپێدەیەک کە خۆی نەیدەزانی ڕۆژی لەدایکبوونیەتی، لەگەڵ دایک و باوکمدا خۆمان ئامادە کردبوو یادێک لە ساڵڕۆژی بوونیدا بگێڕین. پێکەوە هەموومان چووین بۆ ژوورەکەی. جا

زۆری حەز بە ورینگەی بولبول بوو، چونکە لای وا بوو ئەو شین و زاریەی ئەو دەیکات لە گۆشەی ژوورەکەیدا، تەنیا بولبولەکانن لێی تێدەگات لە قەفەسدا. بۆیە باوکم چوو لە بازاڕی مەلفرۆشان بولبولێکی بۆ هێنا و لە ژوور سەریەوە داینا.

بانگی کرد: "شنە جوانەکەم، هەستە بزانە چیم بۆ هێناویت؟" بەڵام ئەو وەک زویربوونی منداڵێک، سەری خستبووە ژێر لێفەکەیەوە و هیچ وەڵامی نەبوو.

وای باوکم چەندە خۆش بانگی دەکرد!

دە هەستە کچە شیرینەکەم. مەگەر تۆ نازانیت من حەزم بەم جۆرە گاڵتانە نییە؟ لەو کاتەدا سەریم هەڵدایەوە و گوتم: "شنەکەی من؟" بەڵام داخ و هەزار داخ ... شنە بۆ هەمیشە چاوەکانی لێک نابوون. ئەو چاوانەی ڕۆژێک نەمدین بە ئومێدەوە ڕەشیان بکات. تەنیا شەوێک نەمبینین لە گریاندا تەڕ نەبن. وەک تەڕبوونی گیانی تۆ و سەگەکەت، لەژێر بارانی یەکەم نامەتدا. یادتە؟

دایکم کە ئاوا بینیی، لە هۆش خۆی چوو، چونکە نەیتوانی بەرگەی لاشەی سارد و سڕی کچەکەی بگرێت کە تا هەتایە جێی دەهێڵێت.

وای فەرهاد، چەندە بە ئازارە ئەو ڕۆیشتنانەی ماڵئاواییان بیردەچێت، چەندە سەختە بەبێ ئەوەی لە باوەش بگیردرێیت لە تەنیاییدا بمریت. چ عەزابێکە خودایە کە بەبێ دوایین ماچی ئازیزانت بتنێژن!

بە دیاریەوە دەستەکانم دەلەرزین. ئەژنۆکانم شەکەتشەکەت بوون. بینیم نامەیەک لەنێو مشتیدا لوولدرابوو. دڵم خۆش بوو بەوەی ڕەنگە ئەوە کۆتا پەیامی بێت کە بۆمانی جێ هێشتبێت. دوای ئەوەی بە خاکمان سپارد، کە هاتینەوە باوکم گوتی: "نازە گیان، ئۆقرەم لێ بڕاوە، بزانە شنە چ گلەییینامەیەکی بۆ نووسیوین." نامەکەم هێناو بە قوڵپی گریانەوە خوێندمەوە ...

## تۆ لەکوێیت، ئازیز؟

### تۆ لەکوێیت، ئازیز؟

وا نەزانیت بە دابەزینی کێشت، قورساییت لەنێو دڵمدا کەم بووەتەوە، گیانم. یا بترسیت لەوەی بە وەرینی تاڵەکانی پرچت، چیتر شانەی پەنجەکانم بە سەرتدا نایەن.

لێوەکانت بێ سووراویش هەر ئاڵن لای من. گەر وشکیش بن، تامەزرۆی گەستنیان هەر دەکەم خۆ ...

لە پووکانەوەی مەمکەکانت بێهەواڵ نیم ... ئەگەر من عاشقی ڕۆحت بم، لەگەڵ تەختیی سینەتدا ڕادێم. وەک چۆن ڕاهاتووم لەوەی دوو مانگە بەیانیباشێکم لێ نەبیستوویت. بەڵام چۆن ڕاهاتنێک؟! با ئەوەیان بێتۆییم وەڵام بداتەوە. دە ئاخر هەندێک وەڵام هەن قسەی دڵیان دەوێت، نەک زار، گیانم.

سا کزەی جەرگم، شەرم مەکە لە زەردبوونی پێڵوی چاوەکانت. ئەگەر بزانیت خۆر لە زەردەپەڕدا چەندە جوانە، شانازییان پێوە دەکەیت. دە هەستەوە نیگام بۆ بکە، ئەی یاری عەییارم!

دەی مەهێڵە ژیان تۆڵەی خەندەکانت لێ بکاتەوە. ڕێگە مەدە ڕێگاکانی گەیشتنمان بە یەک مەرگ کۆتاییەکەی بێت. با دڵخۆشیەکانی ڕابردوومان کفنی سپی داینەپۆشێت، گوێت لێیە چیت پێ دەڵێم؟

کوانێ ئەو کچەی لە ئاهەنگی دەرچوونی زانکۆکەیدا جوانترین چۆپی دەکێشا و، بە لەرزینی کەمەر بەندەکەی ڕۆحی دەهەژاندم؟

ئەو لێوە ئالانەت، وای لە لێوەکانت چەندە خەندەکان تێیاندا جوان بوون! ئا، ئێستاکە دەبێت لە نێو تامیسکی چ ئاخێکدا وشک بووبن، هاوار بە مالّم؟

دەی  لە کوێیە ئەو دلبەرەی وەک قوماربازێکی میهرەبان دەهات و هەرچی خەم هەبوون لێی دەبردمەوە و شادیەکانی پێ دەدۆڕاندم؟ ئەی ئێستا بۆ جوولەیەکی نییە؟ بۆ نایبینم؟ ـ تۆ لەکوێیت، ئازیز؟

ئا پێم بڵێ ئەمە چ دەردێکە وا کردوویتی بە پەیکەر؟ چ عەزابێکە وا باوەشی لێ گرتوویت؟

شیعرەکەی مەولانات بیر ماوە:

"دەرمانی برینەکانم ، قەراخی لێوەکانتە

ماچم ناوێت، قسەم بۆ بکە"؟

دەی قسەم بۆ بکە، کێ زیزی کردوویت؟ دە ئاخر کراسەکانت بیری بالاکەت دەکەن، شنەی بێنازم. ئێستا هەر یەکەو حیکایەتی ژووانێکت بۆ یەکدی دەگێڕنەوە. ئاوێنەکەت، بیری بەیانیباشەکانت دەکات. ئەو بۆنەی بە سپێداندا لە لاملی جوانیت دەدا، ئێستا ئەو یادی بۆنت دەکات.

ئەها، ببینە پێڵاوەکانت بەبێ نازی لەنجەت چەند نامۆن، وەک دوو منداڵی هەتیو دەستیان خستۆتە ملی یەکەوە و، بۆ گەڕانەوەت هەمیشە دەگرین. تۆ لەکوێیت ئازیز، تۆ لە کوێیت؟

چاوەکانم، بەسیە غوربەت، بێرەوە

چۆن بژیم ئاخر عەزیزم،

تۆ لەوێ و، من لێرەوە ...

یادتە ئەو گۆرانیەی هەموو جارێ بۆم دەوتیت؟ دەی پێم بڵێ، چۆن بژیم ئاخر عەزیزم—تۆ لەوێ و، من لێرەوە؟ ئەوەتانێ سەدای ناڵەکانت وەک چەقۆ گیانم دەبڕن. زیاتر لە هەورێکی شێت دەچن، دیدەکانم هێندە گریاون.

وای کە تاڵە ژیانم، دوای ونبوونی نیگا شیرینەکانت!

بە گیانی خۆت! لە ڕوانینت یەک دنیا نائومێدم، یەک دنیای تریش پڕم لە ژان—ئەمە دوو دنیا. بەڵام لەو دنیایەی کە تۆی تیا نییت، من جگە لە هیچێکی گەورە، هیچی تر نیم.

وای کە سەختە مرۆڤ بیت و، لە ژیاندا هەست بە هیچی و بێنرخیی خۆت بکەیت. تۆ ئەمە دەزانیت؟ نا، نایزانیت ... ئەگەر زانیبات، ڕووت وەردەگێڕا و پێت دەگوتم، ئەوەتا لێرەم!

لێرەبوونێک، وەک بوونت لەنێو خوێنما، لەنێو دڵ و هەست و کانگای ڕۆحما.

بەڵام ئەی چاوەکانم چی، ئازیز؟ کوانێ بۆ نایەیتە نێو پێڵوەکانم؟

ئەی شۆخترین کیژی سەدە! سەیر بکە چۆن سڕ بووم لەنێو نیگای پڕ عەزابت. ببینە چەند بە نەرمی توامەوە لەنێو گڕی لەنجەی نازت.

بەڵام هەرگیز نەکەی بڵێیت، زوو بێزار بووی لە پەرستگای خۆشەویستم، ئەی حەزرەتی شۆخ. چون خولانەوەم ئاییینمە لە دەوری شێوەی مانگت.

دە ئاخر گەر بولبول نەگری و، تریفە نەتوێتەوە، بەسەر کێدا ناز بکات، گوڵ؟ ئەگەر کێو نەڕمێت و، شەختە نەبێت بە ئاو، چۆن دروست بێت گۆزە لە گڵ.

ئەگەر بارانی چاوەکانم شەکەت نەکەم بە خوێن ڕشتن، وەرزی ڕەشی چارەنووسم هیلاک نەکەم بە دڵ کوشتن، تۆی پەپوولە چۆن دەهاتیت، ئەی بووکی خەیاڵی گۆڕی هەستم؟

ئەگەر ڕەنگی زەردی سیمام نەبێت لە تاو دووریت، ڕۆژی جوانیت لە کام ئاوێنەدا خۆی بنوێنێت؟ گەر بەختی ڕەشم

نەپۆشێت بەرگی ماتەم، ورشەی ئەستێرەی چاوەکانت لە کام شەودا سەر دەربێنێت؟

گەرچی سەرم سپیی نێو کێڵگەی هەژاریە و، دڵیشم ئەنگاوتەی تیرەکەی دڵداریە. بەڵام ئەی بەرخۆلە ڕەنگ سپیەکەی نێو پاوانی چارەنووسی ڕەشم، چونکە بۆ تۆیە تێکۆشانم، بە مردوییش هەر دەڕۆم و، ماندوو نابم لەم ڕێگەیە.

ئەوەتانێ هێندە بە جوانی دڵم دەشکێت، ئەوەندە ئارام چاوم دەڕوێت، لێمگەڕێ توخوا با هەر وا بم. گەر تۆ نەدەی ئازاری گیانم، چۆن بکێشم تابلۆی عیشقی نامرادم.

توخوا گوڵم، ئەگەر ئەم جارە ڕەشت کردن چاوەکانت، پێم بڵێ تا بەختی خۆمت بۆ بنێرم. نەکا ڕەشەبای وەرزی نەهات، ڕابماڵێ کەلای نیگات.

ئەگەر ئەم جارە لەنجەکانتت هەڵگرت بەرەو ڕێگای ژووان، خۆت بخەرە کەشتیی ڕۆحمەوە. نەکا زەمین لە تاو جوانیت بتوێتەوە و، ئاو هەڵبقوڵێت لە ناخی بەرد.

بە شایەت بە من ئەو کەسەم:

پێنووسەکەم دەخنکێنم، ئەگەر هاتوو وشەکانی بێ شەپۆل بوون لە وەسفی دەریای چاوتا. ئەو هەڵبەستەیش دەسوتێنم،

ئەگەر هاتوو ڕستەکانی چەپک چەپک نەبوون بە هەدیەی دلداری بەسەر تاڵ بە تاڵی پەلکەی شۆڕتا—پەلکەی ئەو پرچانەی کە هێشتا لە خەیاڵی مندا نەوەریون.

دە توخوا شتێک بڵێ، بۆ نموونە بڵێ: نامرم. بڵێ کە ئەمە خەونێکە و هیچی تر. پێم بڵێ کە ئەم بێدەنگیەت شێوازێکی تازەی یاریی نێوان عاشقەکانە.

دەی بڵێ کە بریندارم، بەڵام توانای ڕۆیشتنم هەر ماوە. تا منیش وەک ئاسکێکی پێبەخوێن بە سەر زۆزانی ئەم دڵە بێحەواسەمدا بتبەمەوە بۆ هەموو ئەو شوێنانەی کە دوو مانگە تۆی لێ نییت و تەنیایی خۆمیان تیا دەنێژم.

شنە، شنەی دڵپاکم!

دەی بڵێ کە مردن هەرگیز ئەو پیاوە نییە جێگای منت بۆ بگرێتەوە. چونکە ئەگەر مردن پیاو با، تەنیا خەندەیەکی پێ ڕەوا دەبینێت. بە لایەنی کەمەوە مۆڵەتی ماڵئاواییەکی پێ دەدایت کە لە من و دایک و باوک و نازەنینی خوشکتی بکەیت.

ئارەزووی مانت دەکەم. مەمرە کزەی جەرگم، مەمرە. تکایە با مردن لە تۆدا بمرێت، ئەی گیانی من!

دەی ڕووت وەلا بکە باوانم، تا پێت بڵێم ئەگەر مردن بەڵێنی هەر شوێنێکی پێداویت، درۆ دەکات، ڕێک وەکوو سەگ، تەنانەت ئەگەر بەهەشتیش بێت. چونکە تا من مابم، هەرگیز ناتوانێت لە ڕۆح و دڵ و خوێنما دەرت بکات.

لەتلەتم بۆت

دڵبەزامەکەی خۆتم

بەڵێ فەرهاد گیان، وابەستەبوونی من بە زانکۆوە تەنیا بۆ ئەوەیە ببمە دکتۆرێکی باش. کە شنەی خوشکم هیوای بۆ دەخواست. تا بە لایەنی کەمەوە بتوانم لەنێو ئەم هەموو دەردەدارانەی دەستی شێرپەنجەدا ببمە دۆستی ناڵە و ئازارەکانی تەنیا نەخۆشێک کە پتر لە ژیان، هیوا بۆ ئەوە دەخوازن کەسێک هەبێت و لە ئازارەکانیان تێبگات. یان ئەگەر خوا یار بێت، بتوانم یارێک بۆ ئەویندارەکەی بگێڕمەوە.

خۆم بۆ شەوت بە بووک دەبەم ...

نازەنین

# چەند خراپە باشیم، لە بێتۆییدا!

ئەی بێویژدان، چۆن توانیت ئاوا لە فرمێسکدا نوقمم بکەیت؟ بە چ یاسایەک بەبێ مۆڵەت دەرگای چاوەکانمت والآ کرد و، ئەو هەموو گریانەت تێیاندا هەڵڕژاند؟ وات کرد لەسەر بەرزترین لووتکەدا بە خۆم و گشت مەڕەکانمەوە، تەنانەت سەگ و کەرەکەیشم بکەوینە سەر چۆک، تا زیاتر لە خودا نزیک بینەوە و، تکای شادبوونی ڕۆحی شنە و، ئارامیی دڵبەزامەکەیی لێ بکەین.

ئاخۆ دەبێت ئەو کاکەیە، دوای لەدەستدانی شنەکەی سپێدەی دڵی، چەند جار بەو گۆرانیەی عەلی مەردان توابێتەوە کە دەڵێت:

کە چاو دەگێڕم تۆ نیت لە دەورم

لێلاییم دادێ ژیان تاڵە لێم

مەوجی دەریا بوو توند و بە تاو بوو؟

یا کڵپەی ئاگر ئەم زامەی کرد لێم؟

ڕەنجی بێوارم بەندی جگەرم

داد بۆ کێ بەرم، کێ تۆی ون کرد لێم؟

پێکەنینەکەو دەنگە ناسکەکەو

سروەی هەناسەت بۆ نایە لە گوێم؟

دۆستە باشەکەم، نازەنینم ... من لە بێنرخیی ئەم ژیانە سەر دەرناکەم، خەریکە لە نێویدا وەک ژن دوو گیان دەبم. ئەو بە منداڵ ومنیش بە غەم. تۆ بڵێیت ئەم سکەی منیش هەر نۆ مانگ بێت و تەواو؟ تۆ بڵێیت؟

خەریکە وەک چیاکان دەتەقمەوە و، وەک دەریاکان گڕ دەگرم. چونکە لە نیشتمانێکدا دەژیین زۆرتر لە بۆیاخچیەک دەچێ تا

دایک. خۆ جگە لە ڕەنگکردنی تاڵەکانی قژمان بە بۆیەیەکی سپی، کاریکی تری نییە.

نازانم ئەم هەموو خەمە چییە دەیخۆین؟ هەر بە ڕاستی نازانم! ئێمە نان دەخۆین تا تێر بین، ئەی خواردنی ئەم هەموو خەمە لە پای چی؟

ئەی نازەی پڕ لە پاکیی من! بوکەڵە جوانەکەم! هۆ کاکەی شوان سەد جار لە دەورت گەڕێت.

وەک ئەوەی دڵم لە بەفر بێت و نیگای تۆیش لە گڕ، هێندە نەرم لەنێو یادەکانتدا دەتوێمەوە، وا هەست دەکەم تۆ کچی باران بیت و منیش کوڕی گڵ.

دەسا ئەی قودسی پیرۆزی نێو ئەم دڵەم،

ئەگەر جوش بم هەر خۆشم دەوێی

ئەی دیواری بەرلینی ڕۆحەکەی من

گەر بشڕوخێی بە سەرمدا،

دوای مردنیش هەر دەمەوێی.

سەیر بکە شاملوو دەڵێت: "هەر لەبەر ئەوەی تاقەتی خۆ کوشتنم نییە، خەریکی ژیانم!"

بۆیە دەمەوێت تۆیش ئەوە بزانیت، منیش هەر لە بەر ئەوەی تۆم خۆش دەوێت، خەریکی ژیانم. چونکە لەنێو ئەم وڵاتە بۆگەنەدا هێشتا کەسانێک ماون کە بۆنی گوڵیان لێ دێت و عەتر لە باڵایانەوە دەتکێت. بەڵام من ئەوەم پێ سەیرە، تۆی گوڵ چۆن لە زێرابی ئەم نیشتمانەدا ڕواویت! سەیرە، سەیر! تۆی ناسکتر لە باڵی پەروانە، چۆن لەژێر کڵپەی ئەم هەموو ئاگرەی بێدادیدا نەڕوشاویت؟

بێ سنوور ڕەشن گوڵم،

دەڵێی دڵی منن لە دوای سووتان

بەسەر ڕووتا ڕێڕەو دەگرن

وەک خۆڵەمێشی دوای باران،

چاوەکانت

پەرش و بڵاو سەما دەکەن
بەدەم وەنەوز و شنەی باوە
هەر دەڵێی خەیاڵی منن
بۆ دیدەنیت ئۆقرەیان لی بڕاوە ،
پرچەکانت

هەناری باغی بەهەشت نییە و،
سێوە حەرامەکەی ئادەمیش نییە،
شێوەی هێشتا نەخوڵقاوە،
چون شایەنی دەستی بەشەر نییە،
مەمکۆڵانت

وەک شیللەی تەڕی پەڕەی گوڵن

هەزار بولبول بۆی دەخوێنن

دەڵێی شەرابی سووری کاسەن

بۆ منی مەست حەرام کراون،

لێوەکانت

نۆتەی ساز و سەنتوور نییە

لە گوێچکەما زرنگەی دێ،

دەنگی باران و خوڕەی ئاوە

دەڕژێتە نێو کانیاوی دێ،

وشەکانت

هێشووه ترێی سایەی کەپرە

یا هەرمێی دەمەو بەیان،

دێن و دەچن بە بای نەسیم

وەک سەمای دار لەنێو ڕەزان،

گوارەکانت

شۆڕەبیە هەنگاو دەنێ،

یا لاولاوی چەم و تەلان،

نا گوڵم هیچیان نییە

بروسکەیە، بروسکە

دەیهەژێنێ عەرشی یەزدان،

لەنجەکانت

گەلیک جوانیت. بە گیانی ئەو غەزاڵەی دایەم، گەلێک جوانیت. جوانتر لەوەی لە چاوی دایکتدا هەیت. زۆر شیرنی، شیرنتر لە تامی هەنجیر.

ئەی شەنگە بیی نێو شنەی هەستەکانم! زۆر جار بیر لەوە دەکەمەوە کە تۆ هیی منیت. بڕێک جار لە خۆم بایی دەبم. چونکە دەزانم کەسانێکی دی تۆیان نییە.

هەی داد و سەد داد کە لە خەیاڵمدا دەبینم لەنێو کراسە ڕەشەکەتدا بە نازی ناوت ناز دەکەیت. دەڵێم ئاخۆ ئەم زەمینە، دەبێ چەند شانازی بە خۆیەوە بکات کە ئاوا لەژێر پێتدا ڕاکشاوە. بۆیە زۆر جار نەک لە کوڕە پانتۆڵ فشەکانی شار، غیرە لە زەمینلەرزەکانیش دەکەم کە ڕێ لە چوونت دەگرن. چونکە زەمینلەرزەکان ئەوەم پێ دەڵێن کە دڵی ئەو خاکەیشی وا بەسەریدا دێیت و دەچیت، شەقشەق کردووە.

ئەی لە بیابانی دڵما باران و،

لە گلێنەی چاوەکانما ڕۆشنایی

هەی لە تاریکی شەوانما تریفەو،

لە شاری تەنیاییمدا هاودەم.

سوێند دەخۆم تۆ کچی حەوا نییت. دە ئاخر حەوا ژن بوو، نەک گوڵ. ئەی تۆ لە نەوەی چ قورێکیت، ئازیز؟

دەی وەرە خۆشەویستم، ئەی دکتۆرە ئازیزەکەی دەروونی پڕ بیمارم. بۆ مەگەر نازانیت لە بێتۆییدا چ شەرمنێکی لێ دەرچووە، ژیانم!

ئەم سەری ساڵە بوو بە چی، بۆ هەر نەهات؟ خۆری نیگات کام شەو، چ کێوێک ڕفاندویەتی بۆ هەڵنەهات؟

**زستانی ساردی بێتۆیی**

**کات: تۆی دەوێت چاوەڕوانیم**

**فەرهاد**

# دیمەنێك لە كوێستانەوە

ئەو دیدگایەی تۆم لا پەسندە سوارە. بەڵام ئەوەندەی من لە ژن تێگەیشتبم، ئەوان بوونەوەرێکن جەستەیان بەرگەی هەموو ساردیەک دەگرێت، بەڵام دڵیان نا. بۆیە پیاوێکیان دەوێت گڕ لە دەروونیان بەر بدات.

ئەو پیاوەی پێی وایە هاوسەرەکەی خۆشی ناوێت، با لە سەختترین شەوی زستاندا ڕووتی بکاتەوە و بیباتە بەر باران و کرێوەی بەفر، جا لەژێر ڕۆشنایی گڵۆپی سەر دەرگای حەوشەکەیاندا هێدیهێدی دەست بە تاڵەکانی پرچیدا بهێنێت و تەماشای چاوەکانی بکا و، پێی بڵێت:

"خاتوونەکەم، تۆ جوانترینی ئەم گەردوونەیت. باشترینیت لە باشیدا. چاکترینیت لە چاکیدا. میهرەبانترینیت لە میهردا. دەی

بێنە تەختی تەوێڵت ماچ بکەم. دەستەکانت بێنە بیانگوشم." جا بزانە وەک ئاگر بۆی دادەگیرسێت، یان نا.

بەڵێ، ژنەکان بەو جۆرەن. نایانەوێت زۆر پۆشتە بن، چونکە حەزیان لێیە بە گوفتاری شیرن و قسەی خۆش گەرم دابێن.

دەزانیت سوارە، لە عیشقدا شتێک هەیە پێی دەڵێن: "هەست." مرۆڤ کە هەستی نەبوو، جیاوازیی نییە لەگەڵ ئەو پەیکەرە بێدڵانەی لەسەر شەقامەکاندا دانراون. مرۆڤی عاشق نابێت ببێت بە بت و هەر چاوەڕوانی پەرستن بێت.

تۆ قەت لە خۆتت پرسیوە بۆچی پیاوەکان ڕەشکردنی چاویان لێ نایەت؟ دەزانیت بۆچی گوارە بە گوێوە ناکەن؟ بیرت لەوە نەکردووەتەوە ئەگەر پیاوێک لێوەکانی سوور بکات چەند ناشرینە، یا گەردانەیەک بخاتە ملی چەند دزێوە؟

دە ئاخر پیاوەکان ناسک نین. بیهێنە پێش چاوی خۆت کە پیاوێک ناوی شوشە بێت، هەر لە خۆتەوە وا هەست دەکەیت ئەو ناوە شەرمە بۆی. چونکە پیاوەکان نابن بە شوشە. ناوی گەڵا و گوڵ و، کانی و کۆتریان لێ نایەت. بۆیە دەبێت ئێمەی پیاوان دان بەوەدا بنێین کە ژیان ژنە لە جوانیدا. بەڵێ، ژیان ژنە لە جوانیدا.

دەی چی دەبێت؟ با ئیتر ئێمە ئەم سەردەمە بگۆڕین بۆ سەردەمی پیرۆزی ژن. با ئەو بەکەمزانینەیان بخەینە مۆزەخانەی کلتورێکەوە "ڕابردوو"ی ناو بێت.

خەجەی نەنکم هەموو جار دەیگێڕێتەوە کە ئەو دەمەی بە شوویان داوە، مارەییەکەی دوو مانگا و، چەند فەردە گەنمێک بووە. دەی تا ئەم کلتوورە بمێنێت، ژنانی ئەم وڵاتە هەر وەکوو ئاژەڵ وێنا دەکرێن. هەمیشە قوربانین و خوێنیان حەڵاڵ دەکرێت.

باوکم هەموو جار دەڵێت: "قالەی مامی، گەورەترین شانازی کە بە خۆیەوە دەیکرد، ئەوە بوو کە تا مردیش نەیهێشتووە ڕێحانەی ژنی عەورەتی ببینێت." ئاخر توو شەرەفت ئەمە چ جەهلێکە، چ جێمانێکە لە ماڕاسۆنی پێشکەوتنی دنیادا؟

وا بزانم جارێکی تریش حیکایەتی ئەو شوانەم بۆ باسکردوویت کە کاتی خۆی لەم لادێیەی خۆماندا ژنیان بۆ هێنا بوو. دەیانگوت کە ساڵێک بەسەر هاوسەرگیریەکەیاندا تێپەڕی کردبوو، یەک جار ... تەنیا یەک جار لەگەڵیدا سەرجێیی کردبوو. کاتێک لێیان پرسی بوو: "ئەمە واتای چیە؟" داماوە لە وەڵامدا گوتبووی: "من هەر وام زانیوە ژنیش وەک بزن وایە کە دەبێت ساڵی یەک جار لە گەڵیدا جووت بێت."

دەی ئەگەر ئەمە ئەو پەڕی گەمژەیی نەبێت، لەوە زیاتر چ ناوێک هەڵدەگرێت؟

جا تۆیش بەر لەوەی هیچ پەیامێک بۆ سروە بنێریت، دەبێت لەو ڕاستیانە خۆت نەشاریتەوە. کێشە نییە ئەگەر کەسێکت لە ژیاندا نەماوە، ئەو بکە بە گشت کەست. بەڵام وا مەکە هەر لەبەر ئەوەی پێشتر دایکت نانکەری ماڵان بووە و، خۆیشت لەپاڵ خوێندنەکەتدا بۆیاغچییەکی گەڕیدەی شاران، بەزەییی پێتدا بێتەوە، چونکە ئەوە یاسای ژیانە، هەر کەسێک بە هۆی بەزەیییەوە کەسێکی خۆش بوێت، ڕەنگە دوای چاکبوونی بارودۆخی ژیانی، ئیتر ئەو کەسە هیچ هەستێکی بۆی نەمێنێت.

وا هەست نەکەیت تاوانی خراپی ئەم ژیانە و، ئەو کۆڵەپشتەی هەژاری ناویەتی بە کۆڵتەوە، سووچی تۆ بێت. سەد خۆزگە باوکت شەهید نەبا، ئەوساکە نە تۆ ئێستا ڕووتوڕەجاڵێکی بێماڵ دەبوویت و، نە دایکیشت بە داخی غەریبی و بێکەسیی خۆیەوە سەری دەنایەوە. چونکە ئەم وڵاتە کۆمەڵێک بێشەرم بەڕێوەی دەبەن، ئیتر باکیان بە هیچ دۆڕانێک نییە. سڵ لەوە ناکەنەوە کە لە پەراوێزی مێژوودا بە مەرەکەبی کام مێز دەنووسرێنەوە.

ئەو ڕۆژەی بۆ بینینی نازە چووم بۆ شار، لە ڕۆژنامەیەکدا نامەی ترۆزیفرۆشێکم خوێندەوە کە بۆ سەرۆکی ئەم

تاریکستانەی نووسیبوو. بزانە من هەموو کات، گشت ئەو دەقە جوانانەی لە ژیانمدا بەر چاوم کەوتوون، وەک هاوڕێیەکی باش لە گەڵمدان و بۆ هەموو شوێنێک لەم جانتایەی شانمدا لەگەڵ خۆمدا دەیانگێڕم. ئەوەتانێ ئەو ڕۆژنامەیەشم لەگەڵ خۆمدا هێناوە و ئێستا نامەکەی نێویت بۆ دەخوێنمەوە. ئەگەر سوڵتان و حاکمەکانی ئێرە یەک تۆزقاڵ کەرامەتیان هەبووایە، دەبوو تەنیا بەم نامەیە دەستیان لەکار بکێشنەوە. سەیر بکە چەند جوانی نووسیوە:

## بگات بە چاوە شۆڕەکانی سەرۆک، سەلیم خان

**دەزانم تەندروستیت زۆر باشە، بۆیە لە هەواڵت ناپرسم!**

**تەنیا دەمەوێت لەم نامەیەدا چیرۆکێکت بۆ بگێڕمەوە. هیوادارم لەبەر شەهوەتی نێو پێخەف و ڕابواردنت لەگەڵ کچەکانی ئەم نیشتمانەدا کە خۆت بە باوکیان دەزانیت، کاتی خوێندنەوەیت هەبێت.**

**من دەرچووی بەشی مێژووم، ئەو مێژووەی دەیان پاشا و سەرۆک و سوڵتانەکانی وەک تۆ و هاوبیرەکانت، تەنانەت بە زبڵدانەکەیشی ڕەوا نەبینی و، ئێستاکە لەنێو تف و نەفرەتی گەلەکەیاندا ئێسقانەکانیشیان نەماون.**

ئەمڕۆ بەدیار فرۆشتنی ترۆزیەکانمەوە، مێژووی شۆڕشی فەڕەنسیم دەخوێندەوە. لە شوێنێکدا نووسرابوو: "چەند سەدەیەک لەمەوبەر، گەلی *فەڕەنسا* سکاڵای برسیتی و خراپیی گوزەرانیان دەبەنە لای *لویس*ـی شانزەیەم کە ئەو کات پاشای وڵات بوو. بەڵام لە جێگای ئەوەی پاشا چارەیەکیان بکات، *ماری ئەتوانێت*ـی هاوسەری بە گاڵتەجاڕیەوە پێیان دەڵێت: 'بڕۆن بسکیت بخۆن.' "

دواجار ئەم قسەیە دەبێتە هەوێنی توڕەیی گەل و، شۆڕشێکی مەزنی لێ پەیدا دەبێت. شۆڕشێک بە هەموو واتاکانیەوە. هەر لە ئازادییەوە بگرە تا گەڕانەوەی ڕێز و شکۆی گەل. تا چەسپاندنی یاسا و، وەگەڕخستنی دیمۆکراسی و سەربەخۆکردنی دادگاکان.

دە ئاخر ئەوە چ دادگایەکە کە بەر لە هەموو کەس حاکم خۆی حوکم درابێت؟ ڕێک وەک ئەوەی لەم وڵاتە بوونی هەیە. بەر لە هەر کۆیلەیەک، دادوەر بۆ خۆی بە کرێگیراو و، کەلەپچە لە دەستی و پێوەند لە پێی کرابێت؟

سەرەنجام سەری پاشا دەبەنە بەر مەقسەڵەیەک و دەیپەڕێنن. چونکە هەر بێ حورمەتیەک بە کەرامەتی هاوڵاتی بکرێت، باجی خۆی هەیە. جا هەر کەسێک بیکات و لە هەر

سەردەمێکدا بێت گرنگ نییە. گرنگ ئەوەیە زوو بێت یا درەنگ، دەبێت باجەکەی وەربگرێتەوە.

بەڵێ، سەرۆک! ئەمە تەواوی چیرۆکەکە بوو. هیوادارم بە باشی لێی تێبگەیت!

ئاخر بیستم جەنابیشتان ئەوەتان فەرمووە کە ئەگەر ئێمەی دەرچوانی زانکۆ کارێکمان دەستگیر نەبوو لەگەڵ پسپۆڕی خۆماندا بگونجێت، بڕۆین حەماڵی بکەین، یان ببین بە چایچی و بۆیاغچیی سەر شەقامەکان. بۆ نموونە دەرچویەکی کۆلێژی پزیشکی بڕوات ببێت بە ناتری حەمام و، دەروونناسێک ببێت بە قەساب و، مێژوونووسێک ترۆزی بفرۆشێت و، مامۆستایەک پڕ بە گەرووی هاوار بکات: وەرنەوە بۆ ئاوی سارد. یان توێژەرێکی کۆمەڵایەتی چەقۆ بفرۆشێت و، ددانسازێکیش بە جووت گۆرەوی هەڕاج بکات.

جەنابی سەرۆک! لێرەدا پرسەکە ئەوە نییە کە ئەم کارانە نائاسایی و نایاساییین و، خاڵین لە شکۆمەندی. چونکە هەرچیەک بن، باشترن لەوەی خاکفرۆش بیت. خاسترن لەوەی بە درێژاییی نیو سەدە، خیانەت لە دۆزی گەلەکەت بکەیت. بزانە ئێمە دەمێکە بەم کارانە ڕاهاتووین و، نەمانهێشتووە ماڵ و منداڵمان لە برسدا بمرن. چونکە ئێمە ئەهلی بازاڕی کاسەلێسی و سەرشۆڕیی سەر سفرەی سەخافەت نین و،

هەرگیزیش نابین. بەڵکو پرسەکە ئەوەیە کە ئایا تۆ و خانەوادەکەت، ئێستا لەکوێن و چەند دوورن لە خەمی زۆری ئێمەوە؟ تۆ کە لە قسەکەرێکی درۆزن بەولاوە هیچی تر نیت، چۆن دەتوانیت زاتی ئەوە بکەیت گوویەکی لەم جۆرە بخۆیت؟ تۆ کە هەر شەو لەنێو پێخەفی شەوە سوورەکانتدا بە ئارەزووی خۆت ڕادەبوێریت، چۆن دەتوانیت هێندە بێەرزش بیت و، بێیت ڕێنماییی ئێمە بکەیت؟

دەمەوێت شتێک بزانیت:

وەک چۆن تۆ لەنێو ئەو کۆشک و تەلارە بەرزانەی ژیانتەوە ئێمە بە بچووک دەبینیت، دڵنیا بە ئێمە زۆر بچووکتر لەوە وێنای تۆ دەکەین. ئەگەر ڕاست دەکەیت، وەرە و ببینە حاڵی ژیانی میللەتەکەت، تا بزانیت لەنێو ئەم هەموو کەلاوەی بێجگە لە مەینەت ناوێکی تریان نییە، چۆن دێن و دەڕۆن.

ببینە ئەو خەڵکە چۆن لە برسێتیدا ڕاوی نان دەکەن. تەماشاکە چاوەکانی ئەم گەلە چەند تێزاوی خوێن و برین بووە.

من مرۆڤی وا دەناسم، ڕۆژانە بە تەزبێحێکی شۆڕەوە سەدان جار خەتمی غەریبیی خۆی دەکات. دۆستی وام هەیە، دەیان جار ئارەزووی خۆکوشتنی کردووە. تۆ کەسی وا دەناسیت؟

نا، هەرگیز ... چونکە تۆ لە ڕووڕەشێک زیاتر هیچی تر نییت. ئەوانەی دۆستی تۆن، جگە لە گروپێک گەوواد و قاحبەی کەم و کورت، پێناسێکی تر هەڵناگرن.

دایکی من شەوان کە دەنوێت، سۆندەی ئاوەکەی بە قاچەکانیەوە گرێ دەدات، تا کە ئاو هات بڕژێ بە سەریدا و بە ئاگا بێتەوە. دەزانی ئەمە واتای چییە؟ ئەمە واتای ئەوەیە لەم وێرانەیەی ژیاندا، شەوانە خەوی هەزاران ژن و دایکی ئاوا دەزڕێن، کە تۆ خۆت بە سەرۆک و باوک و برایان دەزانیت.

دایکم کە مریشکێکمان بۆ سەردەبڕێت، ڕان و سنگەکەی دەخاتە کاسەکەی ئێمەوە و، بۆ خۆی قاچەکانی دەخوات. بەڵێ، ئێمە پەروەردەی وەها دایکێکین، بۆیە دەتوانین لەبارەی واتای میهرەبانییەوە ڕۆمانێک بنووسین. لە هەستکردن بە ژانی گەل، توانامان هەیە یەک سەدە بدوێین. ئەی تۆ چی دەزانیت؟ چی لەبارەی شعورەوە فێرکراویت؟  وای کە خاڵییت لە هەموو شتێک جگە لە بێکەرامەتی و فرۆشتنی خاک و خیانەتی هەموو ڕۆژەکانت!

بۆیە ڕێنماییت دەکەم کە ئیتر بە ئاگا بێیتەوە، چونکە سێدارەکان برسین و، بە سەرێکی گەورە نەبێت لە تێر بوون ناکشێنەوە ... ببورە مشتەریم هات!

جا سواره گیان، سەیر بکە هەر دوێنێ بوو نیوەی ئەم خاکەیان فرۆشت و نیشتمانیان دایە دەست قەدەرێکی ون.

بیرمە تەمەنم نۆ ساڵ بوو، شەوێکیان لەگەڵ دایک و باوکمدا لە میوانییەک، ترێکم لێ بەر بووەوە. زۆریش دەنگی بەرز نەبوو، بەڵام خۆت دەزانیت ڕەوشتی تڕ وایە، گەورە و بچووکی بۆ نیە و، هەر ناوی ترە ئیتر. کاتێک چووینەوە ماڵ، بە بیانووی ئەوەی ئادابی کۆمەڵایەتیم شکاندووە، باوکم سەد تفی لێ کردم. بەو بۆنەوە ئێستایشی پێوە بێت، ڕووم نایە بڕۆمەوە ئەو ماڵەی تڕەکەم لێ کەند. بۆ زانیاریت، ماڵەکەیش ماڵی کاک ڕەحیمی دراوسێمان بوو.

کەچی سەرکردەکانی ئەم وڵاتەی ئێمە، نیوەی خاکی ئەم وڵاتەیان لەدەست دەرچوو، بەڵام هەر نارۆن و شەرم نایانگرێت. بۆیە دەڵێم: "نیشتمان لای ئەم هەموو سووک و ڕسوایانەی سەر تەختی دەسەڵات نرخی ترێکی نییە،" چونکە تەواو خاڵین لە ئادابی سیاسی و کۆمەڵایەتی و خۆشەویستیی نیشتمان.

تۆیش بۆ خۆت سروە باش دەناسیت. ئەو هەرزەیەکی بێڕوئیا نییە. ڕۆژانە وانە بە منداڵانی لادێکەمان دەڵێتەوە و، نەوەکانمان ئامادە بۆ ئایندە دەکات. بەش بە حاڵی خۆی لە بارەی ئەم دۆخە نالەبارەوە تێڕوانینی هەیە و تێدەگات لەوەی

تۆ کێیت و چ کارەیت. بەڵام ئەوەت بیر نەچێت، هەرچی ڕاستی هەیە لەبارەی ڕابردووی دڵتەوە، پێی بڵێ و لێی مەشارەوە. چونکە ئەم دنیایە بۆ نهێنییەکان زۆر بچووکە و، ڕۆژێک دادێت کە ئاشکرا دەبن.

باشە فەرهاد، ئەگەر سروە ڕازی نەبوو چی بکەم؟

بزانە هاوڕێ، عیشق وەک کتێبی دووەمی خودا وایە، بەڵام لە مزگەوتی دڵەکاندا هەڵگیراوە. بۆیە مرۆڤی باوەڕدار پێی، چەنێک بیخوێنێتەوە هەر کەمە. کۆڵمەدە و بۆی بسەلمێنە کە تۆ کێیت و بۆ دەتەوێت دڵخوازەکەت ئەو بێت؟

هەوڵ بدە لەو دیوی سروشتی ئەوینەوە دنیایەکی لە خۆشەویستی بۆ دروست بکەیت. تا حاڵی فەنابوون بۆی بژییت. ئەوساکە ئەویش نامەردیە گەر بۆت نەمرێت. هەرچەندە من باوەڕم وایە عیشق بە تکا و پاڕانەوە دەستگیر نایە، بەڵام ڕەنگە لەو ڕێگەدا دەیان جار شەکەت ببیت. ڕەنگە زۆر جار بگەیتە ترۆپکی بێهیوابوون. جاری وا هەیە وا هەست دەکەیت هێندە تەنیایت، تەنیایی بۆت دەبێتە باشترین دۆست. بەڵام هیواکان لەوێدا دەژیێنەوە، وەک ئەو مەلەی باڵیان شکاندووە، دڵی خۆی بەوە دەداتەوە کە ئەسڵەن گەردوون ئاسمانێکی نەبووە بۆ فڕین. تا برینەکەی ساڕێژ دەبێت و،

ئەوسا کوێی ئارەزوو بێت، بۆی دەفڕێت و دووبارە دەداتەوە لە شەقەی باڵ.

مرۆڤی عاشق نابێت وەک ئەو مێرووولەیە بیر بکاتەوە، کاتێک ئاو دەڕژێتە لانەکەی، هاوار بکات و بڵێت: "فریام بکەون یاران! هەموو دنیا ئاو بردی، هەموو دنیا!" چونکە نابێت لە عیشقدا شەکەتبوون هەبێت. دەبێت بێهیوابوونت بیر بچێتەوە. هەر ئەوەندەی کە نیگایەکی یارت پێ گەیشت، گشت برینەکانت سارێژ دەبن. ناڵەی هەموو ئەو شەوانەت لەیاد دەکەیت کە بە یادی یارەوە بێداریان کردووی.

بزانە دەریاکان هەرگیز نابن بە دەریا، ئەگەر فرمێسکی تاڤگە و هەورەکانیان تێ نەڕژێن. ئەگەر توانەوەی بەفر و جۆگەلەکانیان بۆ نەچنەوە.

چایەکان لە ئەزەلدا وەک کەکرەم وان هێندە تاڵن، بەڵام بۆ ئەوەی شیرن ببن، دەبێت شتێک هەبێت لە نێویاندا بتوێتەوە. دەی عیشقیش هەر وایە سوارە، بەبێ توانەوە لە نێویدا تاڵ تاڵە وەک ئەو ڕۆژگارەی ئێمە تێی کەوتووین.

ئەوانەی شوفێری نازانن، بە پاڵنانی ماشێنەکانیان هەرگیز ناگەنە جێ. یا ئەوەتا ناگەنە کۆتایی ڕێگاکە، یاخود لە ڕێگادا وەردەگەڕێن. بۆیە دەبێت لە عیشقدا شوفێرێکی کارامە بیت.

ئەگەر نا، ئەو ویسگەیەی ئارەزووتە پێی بگەیت، سەرەنجام بەر لە تۆ شوفێرێکی تر پێی دەگا و، پێشت لێ دەگرێتەوە.

مرۆڤی نەخوێندەوار بۆ ئەوەی بۆ کەسێک بنووسێت: "بە هەزار دڵ خۆشم دەوێیت،" سەرەتا دەبێت خۆی فێری ئەلفوبێی ئەوین بکات. دەبێت دەیان کاغەزی سپی پڕ بکاتەوە تا دەگات بەو ئاستەی مەعشوقەی تێبگەیەنێت کە چیی لێ دەوێت. یان ئەوەتا بوێری ئەوەی هەبێت کە بڕوات لە بەرانبەریدا ئەوەی کە لە دڵیایەتی سڵی لێ نەکاتەوە و دەرگای دڵی بۆ بخاتە سەر پشت.

دەی ئێستا کات درەنگی کردووە و، مەڕەکانیش کاتی چوونەوەیانە. هەستە تۆ کەرەکە بێنە و، با منیش ئەشیاکان کۆ بکەمەوە.

# له سوارەوە بۆ سروەکەی پوورە ئامین

بۆ سروەی جوان، بۆ ئەو کچەی تاڵەکانی پرچی هێندەی خەمەکانی من درێژن. بۆ ئەو کیژە لادێییەی لە دووری دوورەوە هەست بە بۆنە خۆشەکەی جەستەی دەکەم.

نە فەردە لێی پڕ دەبێت، نە ماشێن ڕایدەکێشێت. هەر دەڵێیت باری گرانی لەشی منە لەژێر عەزابی تەنیاییمدا، "سەنگی جوانیت."

فەرە دەیگوت: "ئاگەدار بە سوارە، سروە دڵی هەشت دۆنمە، هێندە گەورەیە." گوتم: "جا دەیەوێت بۆیشی ڕابگرم وایە؟"

گوتی: "بەڵێ ..."

ئێستا تەنیا بیر لە کەربوونی خۆم دەکەمەوە. دە ئاخر ئەگەر کەرت نەبم، چۆن بتوانم بەم دڵە بچووکەی خۆمەوە، ئەو هەموو مەزنیەی تۆ ڕابگرم؟

مامۆستای تەڕ و ناسکم، ئەی نەشمیلە چاو خومارەکەم! پێش ئەوەی قوربانت بم، بەر لەوەی چێشتی دڵم بە کوانووی گڕی عیشقت لە سینەمدا داگیرسێنم و، فەرمووت لێ بکەم تا لە ژەمێکی سووتانم تێر بیت، دەمەوێت چی ڕاستی هەیە لە بارەی ڕابردوومەوە، پێتی ڕابگەیەنم.

کێشەی من ئەوە بوو لەم ژیانەدا هیچم نەبوو جگە لە دڵێکی بچووک و خەمێکی زۆر. ئەوەی هەمبوو، پیرە دایکێکی ڕەنجبەر و بێکەس. ئەو نانکەری ماڵان و منیش بۆیاغچیی سەر شۆستەکانی شار. دەی بۆ ژیانێک کە بەرهەمی ژانێک بێت هەر ژانە ئیتر. دە ئاخر سەختە بەم جۆرە بژییت و عاشقیش بیت. چونکە لەم وڵاتەدا بەهای مرۆڤ پارە و سامانە، دەی منیش نەمبوو.

ئەو کاتەی کامەرانی باوکم شەهید بوو، من تەمەنم تەنیا دوو ساڵ بوو. بە ڕۆژگارێکی سەختدا تێپەڕیم تا گەیشتم بە زانکۆ. لەوێ بە تێپەڕبوونی کات کچێکم ناسی گەڵای ناو بوو، بەڵام زوو وەری. وای چەند زوو وەری ... بای خەزانی سەرمایەداری هات توڕی دا و، لێکی کردین.

گەلا نەیدەزانی کە من هێندە بێکەسم و ئەوەندەیش ڕووت و ڕەجاڵ. ڕۆژێکیان دەمەو بەیانیەکی سارد بوو کە هێشتان زۆرێک لە شەقامەکان غەریبیی مرۆڤەکان لێیان نەئالابوو. هێشتا ترافیکەکان گڵۆپی سەوزی مەینەتیان دانەگیرساندبوو. سروەیەکی کز لە سپێدەکانەوە دەهات. بەدەم وەنەوزی ئەو بایەوە ئاڵای نێو حەوشەی زانکۆکەمان لە داخی هەموو ڕۆژفرۆشتنی نیشتمانەکەی، نەرمنەرم لە گەڵیدا فرمێسکەکانی دەڕشت.

هەورەکان ئەو ڕۆژە شلشل نەفرەتیان لێ دەباری. وا دەهاتە پێش چاوم کە ئەو بارانە میزی نەفرەتی ئاسمانە و دایکردووە بەسەر بێنرخیی ئەو پیاوە بێحورمەتانەی ڕۆژگاریان تژی کردووین لە ماندووبوون. چونکە لەم نیشتمانەی من و تۆی تێدا دەژیین، مرۆڤ هێندە زوو پیر دەبێت، هیچ باوکێک دڵنیا نییە لەوەی کە بەیانیان لە ماڵەوە بۆ ڕاونانی لەتێ نانی حەڵاڵ دەردەچێت، کاتێک ئێواران دێتەوە، منداڵەکانی بە باپیرە بانگی نەکەن.

ئا لەو ڕۆژەدا، بانگی گەڵام کرد و پێم گوت: "دەمێکە شەیدای تۆم. خۆشم دەوێیت تا خۆشەویستی برستی تیا بمێنێت. بۆت دەمرم تا گۆڕستانەکانی ئەم شارە پڕ دەبن لە لاشەم."

جوانیەکی بێئەندازەی هەبوو. وەک دایکم دەیگوت: "جوان بوو هێندەی لاشەکەی کامەرانی باوکت." کاتێک لە سەر تاتە شۆرەکە مەرگ دەیگەوزاند، لە پێناو ئەو نیشتمانەی دوای خۆی منی تێدا هەتیو خست و، دایکیشمی کرد بە نانکەر و بە کرێگیراوی سەرکردەکانی دوای خۆی کە هیچیان لەبارەی وەفاوە نەزانی.

پێم گوت: "تۆ لە نەسلی شەونم و پەڕەی گوڵیت. بێکەسم، تەنیام ... تۆ بی و خودا، لەو بۆنەت بێبەشم مەکە! دەست مەنێ بە ڕوومەوە، نەکا لەو ڕسوایەی کە هەم، زیاتر هەست بە تاوان بکەم. با لەو غەریبەی شەوانە لەنێو عەزابی بێداریدا خەو ناچێتە چاوم، چیتر بێخەو نەبم. تکات لێ دەکەم! تۆ دەزانیت تکا چییە؟ ئەوەیە کە من پێتی دەڵێم: 'خۆشت بوێم.' "

دوای ئەوەی منی پەسەند کرد ... ئەویش هەستێکی قووڵی بۆم هەبوو. بەڵام هەموو کات لە کافێکەی زانکۆ خۆم دەدزیەوە، نەبادا بۆ ئەو خواردنەی کە ئەو داوای دەکات، خەرجیی پێویستم پی نەبێت.

ڕۆژێکیان گوتی: "سوارە."

گوتم: "گیانی سوارە."

گوتی: "ئەمڕۆ لەگەڵ هاوڕێکانمدا داوەتی تۆین، لە چێشتخانەکەی قەراغ شار."

گوتم: "باشە گوڵم، بەوە شاد دەبم."

ڕاستی، نەمدەزانی چی بکەم! تاکە یادگاریی باوکم مستیلەیەکی ئاڵتون بوو لە پەنجەمدا کە دایکم هەر لەسەر تاتەشۆرەکە بەر لەوەی بیشۆن، لە پەنجەی دەرهێنابوو تا کاتێک من گەورە دەبم، بیکەمە پەنجەم. ناچار چووم ئەو مستیلەیەم فرۆشت و، داوەتەکەم کردن.

دوای ئەوە دەترسام کە چۆن بچمەوە بۆ ماڵ و، بە دایکم بڵێم کە مستیلەکەی باوکم نەماوە.

کە چوومەوە، زۆر لە دەرگام دا. چەندێک بانگم کرد: "دایە، سوارەم دەرگاکە بکەرەوە." هیچ وەڵامێک نەبوو. گوتم لەوانەیە خەریکی دروستکردنی نان بێت و، لە بەر دەنگی پەرەمێزەکەی گوێی لە دەنگی من و تەقەی دەرگاکە نەبێت.

جا لەو کات و ساتەدا، حاجیەک هەبوو کە هەموو جارێک ئاردی بایەعییەکەی بۆ دەهێنایەوە، هەر جارێک کە دەیبینیم، دەستی دەخستە ملم و دەیگوت: "سوارە گیان، من تۆم زۆر خۆش دەوێت، چونکە کوڕێکی چاکیت." بەڵام من دەمزانی درۆ

دەکا و، ئەو خۆشەویستیەی بۆ منی هەبوو، تەنیا بە هۆی دایکمەوە بوو، کە ئیمانی بۆی نەمابوو.

چەند جارێکیش خوازبێنیی لە دایکم کردبوو، بەڵام دایکم ڕازی نەبوو. تاکە چەکی بەهێز کە لە دەستی حاجیدا بوو، ئەوە بوو کە ڕۆژێکیان بە دایکمی گوتبوو: "گەر ڕازی نەبیت شوم پێبکەیت، من چیتر ئاردی بایەعەکەتان بۆ ناهێنمەوە."

دوای ئەوەی چەند جارێکی تریش لە دەرگام دایەوە و وەڵام نەبوو، ناچار بووم بەسەر دیواری حەوشەکەدا سەر بکەوم، خۆم فڕێ بدەم و چوومە ژوورەوە. سەیرم کرد دایکم بە سەر کەوڵی ئارد و نانەکەیدا کەوتووە و، هەستی لێ بڕاوە.

"دایە؟ دایە گیان؟ کەسەکەم؟" ... کاتێک سەریم بەرز کردەوە و دەستم خستە سەر دڵی، دەتگوت کۆترە و ڕۆح نەماوە لە سینەیدا .

کەسم ئاگەدار نەکردەوە. گوتم با تا بەیانی لە باوەشمدا بێت و، تێرتێر بۆنی بکەم. دە ئاخر دایکم هەموو جارێک دەیگوت: "ڕۆڵەی شیرنم! ئەگەر من بمرم، خەمی تۆمە کێ نان و ئاوت دەداتێ؟ کێ نازی بێکەسیەکەت دەکێشێت؟ کێ جلەکانت بۆ دەشوات و نان و چای بەیانیانت لەگەڵ دەخوات؟"

بەر لە مەرگی دایکم لە لام وا بوو ژین هەر دەڕوا، ئەگەر دایک بوونی نەبێت. لەلام وا بوو زۆر ئاسانە لە بیری کەم، لەنێو دڵمدا پێگەی نەبێت. لەلام وا بوو من دەتوانم بە یەکجاری لە خەیاڵما دەریبێنم. بەو ئەندازەی تاهەتایە لەنێو ڕۆحما وێنەی نەبێت. لەلام وا بوو دایکم تەنیا ژنێکی سادەیە، لە هەر شوێنێک لە دنیادا ژنێک هەبێت، دایکیش دەبێت. کەچی ئێستا لە دووریی ئەو، کز و لاواز لە مردنام. چارەم نییە لە هیچ شوێنێک، لای ئەو نەبێت. لە خەیاڵما کۆترێکی بەرزەفڕە و، چەندیک بڕوا بەرەو ئاسمان، هەر نزیکە و لە چاوانما قەت ون نابێت.

گەرچی ژنانی دونیا هەموو جوانن، گشت فریشتە و نەرم و نیانن، بەڵام هەرگیز نابنە دایکم. لێم ببورن من لەو قسەم پەشیمانم.

"ئامان دایە، قوربانتم دایە، هەناسەم دایە ... وا نەزانیت لە خەیاڵما وێنەت نییە و بەجێت هێشتووم. بە پیرۆزیت من سوێند دەخۆم، هەر سوارەکەی جارانم و نەگۆڕاوم! ئەگەر ئەم جارە بێیتەوە، تاسەی چەند ساڵی دووریم پێت دەشکێنم. لە نیگاتدا خۆم مەست دەکەم. ئەم جارەیان من بەلایلایە دەتخەوێنم. ئەگەر ئەم جارە بێیتەوە، چیی شادیم هەیە بە سەرتەوە دەیئاڵێنم. خەندەکانم بە بەرۆکتا هەڵدەواسم، چیی غەمت هەیە، ڕایدەماڵم. ئەگەر ئەم جارە بێیتەوە، لەبەردەمتدا

چۆک دادەم. دڵم دەکەم بە توێشووی ڕێت، پێت دەبەخشم هەموو گیانم ... دێیتەوە؟ دەی بڵێ کە دێیتەوە. بۆ هیچ شتێک ناڵێیت؟ ئەی دەماری جەستە و خوێنەکەی ناو گیانم ... دایە!"

بۆ بەیانی کە بردمان بۆ گۆڕستان، هەستم دەکرد دنیا زۆر کپە. تەنانەت کوکوختیەکانی سەر ئاڕیاڵی ماڵەکانیش مانیان گرتبوو لە خوێندن. دنیا بەو ڕادەیە کپ بوو کە بێحورمەتترین سەگی سەر داڵان و کوچەکانیش نەدەوەڕین. ئەوەی دەبیسترا، تەنیا گریانی من و، هەنسکی ئەو حاجیە بوو کە تەواوێک لە دووریی مەراسیمی ناشتنەکەی دایکم، لە پاڵ شرە جێبەکەیەوە دەهاتە گوێ. وا پێدەچوو حاجی پەشیمان بێت لەوەی کە گوتبوی چیتر ئاردی بایەعەکەمانی بۆ ناهێنێتەوە.

ئا لەو سپێدە بێڕەنگەدا زۆر غەمگین بووم. شەکەت شەکەت، خۆمم وەک کۆتا هەناسەکانی ژیان لە سینەی نەخۆشێکدا دەهاتە پێش چاو. تەنیا ئەوانەی دایکیان نییە لەم هەستەی من تێدەگەن.

ڕۆحت شاد دایکە گیان، دایەی ماندووم. گەرچی دوای خۆت ئەژنۆت بە تەواوی شکاندم، بەڵام من هەر خۆشم دەوێیت.

ئەو کاتەی دایکم مرد، لە کەلاوەکانی خێڵاندا دەژیاین. لەگەڵ ئێمەدا دەیان خێزانی تر خێوەتیان تیادا هەڵدابوو. هەرچەندە وەکوو موڵک ئێمە خاوەنی نەبووین، بەڵام داگیریشمان

نەکردبوو. تەنیا ئەوە نەبێت کە لە ناچاریدا لەوێدا گیرسابووینەوە. چاوەڕێ بووین شارەوانی شوێنێکمان بۆ بدۆزێتەوە.

چەند شەوێک دوای دایکم، بە تەنیا لەو کەلاوانەدا دەمامەوە. بەڵام ئیتر بەرگەی ئەو هەموو یادگاریانەی دایکمم نەگرت و، ئەوێم جێ هێشت.

تا زانکۆم تەواو کرد، ماوەیەک لەژێر سەیوانی مزگەوتەکان و دیوارە میهرەبانەکانی قەڵای هەژاراندا دەمامەوە.

هەر جارێک کە هاوڕێیەکم دەهات، فەرموویەکی لێ دەکردم و، ڕەتم دەکردەوە، لە ناخی دڵەوە لە خودا دەپاڕامەوە تا جارێکی تر پێم بڵێتەوە، بەڵام هەر ئەو جارە بوو و تەواو.

ئا، من لەوێدا تەنیاییم ناسی. لەوێدا تێگەیشتم کە ئەوانەی خەمی ئەوانی تریانە چەندە درۆزنن. لەوێدا ئاشنای هەموو درۆیەک بووم، جگە لە ڕاستیی ئەو عەموودانە نەبێت کە پشتم پێوە دەنان و لە پاڵیاندا سەرقاڵی بۆیاغکردنی پێڵاوەکان بووم. کەچی قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان پێیان نەگوتم بڕۆ، ئێرە شوێنی تۆ نییە. عەموودەکان دەڵێم، کەسم!

دوای ماوەیەک لە کۆچی دایکم، ڕۆژێکیان گەلا پێی گوتم: "سوارە گیان، خۆت دەزانیت من کچی گەورەی ماڵم و

خوازبێنیشم زۆر دێت. یەکێک لەوانە کوڕە مامێکمە کە باوکم دەیەوێت بە زۆر شووی پێ بکەم. ئێستا هیچ بیانوویەکم نییە تا ڕەتی بکەمەوە. باوکیشیم لەو قسانە تێناگات کە تەواوکردنی خوێندن بکەم بە بیانوو. یا بڵێم جارێ ئارەزووی شووکردنم نییە. بۆیە ئەگەر دەتوانیت، وەرە خوازبێنیم."

منیش گوتم: "گەڵای جوانم، خۆت باش دەزانیت کە من چەندە بێکەسم. ئەوەیش گوزەرانمە کە دەیبینیت." ئەڵبەتە لەو ماوەیەدا هەموو ڕاستیەکم بۆ درکاند. دەیزانی کە چەندە بێحاڵم.

گەڵا گوتی: "بە ساقەی یەک هەناسەت بم." توند باوەشی لێگرتم و کەوتە گریان. بەڵام ئاخ و هەزاران داخ، باوکی چەندە بێدڵ بوو! نەیهێشت بۆ یەک بین و، لێکی کردین.

ڕۆژێکیان دەمەو ئێوارەیەکی زستان بوو، لەپاڵ مزگەوتی گەورە بۆیاخم دەکرد. گەنجێکی شەپقەبەسەر بە پاڵتۆیەکی شۆڕ و جگەرەیەکی ئەستوورەوە هات و پێی گوتم: "پیاو، ئەمشەو ئاهەنگی هاوسەرگیریمە و، ئەم پێڵاوانەم جوان بۆ بۆیاغ بکە."

گوتم: "بە چاوان."

کاتێ تەواو بووم، پێی گوتم: "بۆ ئەمشەویش لە هۆڵی بۆنەکان داوەتی منیت."

گوتم: "ئاخر کەس ناناسم و ،پێم شەرمە بێم."

گوتی: "بابە من زاوام و، کارت بەسەر کەسەوە نەبێت. تۆ میوانی منیت."

منیش ئەو ڕۆژە چەنێک کارم کردبوو، دام بە گوڵێک و، چووم بۆ ئاهەنگەکە. بووک تارایەکی سووری لەسەردا بوو. کاکی زاوا لە دوورەوە ناسیمیەوە و ئاماژەی کرد بڕۆم بۆ لایان.

چووم باوەشێکم پیا کرد و، فەرمووی: "ئەوەش گەلای هاوسەرمە." تاراکەی لا دا و، سەیرم کرد خۆ ئەوە گەلاکەی منە. سەری هەڵبڕی و چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک، وام هەست دەکرد لەو ساتەدا چاوەکانی جگە لە بینین، قسەیش دەکەن. جیا لەو ماکیاژ و ڕەنگانەیشی وا لە ئارایشگەکەدا خرابووە سەر ڕوخساری، قەتماغەی شەرمەزاریش بە ئاشکرا لە سیمایدا هەست پێدەکرا. بەڵام خۆ شەرمەزاری کارێکی لەدەست نایەت.

زۆر تێی ڕامام. نەمتوانی چیتر دان بە خۆمدا بگرم. گریان بەر بینگی گرتم و لە نیگای خۆی شەلاڵی کردم. کاکی زاوا گوتی: "پیاو، بۆ چی دەگرییت؟"

گوتم:" هاوڕێ، گەڵاکەت زۆر ناسکە. توخوا نەکەیت هەرگیز زویری بکەیت."

پێکەنی و گوتی: "پیاو، تۆ فێری عیشقمان دەکەیت؟"

گوتم: "نا، بەڵام خۆزگە منیش گەڵایەکی ئاوام دەبوو کە دوور بێت لە وەرین، لە ڕەشەبای وەرزی نەهات، لە خەزانی بەدکار. وەلێ هەمبوو، بەڵام تەمەنی ئێجگار کورت بوو." ئیتر بە چاوی پڕ لە گریانەوە جێم هێشتن و، هاتمە دەرەوە.

لە ڕێگای گەڕانەوەمدا، وەک ئەوەی باڵی وەریوی مەلێک بم و، با ڕاوی نابم، خۆیشم نەمدەزانی بۆ کوێ دەڕۆم. بە خۆمم دەگوت: "بگری سوارە. تا دەتوانیت هەر بگری."

دەمگوت: "وای لە دەست تۆ ئەی ژیان، چەندە بۆ من سەخیفیت! وای مرۆڤی هەژار چەندە بێ نرخیت!"

دوای ماوەیەک، بیستم گەڵا زۆر پەرێشانە لەو چوونەی. لەو سەفەرەی بەبێ ماڵئاوایی جێی هێشتم. بۆیە لێتی ناشارمەوە، دوای ئەوە کۆتا پەیامی خۆم پێی گەیاند، ئیتر بە یەکجاری لە دڵما ناشتم.

ڕەنگە لە پەیامەکەمدا وا هەست بکەیت ئێستاکەش خۆشم دەوێت. بەڵێ، خۆشم دەوێت، چونکە دڵ هەمیشە کارێک دەکات لە دەرەوەی ویستی مرۆڤەکان بێت. بەڵام من هەمیشە

باوەڕم وایە گشت شتێک کاڵ دەبێتەوە. بەڵام ئەو دڵەی بە بۆیەی ئەوین ڕەنگ کرابێت، ڕەنگە تا ساڵانێکی زۆر بخایەنێت تا بە تەواوی بێڕەنگ دەبێت.

دوور نییە تۆیش پێشتر کەسێک لە ژیانتدا هەبوبێت. ڕەنگە زۆریش نزیک بێت—ئێستاکەیش هەتبێت. ئەگەر هەتبووە، جا بە هەر هۆکارێک دابڕابن، ئەوا دەڵێم: "ڕابردووی خۆت بۆ خۆت و، بە بیستنیشی دڵتەنگ نابم. ئەگەر ئێستایش لە پەیوەندیدایت، ئەوا لە نووسینی ئەم نامەیەم کۆڵێک شەرمەزارم."

ئەی سروەی ئازیزتر لە ئازیزم! جا بزانە من کێم گوڵم؟

من کوڕی وەفام ... وەفا!

بەڵام نازانم بۆ چی کچانی ئەم وڵاتەی من هەمیشە چێژ لەوە وەردەگرن، کاتێک کوڕێک دێتە ڕێیان و لە بارەی هەرەسی ڕابردوویانەوە بۆیان دەدوێت، دایمە پێیان خۆشە بێوەفاو بێبەڵێنەکە لەو هەرەسەدا کوڕان بووبن، نەک ئەو کچانەی خۆشیان ویستوون و هاو ڕەگەزی خۆیانن؟

دە ئاخر ئەمە زۆر هەڵەیە. ئەمە جگە لە حەسادەت، هیچی تر نییە. چونکە ئەگەر ئەو کوڕانە وەفایان بۆ عیشقی ڕابردوویان

نەبووبێت، دڵنیا بن لە وێستگەی دووەمیشدا هەر هەمان کار دووبارە دەکەنەوە.

بەڵێ، لەم نیشتمانەی مندا هەن و ئێجگار زۆرن، لەو کچە ناحاڵییانەی کاتێک کوڕێک لەو پەڕی سەخافەتی خۆیدا، پێیان دەڵێت: "بژاردەی من لەنێوانی تۆ و دایکمدا، هەمیشە تۆیت،" ئیتر باڵا دەکەن و یەک دنیا خەندە دەکەوێتە سەر لێویان. وەک قاحبەیەک نازێکی پڕاوپڕ لە درۆ دەکەن و، شێوەی حیزێک لەبەرانبەر ئەو بێمروەتییەیان، لەمەڕ وەفای دایکیان، ماچێک لە ڕوومەتیان دەکەن و، وەک ئەوەی پێیان بڵێن: "ئافەرین ... پیاوی عاشق ئاوا دەبێت." نەخێر، ئەوە نە پیاوە و، نە هیچ شتێک لە بارەی سۆز و خۆشەویستیەوە دەزانێت.

دە ئاخر گەمژەیی چی بێت، زیاتر لەوەی بەوە خۆشحاڵ بیت کە دایکێک تا ئەو تەمەنە هەرچی تاڵی و سوێریی ژیان هەیە لە پێناو گەورەکردنی کوڕەکەیدا چەشتبێتی، کەچی دواجار بیگۆڕێتەوە بە ئەوینێک کە ڕەنگە درێژترین مەودای نێوانیان چەند ساڵێک تێپەڕ نەکات.

بۆیە هیوادارم لەمەڕ ئەو وەفایەی من بۆ گەلام هەیە کە ڕەنگە ئێستا داماوترین کچی دونیا بێت و، یەک بە ئاسمان پەشیمان بێت لەوەی وا بە ئاسانی جێی هێشتم، تێبگەیت کە ئەمە واتای چییە و لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

ئینجا دەمەوێت لەو ڕاستیەیش دڵنیات بکەمەوە کە ئەمەی ئێستا لە دڵی مندا هەیە، خۆشەویستییەکە بەزەیی هەوینیەتی، نەک بەردەوامبوونی ئەو عیشقەی کە پێشتر بۆیم هەبوو. ئەمانەیش دوو چەمکی جیاوازن، چونکە ئەو بوو بە قۆچی قوربانیی سیستەمی باوکسالاری و، ئەو کلتوورە بۆگەنەی کە ڕۆژانە دەیان کچ و ژنی ئەم وڵاتە دەکاتە قوربانی.

بەڵام ئەگەر تۆ لێم بپرسیت ئێستاکە لەنێوانی من و گەلادا کێمان هەڵدەبژێریت؟ بێگومان تۆ هەڵدەبژێرم. ئەمە نە پەیوەندیی بە بێوەفاییەوە هەیە و، نە کەسیش دەتوانێت ڕەخنەی لێ بگرێت. چونکە من دانم بەو ڕاستیەدا ناوە کە ئێمە دوو ڕێگای هاوتەریبین و هەرگیز بەیەک ناگەین.

لە سەرەتاشدا کە گوتم: "لە دڵی خۆمدا ناشتم،" واتای ئەوەیە کە ئێستاکەیش لە دڵمدا هەر ماوە، بەڵام بە مردوویی. چونکە بۆ مرۆڤی عاشق گرنگ نییە کە بە یار دەگات یان نا، بەڵکو گرنگ ئەوەیە فرێی نەدات، بە سەریدا نەڕوات، پێی پیا نەنێت. ئا ئەمەیە واتا ڕاستەقینەکەی عیشق.

چونکە ڕۆیشتن بەسەر ئەوینێکدا کە پێشتر ژیانت بووە، ترپە بووە لە سینەتدا، خوێن بووە لە دەمارەکانت، بەر لە هەموو شتێک دڵی خۆت عەزاب دەدات.

بۆیە من نامەوێت مەرگی ئەو بکەم بە پەیژە، تا بە سەربانی ئەوینی تۆ بگەم. تکا دەکەم تۆیش بە هەموو بوونتەوە ئەمە ڕەت بکەرەوە. جا هەرگیز لەوەیش نیگەران مەبە کە دڵم گۆڕستانی ئارامی هەر کەسێکە. دەی خۆ گۆڕستانەکان ئەوەندەی زیندووەکان سەردانیان دەکەن، مردووەکان تیایاندا ناژین. کەواتە تۆ وەرە و ببە میوانی هەمیشەییی گۆڕستانی ئەم دڵە تەنگەم. دە ئاخر چی بێت لەوە جوانتر کە ژیان بۆ گۆڕستانەکان بگێڕیتەوە؟ هەر بە ڕاست، هەیە لەمە جوانتر؟

ئەی سروەی یەک دەریا لە ناز، من ڕێڕەوی ئەم تاڤگانەی فرمێسکم بە کێ بسپێرم، ئەگەر لە تۆدا نەڕژێن؟ نیگاکانم لەکوێدا لەنگەر بگرن، گەر بە باڵاکەی تۆدا لوول نەخۆن؟ فریام بکەوە، تۆ لەکوێیت؟

گەر لەمە زیاتر تەنیایی بناسم، ڕەنگە ئیتر خۆمم بیر بچێتەوە. دەسا میهرەبان بە و، بەر لەوەی لە خۆمدا ون بم، تۆ وەرە و بمدۆزەوە، ئازیز.

نۆتەی ئاوازێکی ئێجگار غەریب دەچرێ، وشەکانی بە پێنووسی غەمگینترین شاعیری دنیا نووسراونەتەوە، چەقۆی هەرچی جەللاد هەیە تکاون لە خوێنی سینەی.

دەزانیت چی؟ گۆرانیی ئەم ژیانەی من.

زەڕبی دڵم بێزار بووە لە لێدانی پەنجەی سەودام. لە دەرگای هەر شادییەک دەدەم، پیاوێکی چوارشانەی باڵابەرز دەیکاتەوە ... دەست لە ملم دەکات و پێم دەڵێت: "بەخێر بێیت بۆ لای پیرەپیاوی خەم. خۆش هاتیت، ئەی کۆرپەی شیرینم. ئەی هاودەمی ڕۆژگاری من. ئەی ڕسواترینی زەمەن."

سازی ڕۆحم خەریکە دەشکێت لە ئامێزی بێکەسیمدا. هەناسەکانم وەک نەی پڕن لە ناڵە، ئەی دەزانیت ئەمیان بۆچی؟ چونکە هام لەنێو ئەم هەموو شەوە ڕەشانەی لە دڵتەنگیدا تێر و، برسی برسین لە شادیدا.

وەک کۆلارەی دەستی منداڵێک یاریم پێدەکات، چارەنووسم. نازانم من خەونی زڕاوی کام کابووسم. وشەی نەفرەتیی مەرەکەبی کام پێنووسم.

بۆیە زۆرجار دەڵێم: "هەزار ئەفسوس! ئەوەی من ناسیم ژیان نەبوو، ژان بوو. ئەوەی منی گەورە کرد نان نەبوو، دەرد بوو ..."

بەر لەوەی کۆتایی بە پەیامەکەم بێنم، دەمەوێت کۆتا نامەی ماڵئاواییم کە بۆ گەلام نووسی بە تۆیشی بڵێم، چونکە بەڵێنم داوە هیچ شتێکم لە تۆ پەنهان نەبێت. بەڵام تکایە ئەم نامەیەم لە سیاقی زەمەنی خۆیدا هەڵبسەنگێنە، چونکە وەک وتم: "ڕابردووی خۆت بۆ خۆت و، ڕابردووی خۆیشم بۆ خۆم."

چونکە ئەوەی بۆ من و تۆ گرنگە، داهاتووە. وەک مەحوی دەڵێت:

چووە چوو، نەهاتوو نادیارە

## قەسیدەی دواین نامە

بەیانیت باش، ئەی ئێوارەی ڕەنگ زەردی جێماوی من. بەهارت باش، ئەی گەڵای سیس بووی خەزانی من. ئومێدت باش، ئەی بەختی ڕەشی چارەنووسم. ژیانت باش، ئەی تابووتی لاشەی سیسم. خەندەت باش، ئەی گریانی گەرووی تاڵم. گۆرانیت باش، ئەی هاواری نۆتەی زارم. فڕینت باش، ئەی پەپوولەی باڵشکاوی سەر لق و چڵ. شکۆفەت باش، ئەی خەیاڵی پەژموردەی ئینجانەی دڵ.

دەزانم ڕەنگە وەکوو جاران تاقەتی گوێگرتنت بۆم نەمابێت. ڕەنگە وەکوو یەکەم نامەم مەیلی ماچکردنی وشەکانمت تیا نەمابێت.

ناپرسم لە ئەحواڵی داری خۆزگەم. ڕەنگە ئەویش وەک سیمای خۆم وشک بووبێت. ڕەنگە لە جێی چپەی شەماڵی هەست، دەستی زریان لە ملیا بێت. ڕەنگە لەنێو بوخچەی یادەکانتا، بە

قەدکراویش ڕۆژێکمی تیا نەمابێت. لە بنبەستی گۆمەکەی چاوتا، بە خنکاویش نیگایەکم نەنێژرابێت.

دەزانم ئێستا پەنجەکانت شمشاڵێکن بە لێوانی شوانێکەوە، ئاوازی هەزار عیشقی ساختە بە بالآیان شۆڕ بووەتەوە. ڕەنگە ئێستا مەمکۆلآنت دەستێکی دی هەڵیانگوشێت. باغی سینەی بەهارشێوەت هەنگێکی تر هەڵیمژێت.

دەزانم ڕەنگە دڵت ئێجگار شاد بێت ... دەک ڕەببی هەمیشە شاد بێت. ڕەنگە هەرگیز ترپەکانی ناوی منیان بیر نەمابێت.

باش دەزانم لەمێژ ساڵە لە نیگاتدا من نەماوم. لە پێخەفی شەوی سوورتا عەیامێکە دەقکراوم.

وای گوڵم، چەندە خیانەتێکی مەزنە بۆ ئەو کەسەی غەمێکی شیرینی هەبێت، دەست بۆ قاوەی تاڵ درێژ بکات. دە ئاخر کێ هەیە وەک غەم بەوەفا بێت؟ کام ڕۆژ بووە ئەم ئاشنایە دەرگای دڵمان والآ نەکات؟

چەند بێمرووەتە ئەو گوڵەی وا هەتا دوێنێ کێوێک سایەی بووە، کەچی ئەمڕۆ بە شەرمەوە لە قەدپاڵی تەپۆلکەیەک ژیان بکات.

سەیرکە گوڵم، چەند دزێوە ئەو بارانەی ڕێژنەی نییە. چەند نابووتە ئەو گوڵەی وا بۆنی نییە. چەند تەنیایە ئەو مەلەی وا باڵی نییە.

بۆ مەگەر من ڕێژنەم نەبوو؟ باغی دڵم بۆنی نەبوو؟ مەلی عیشقم باڵی نەبوو؟ لاڵی مەکە زاری وشەت، کەڕی مەکە هەستی گوێچکەت.

ئێستایش ئەگەر بۆت بێمە دوان، نیگات بکەم لە جێی ژووان، دەبێت گیانت وەک شۆڕەبی بێنمە لەرزین—هەستی دڵت بێنمە فڕین. عەرشی ژێر پێت بکەم بە باغ، داباریێنم بە سەرتتدا شیللەی ئەوین.

لە پاش چەند ساڵ لە دابڕان، هێشتا ماومە خەونی جوان. چون هێشتاکە دەستم بەر نەداوە لە بێشکەی هیوای ژیان. چون دەزانم هێشتا ساوای، بە لانکەی دڵ یەک بە باڵای. هێشتا مابووت گەورەت بکەم، تا پێ بگری و ئازادت کەم.

ئەی کیژۆڵەی باڵا چنار، ئەی ئەستێرەی نێو شەوی تار. گوێ هەڵبخە لەم پەیامەم، لە دوا وشەی دوایین نامەم.

گەر تۆ بڕۆیت، ئەوەی پیر دەبێت، جەستەم نییە، هیوامە. ئەوەی کز دەبێت، چاوم نییە، نیگامە. ئەوەی بێزار دەبێت لە ڕۆیشتن، ئەژنۆم نییە، ڕێگامە. ئەوەی دەخرێتە تابووتی مەرگەوە، خۆم نیم، خولیامە.

ئەگەر مەسیحییت، بیکە بە خاتر کوڕەکەی مەریەم دامگرە بەسەر زامی خاچەوە. ئەگەر موسڵمانیت، بیکە بە خاتری فەزڵی محەمەد، مەمخەرە نێوان کفنی ئاخەوە. مرۆڤ بە، مرۆڤ. بە خاتری ئادەم، ببە حەوای دڵ، ئەی یاری هاودەم.

ڕەنگە بڵێیت ئێجگار زۆرن قژزەردی چاوکاڵ. ڕەنگە بڵێیت هێشتا ماون چاومەستی لێوئاڵ. ڕەنگە بڵێیت پەنجەی زۆر هەن کە دوای تۆ غەمەکانم بۆ دابێنن. ڕەنگە بڵێیت ئاشنا زۆرن، بێن و لە جێت بمدوێنن. ئەی چاوکەڵای دڵئاسنین، ئەی دوا ڕمی قینی ئەوین، ڕەنگە لای تۆ ئەم دنیایە پڕ لە ڕەنگ بێت. ڕەنگە لای تۆ گوێچکەی عیشق پڕ لە دەنگ بێت. بەڵام گیانە من گوتوومە:

"گەر زوبانم ناوی کەسێکی دی لە ئامێز گرت، یاخوا لاڵ بێت. گەر چپەی دەنگێکی دی هاتە گوێچکەم، یاخوا کەڕ بێت. گەر ڕەنگی عیشقێکی دیم خستە چاوم، یاخوا ئەو چاوەیش تا ئەبەد کوێر بێت."

بەڵام گیانە، هەر کە زانیم شووت کردووە، فەرشی سینەت بۆ پیاوێکی تر ڕاخستووە، مردم ... مرد—وەک پەیکەری بێدڵی باڵای شەقام. وەک سوتانی دوایین پەڕەی گوڵی هیوام.

ئێستایش بۆیە دەیدرکێنم، نەکا بڵێی مرد و ... بێمرووەتە داوەتنامەیەکی بۆ نەناردم. ئەی نەو نەمام، ئەی بووکی خەیاڵی

ژینی تەنیام. تۆ و بی خاتر بەردەکەی کەعبە، ئەگەر هاتیت، زویر مەبە لێم. نەڵێیت کە وا بۆ پێشوازیت گوڵڕێژم نەکردووە هەنگاوی ڕێت. خۆ منیش هەر وەک مردووانی تر بە کفنی غەم بەستراوە پێم. لەنێو خاکدا ڕاخراوە جێم.

ماڵت ئاوا ئەی یارەکەی جەللادی دڵ. شانازییە عیشقی تۆ بمخاتە ژێر گڵ. چون من زەکاتی مەرگی عاشقانم. من ڕێبواری نامرادی ڕێگەی ژانم. تاوانە گوڵم ... تاوانە من دڵم شاد بێت. کوفرە بە لێوم خەندەی ژیان میوانی بێت.

بەڵام ئەوەی بۆ من سەختە، مرۆڤ یەک جار لە ژیان دەمرێت. یەک جار کفنی ماتەمزەدەی بە بەر دەبڕێت. یەک جار لاشەی دەخرێتە گۆڕ. یەک جار پرسەی بۆ دا دەنرێت. کەچی ڕۆحی شەکەتی من لە دوای چوونت، گیانمی کردووە بە هێلانە. هەر وەکوو مەل ڕۆژی سەد جار تێیدا دەفڕێت. ڕۆژی سەد جار تەڵقینی ئەوین دەدرێت.

ماڵئاوا، ئەی چاوگەڵای دڵئاسنین. ژیانئاوا، ئەی دوا ڕمی قینی ئەوین.

سروەکەم، سا گەڵای نوێی داری تەمەنم، دەزانم ڕەنگە زۆرم نووسیبێت و، تۆیش لە خوێندنەوەی هیلاک بووبیت، بەڵام ئەگەر دەزانیت چەندە پڕم لە گوتن، چەندە بێئۆقرەم بۆ کردنی

دەردەدڵێک کە وەک ئاو لەنێویاندا دەکوڵێم، وەک پەروانە تیایاندا دەسوتێم، هەرگیز لۆمەی ڕژانی کاسەی پڕی ئەم بێئومێدییەم ناکەیت. هیوادارم پەیامەکەم گەیشتبێت و، تۆیش دەروازەی ڕووتم لێ کلیل نەدەیت. تا پێچەوانەی ڕاکەی حوسێنی پەناهی بسەلمێنم کە وتویەتی:

"کاتێک بادەمێکی تاڵ دەخۆیت، بەدوایدا خێرا چەند بادەمێکی شیرن دەخۆیت. ئەمە لەبەر ئەوە نییە تا چێژ لە بادەمەکانی دواتر وەربگریت، بەڵکو تەنیا بۆ لەبیرکردنی بادەمە تاڵەکەی پێشوتە. بۆیە عیشقی یەکەمیش هەر وایە، کاتێک کە تێیدا شکست دەهێنیت، چەند جارێکی تریش عاشق دەبیتەوە، تا ئازار و تاڵیی عیشقی یەکەمت بیر بچێتەوە."

بەڵام خۆزگە پەناهی مابا تا پێم وتبا: "ئەگەر لە دوای هەرەسی یەکەمیدا، تۆی کەوتبایەتە دڵ و دووبارە عاشق ببوایەتەوە، ئایا دەیتوانی بەو پەڕی ڕاستگۆییەوە قسەیەکی لەم جۆرە بکات؟ بێگومان هەرگیز ..."

**قەشمەرترین مرۆڤی دەستی ژیان**

**سوارەی هیچوپووچ**

**خۆشم دەوێیت**

# سڵاو باشترینەکەی من، ئەی پیاوی جوان!

گلەیی بێت، گیانم؛ سروەکەت گریاند. بەخودا زۆر گریام. لە کاتی خوێندنەوەی نامەکەتدا وام هەست دەکرد لە کۆڕێکی ماتەمینیدا دانیشتوم و گوێم بۆ قەسیدەیەکی غەمگین هەڵخستووە بۆ یادی لەدەستچوونی ئازیزترین ئازیزم.

قەت نەمدەزانی تۆ هێندە بە قووڵی لە ژیان دەڕوانیت. چونکە ئەو ڕۆژە لەگەڵ نازەی پوورزامدا کە تۆمان لەنێو حەسارەکەی ماڵی فەرهاددا بینی و، بە پێوە میزت دەکرد، هێندە بە فشەکەرانەوە وەستابوویت، دەمگوت: "نازە، وا پێدەچێت ئەم کوڕە هەرچی ناوی خەم بێت، نەیبێت. ئەوەی لەدەستی داوە قەت، سڵی لێ نەکاتەوە." چونکە بەر لەوەی بەم نامەیەت ئاشنا بم، باجی غەزاڵی دایکی فەرهاد باسی تۆی گێڕابووەوە بۆ ئامەی دایکم. بەشێکی کەمیش لەو چیرۆکە

دەزانم کە فەرهاد چۆن ئاشنات بووە و، تۆی هێناوەتەوە بۆ مالّی خۆیان تا لەو بارە نالەبارەی شار ڕزگارت بێت.

لەبارەی مەردی و جوانخاسیی تۆوە زۆر شت دەزانم. ئەوەیش دەزانم کە ناتەوێت تا سەر لێرە بمێنیتەوە و، ڕەنگە بەم نزیکانە بگەڕێیتەوە بۆ شار.

بەلاّم تۆ بلّێیت سروە ئەوەندە بێهەست بێت تا بهێلّێت بە سەبەتەی بەتالّەوە لە لادێکەمان دەربچێت؟ تۆ بلّێیت هێندە دلّڕەق بم ئەم هەموو هەستە جوانانەی تۆ لە تەختی سینەمدا چرۆیەک نەکەن؟

نا گیانم نا. من لەو کچە خولیابازانە نیم کە هیچ لەبارەی ئەوینەوە نازانن و، بە زەنگینی و هەگبەی پڕی گیرفانی گەنجەکان فریو دەخۆن. چونکە لام وایە ئەوانەی نرخی خۆیان بە ئالّتون و دراو دەگۆڕنەوە، ڕۆژێک دادێت موشتەریەکی باشتر بیانکڕێت.

جا بزانە من لە ئەهلی ئەو خۆفرۆشانە نیم. ئەوەی دەتوانێت لە خۆمم بسێنێتەوە، تەنیا دلّێکە وەک ئاوێنەیەک خۆمی تێدا ببینمەوە. ئاوێنەیەک بەلّێن بدات کە تێیدا نەشکێم. بە ڕوونی ژیانم نیشان بدات، هەر ئەوە نەبێت فرمێسکەکانمی تێدا بڕژێن، یا لە ڕوویدا تف لە بوونی خۆم بکەم و، تێیدا بێحالّیم وێنا بکەم.

بزانە من سەرمایەداری لە هەر کوێیەک بێت، لێی ڕادەکەم. چونکە تێگەیشتووم لەوەی ئەوانەی تەنیا پارەیان هەیە، لە دڵدا زۆر هەژارن. حاڵیم لەوەی ئەوانەی بێکەسن و کەسێک دەکەن بە دۆست، وا بەئاسانی دەستبەرداری نابن. بۆ نموونە تۆ!

لەبارەی مەرگی دایکتەوە، وەک کەوێک وام لەنێو تۆڕدا کە ژان باڵەکانی بەستم. چونکە باش دەزانم دەردی دووری لە دایکەوە چەندە لە مردن نزیکت دەخاتەوە. بە جۆرێک بێحەوسەڵەت دەکات، خۆت بە ڕسواترین مرۆڤی دنیا دەزانیت. بۆیە جێی پێکەنین نەبوو بە لامەوە کاتێک لە کۆتاییی نامەکەتدا بەو پەڕی ئیحساسەوە نووسیبووت:

"قەشمەرترین مرۆڤی دەستی ژیان

"سوارە..." بە دوایدا "خۆشم دەوێیت."، دەی منیش خۆشم دەوێیت.

دەزانم سەختە دوور بیت لە ئازیزان. دە ئاخر کاتێک کەسێکت نەبێت کە پێت بڵێت بە ساقەی یەک هەناسەت بم، خۆت وەکوو هەورێک دێتە پێش چاو کە ناخی پڕە لە باران. وەک ئاگرێک دەسووتێیت کە یاخی بووبێت لە کوژانەوە.

تەنیایی خۆشە بەڵام، لە نەبوونی دایکدا دەتهاڕێت. لە بێباوکیدا لەتلەتت دەکات. بەڵام خەم مەخۆ ئازیز، ئێرە وڵاتی غەریبانە.

چونکە لێرە ژیانی لێ دەربچێت، گشت شتێک بێنرخە و تەواو هەرزانە.

ئەگەر لەم وێرانەدا خەمێکت نەبێت، بە ڕاستی سەیرە. چونکە لێرە ئەوەندەی دڵەکان دەشکێن، شووشەکان بەر نابنەوە. ئەوەندەی چاوەکان دائەچۆڕێن، تاقگەکان شۆڕنابنەوە. لێرە ئەوەندەی ڕۆحەکان دەفڕن، باڵندەکان باڵ ناگرن. ئەوەندەی گیان دەسووتێت، پشکۆکان گڕ ناگرن. ئەوەندەی لێوەکان تینوون، خۆ سەحراکان بەبێ ئاو نین. ئەوەندەی دواڕۆژ لێڵە، شەوەکان ڕەش و تار نین.

لێرە ئەوەندەی ژیان ئاوا دەبێت، ڕۆژەکان ئاوا نابن. ئەوەندەی مرۆڤ پەژموردەیە، باغەکان تژیی وەرین نابن. لێرە ئەوەندەی عیشق هەڵدەواسرێت، تەنافی ئاسمانەکان ئەستێرە ناگرن. ئەوەندەی گیان باری خەمە، زەمینەکان سروشت لە کۆڵ ناگرن. ئەوەندەی خەندەکان بەبێ لێون، پێکی مەیخانەکان بێهاودەم نین. ئەوەندەی دادگاکان مەرگی بە ناحەق بەیان دەکەن، جەنگەکان دوژمنی ژیان نین. لێرە ئەوەندەی شادی شاراوەیە، شێوەی خودا پەنهان نییە. ئەوەندەی نزاکان ناگەنە جێ، وێستگەی کۆتا سەفەر بێڕێبوار نییە.

لێرە و لەنێو ئەم جەنگەڵەدا هەر مرۆڤە و وا ڕاو دەنرێت. هەمومان بووین بە ڕەشی ڕووی چارەنووس. تۆ بڵێیت لای خودایش مافمان بخورێت؟

لێرە ئەگەر ئاهـ و زامی مرۆڤ گڕی گرتبا لە سینەدا، ئێستا ئەم نیشتمانەی ئێمە گەورەترین دۆزەخ بوو لە دنیادا. ئەگەر لاشەی شەهیدەکانمان چرۆیان کردبا لەژێر خاکدا، ئێستا ئەم وڵاتەی من و تۆ جوانترین بەهەشت بو لە گەردووندا.

بەڵێ ئازیز، لێرە گیان هێندە برسی و شەکەتی ڕێیە، نان بە نانەوە دەخوات. خەون بە خەونەوە دەبینێت. بەڵام چی بکەین کە ویژدانی مرۆڤایەتی کوێرە، چاوێک نییە بمانبینێت.

جا چی بە تۆ بڵێم سوارەی هەر لە ئادەمڕا تا دواین لەدایکبوونی منداڵی ئەم کەونە لە دڵمدا ئازیز؟ ئەگەر بە تاڵەکانی قژی من دڵنەواییت دێت، هانێ بگرە و شانەیان کە. ئەگەر لێوەکانم تینوێتیت دەشکێنن، وەرە و سڵ مەکە تا دەتوانیت ماچیان بکە. من لە ماچی ئەوین ناترسم، کوڕی باش. ئەگەر ئەوینێک ڕاستگۆیی پەی پێ بردبێت، لێبگەڕێ با لەسەری بمکوژن. هەزار جار گیانم پیرۆزی ئەو خاکە بێت.

چونکە لەم وڵاتەدا زۆرمان لە بارەی بڤەی خۆشەویستییەوە بیست. لە بارەی سووتانی ئەو هەموو ژن و کچانەی کە

دەیانەویست بۆ عیشق بژین، کەچی مەرگیان خست بە بەرۆکیاندا.

سەیر بکە، نیو سەدەیە خیانەتبازەکانی ئەم ولاتە، بەناوشۆڕشگێڕە دەبەنگەکانی نیشتمان، خوێنی برا و باوک و کەسی ئێمە حەلال دەکەن تا سەربەخۆییمان بۆ بێنن. کەچی لە درۆیەک زیاتر هیچی تریان بۆ نەهێناین. کەواتە لێبگەڕێ با ئێمە دەولەتی سەربەخۆیی بۆ دلمان بهێنین. لێبگەڕێ با ئالای عیشقی ئێمە، هەمیشە شەکانەوەی خۆی زین بکات.

خۆزگە ئێستا لەلام دەبوویت، تا دەستەکانت لە کەمەرم بئالێنم. تا دوا سنوری ناز لە بەردەمتدا سەما بکەم، بەلکو هەر هیچ نەبێت کەمێک لە خەمەکانت ڕابمالم.

بە گیانی ئامەی دایکم! هێندەم خۆش دەوێیت، زیاتر لەوەی خۆت بیری لێ دەکەیتەوە.

ئا، دەمەوێت دان بەو ڕاستیەیشدا بنێم، ئەگەر خۆت ئەو پەیامەت بۆ نەناردبام، سنووری هەموو شەرمێکم تێک دەشکاند و خۆم دەهاتمە سەر ڕێگاکەت و، پێم دەگوتیت:

"بەدەست خۆم نیە و دلم ویستی، سوارە. ترپەکانی بانگت دەکەن. ئەژنۆکانم بۆ خۆیان ڕێگەیان گرت. دەستەکانم حەز بە

گرتنی دەستەکانت دەکەن، جا تۆ چی دەڵێی؟ تۆیش حەز بە گرتنی دەستەکانم دەکەیت؟.“

سەبارەت بە وەرینی گەڵاکەیشت، هێندە ڕاستگۆیانە هاتیە دوان، هێندە غەریبانە یادەکانیت لە وشەکانتدا ئاوێتە کردووە، باوەڕ بکە ئەوەی گەرد بێت لەبارەی رابردووتەوە دڵم نەیگرت. تەنیا ئەوە نەبێت کە بە هۆی ئەوەوە زیاتر خۆشم ویستیت، چونکە وەفات بۆ ئەو پێی گوتم کە تۆ کەسێکی هەرگیز لە ناسینت پەشیمان نابم.

بەڵام تکات لێ دەکەم، هەرگیز ئەو لە مندا مەبینە. وا مەکە بە جەستە لەگەڵ مندا بیت و، لە دڵیشەوە یادی ئەو بکەیت. بەڵکو وەک دوو گوڵ وێنامان بکە کە هەر یەکەو لە نەژادی خونچەیەکەوە شکۆفەمان لە ڕۆحتدا کردبێت. با وەک ئەوەی پەناهی فەرومویە کە تەنیا بادەمێک نەبم بۆ لە بیرکردنی تاڵیی بادەمەکەی پێشووت. با هەر یەکەمان ئاوی میوەک بین و، بە دوو تامی جیاواز بمان نۆشیت.

ئاساییە ئەگەر یەکەم منداڵمان کچ بوو، وەک وەفایەک ناوی گەڵای لێ بنێیت، بەڵام تکایە با دایکی ڕاستەقینەی هەر من بم. چونکە ئەوە ئازارم دەدات لەسەر پێخەفی شەوە سوورەکانمان جگە لە کۆپیەکی ئەو، هیچی تر نەبم. مەبەستمە بڵێم: بە جۆرێک مەمکۆڵانی ئەو لە سینەی مندا بگریت و، نیگاکانی ئەو

له چاوانی مندا سڕت بکەن. ئەمە خیانەتە خیانەت—خیانەتێک
کە سنووری هەموو بێشەرمییەک دەشکێنێ، چونکە وام لێ
دەکات لە ماڵەکەتدا لە سۆزانیەک زیاتر، هەست بە هیچ
بوونێکی تر نەکەم لە لات.

منیش وەک تۆ نامەوێت ڕابردووم لە سینەی نهێنیەکانمدا
بشارمەوە. دەمەوێت هێندەی خۆت لە گەڵتدا ڕاستگۆ بم. بەم
بۆنەوە نامەیەکم لایە، دەمەوێت وەکوو خۆی بۆتی
بنووسمەوە. کە لە قۆناغی دووی زانکۆمدا لەلایەن گەنجێکی
نامرادی دڵشکاوەوە پێم گەیشت.

**نامەی کوڕێکی کەمئەندام بۆ کچێکی تەواو!**

**جوانیت باش، ئەی کیژە چاو سەوزەکەی بەهاری دڵ.**

**گەرچی نازانم ئەم نامەیەم پێت دەگات یان نا، بەڵام هەر دەینووسم. دەینووسم چونکە پێم وایە وشەکانم کەمئەندام نین. باوەڕم وایە دڵم هێشتا لەپێ نەکەوتووە و، پەیامەکانی دەگەنە جێ. لەوەیش دڵنیام ئەژنۆکانی ڕۆحم هێشتا نەشکاون و، گەرچی بە هێواشی هەنگاو دەنێن، بەڵام توانایان هەیە بگەن بە کۆتایی ڕێگاکە. بۆیە ئومێدم وایە کە ئەم نامەیەم سەرەنجام پێت دەگات و، تۆیش دەیخوێنیتەوە.**

دەزانم ڕەنگە هەرگیز لە خەیاڵتدا ڕووی نەدابێت کە چاوەڕوانی ڕۆژێک بیت کوڕێک کە هەردوو قاچەکانی لەدەست دابێت، بێت و نامەیەکی عاشقانەت بۆ بنووسێت و دەرگای دڵیت بۆ بکاتەوە. چونکە باوەڕی کچانی ئەم وڵاتە وایە، هەمیشە وا دەزانن پیاوی سەر عەرەبانەکان تەنیا دەزانن سواڵی پارە بکەن. وەلێ شۆخە میهرەبانەکەم، من لەو پیاوانە نیم و، بۆ سواڵی دڵت هاتووم.

ڕەنگە هەرگیز بیرت لەوە نەکردبێتەوە کە مرۆڤێکی نیوە جەستە بێت و داوای تەواوی گیانت بکات. بەڵام گیانە تۆ ئەوە دەزانیت کە هەمیشە گوڵە جوانەکان لە کێوە سەختەکاندا دەڕوێن؟ هەمیشە تاڤگەکان بە باڵای کێوە لەتبووەکاندا شۆڕ دەبنەوە؟ دەی تۆیش گوڵ و تاڤگەی نێو ئەم کێوە سەختەی دڵی منیت.

سەیر بکە، خۆ ئاسمانیش پێی نیە، کە چی ئامێزی بۆ گەردوونێک واڵا کردووەتەوە کە بە ملیۆنان ئەستێرەی تێدا دەژین. دە ئاخر عیشق لە دڵدا هەڵدەگیرسێت، وە لە خەیاڵدا دروست دەبێت و ئۆقرە دەگرێت، دێ و ڕۆح دەکات بە مەنزڵ. چ کاری بەسەر لەش و گیانەوە هەیە؟ ڕێک وەک ئەو مردووانەی کاتێک دەڕۆن، سەدان خولیای نیوەچڵ لە باڵی ڕۆحیان گرێ دەدەن و دەیبەن لەگەڵ خۆیاندا.

سەیر بکە، ئەوەی لە عیشقدا دەسووتێت، پێ نییە—دڵە. ئەوەی لە نیگادا سڕ دەبێت، پێ نییە—چاوە. ئەوەی دەفڕێت بەرەو ئاسمان، پێ نییە—ڕۆحە. ئەوەی گوڵی دڵداری بە بەرۆکی ژنانەوە هەڵدەواسێت لە ڕۆژانی یادەکانیدا، پێ نییە—دەستە. ئەوەی تامی شیللەی لێوەکان دەکات و گۆرانی بۆ ئەوین دەچڕێت، پێ نییە—زارە. ئەوەی خەمەکانت لە کۆڵ دەگرێت، پێ نییە—پشتە. ئەوەی بە سێدارەی عیشقەوە هەڵیدەواسن و شانازیشی پێوە دەکات، خۆ پێ نییە—گەردەنە.

بەڵام ئەوەی خائینەکان پێی هەڵدێن، پێیەکانن. ئەوەی ئامادەی سوژدەی عیشق نییە، ئەژنۆی لەخۆباییی بێوەفاکانن. ئەوەی دڵەکان بەر شەق دەدات، دایمە نووکی تیژی پێڵاوەکانن. سوپاس کە من نیمە!

ڕاستە من کەمئەندامم، بەڵام خۆ دڵم تەواوە. ڕاستە ناتوانم لەسەر پێ بم، بەڵام خۆ دەستم بۆ شانەی نەرمی پرچەکانت هێشتا ماوە.

دەسا ئەی کچی تەواو، لەسەر ئەم عەرەبانە شڕوشۆڵەی ژێرمدا چەندە جوانە تۆ ببێیت و بە ئارەزووی خۆت کوێت بوێت، بمبەیت. چەند جوانە کە باوەشم پێدا دەکەیت و دامدەگریت—هەزار جار قوربانی میهرەبانیەکەت بم.

چەند خۆشە لە حەمامدا دەستەکانی تۆ بێن و بمشۆن. دە ئاخر پیاوی سەر عەرەبانەکان زۆر غەریبن، کەس تێیان ناگات کە چەندە بە هێمنی ڕێگای ژیان دەبڕن. چەند سوپاسگوزارن کەسێک بێت و پاڵیان بنێت. جا ئەگەر ئەو کەسەیش خۆشەویستەکەیان بێت، بەهـ بەهـ دەبێت چ بە وەفایەکیان لێ دەربچێت؟

دەسا تۆ وەرە و پاڵم بنێ ئەی دۆست. پاڵم بنێ بۆ ناو دڵت. لە کۆڵانەکانی پرچی خاوتدا عەرەبانەکەم بوەستێنە. وای ئەمە چ ئارەزوویەکە من هەمە، ئازیز!

دەزانم من پیاوێکی بچووکم، بەڵام ڕەنگە ئامانجی خودا لەمەدا ئەوە بێت تا پڕ بە باوەشت بم و نەتوانم لێت ڕا بکەم. تکا دەکەم تۆیش خۆت مەکە بە پێڵاو، چونکە ئەوەی هەرگیز بە من ئاشنا نییە، پێڵاوەکانن—لە بەر ئەوەی بێ پێم.

کراس بە و وەرە بەرم، تا منیش بەڵێنت پێ بدەم تا قیامەت تۆ بپۆشم. چەندم خۆش دەوێیت خوایە، ئەی کچی تەواو ... ماڵئاوا.

ئەو گەنجەی ئەم نامەیەی بۆ ناردم، بەختیاری ناو بوو کە لە ڕۆژانی خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکانی گەلدا لەبەردەم بارەگای حیزبێکی خوێنڕێژدا بە فیشەکی چەتەکانی حیزب پێکرا و، سەرەنجام بە هۆیەوە قاچەکانی لەدەست دا.

لە ڕاستیدا دوای گەیشتنی ئەم نامەیەی، خۆشم دەویست. بەڵام بەر لەوەی عاشقی بم، بەیانیەکیان کاتێک چووم بۆ زانکۆ، بینیم لەسەر لافیتەیەکی ڕەش، بە خەتێکی سپی لەسەر دیواری زانکۆکەمان نووسرابو:

ئەمڕۆ دڵێکی گەورە لە لێدان کەوت. بەختیارێک نیشتمانی چەتەکان بە خۆی ڕەوای نەبینی و، مردن لە ئامێزی گرت.ماڵئاوا هاوڕێ. تۆ شاد بە و، دوژمنەکانیشت هەمیشە سەرشۆڕ.

دیار بوو کۆیلەکانی دەسەڵات بەو کەمئەندامیەی خۆیەوە هێشتان لێی دەترسان، چونکە بەختیار یەکێک بوو لە بزوێنەرانی هەموو ئەو نارەزاییانەی بۆ پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و ئازادی، دایمە لەپێشی پێشەوە هاواری دەکرد. سەرەنجام ئێوارەکیان کە هێشتا مانگەشەو دەرنەکەوتبوو تا سەگەکانی دەسەڵات پێی بوەڕن، هێشتان شەونمی تەڕ نەڕژابوونە سەر گەڵاکان، ئەو سەگانە ئارامیان نەگرت و کەڵبەی تیژیان لە گیانی بەختیاردا سوور کرد.

ئیتر ئاوایە سوارە گیان، هەر یەکەو خاوەنی چیرۆکێکین کە لەنێویدا نەبووین بە پاڵەوان. چونکە ئەم نیشتمانە سوێند دراوە کە هیچ کەس تێیدا براوە و بەختیار نەبێت، تا دۆڕاوەکان بەبێ ڕکابەر لە نێویدا بمێننەوە.

فێریان کردووە هەرچی جوانی هەیە، لە ناوی ببات تا بڵێن ئەوەتانێ جوانی هەر بوونی نیە و، بە کەیفی خۆیان چی ناشرینی هەیە لە شانۆی ئەم مەرگەساتەدا نمایشی بکەن و، ئێمەیش جگە لە گریان کارێکی ترمان لەدەست نەیەت.

بۆیە هەرگیز نە من لۆمەی تۆ دەکەم لە بارەی ڕابردووتەوە، نە تۆیش مافی ئەوەت هەیە، وەک خۆت گوتت. چونکە ئەوانەی لەدەستیان دەدەین، بەبێ ویستی خۆمانە و، دڵ بێئاگایە لە چوونیان.

کەواتە با هەوڵ بدەین بۆ داهاتوو بژیین. خۆ ژیان هەر ئەمڕۆ و دوێنێ نییە. با ئیتر سبەینێمان پڕ بکەین لە خۆشەویستی. بزانین قەدەری ئێمەیش تا کوێ دەڕوات؟

بە گریانەوە دەڵێم: "خۆشم دەوێیت، چونکە دەزانم لەم گریانەم باش تێدەگەیت."

وەک منداڵەکان پێم دەڵێن: "مامۆستا سروە."

بەڵام دەزانیت بۆ تۆ چی دەکەم؟ خۆم ڕووتوقوت دەکەمەوە، بۆیە مامۆستاکە لابەرەو با هەر سروە بم لەلات.

**شەوت شاد بێت، ئازیزەکەم. ئەی سوارەی پیاو.**

**ماچێکی مەزن ...**

# به توندی دەستەکانت دەگوشم !

ئەی هەزار جار بە لەیلت بم، چۆنیت، فەرهادەکەی من؟

لەوەتەی تۆم ناسیوە، دڵم هێندە ناسک بووەتەوە، بۆ دیدارێکت خەریکە لە خۆیەوە دەشکێت. چاوم بۆ نیگایەکت ئەوەندە حەسرەتبارە، زۆری نەماوە لە گلێنەمدا تۆ بڕوێیت. شەوەکانم وەک ئەوەی چەقۆ بن لەسەر سەرینەکەم، لە تاو خەیاڵت خەو ناچێت بە لایانەوە. ئەوەندەت بیر دەکەم گیانم، مەگەر یەعقوب هێندە زامی تەنیاییی چەشتبێت لە تاو یوسفکەی.

ئەی بە زوڵەیخای ئەوینت بم، سا عەزیزی میسرِی ئەم دڵەم. وەک بەڵێنم پێ دابوویت، هەفتەی داهاتوو لەلات دەبم. کراسە ڕەشەکەیشم ئامادەیە ... ئەگەر کەشوهەوا باراناوی نەبێت، بۆتی دەپۆشم. پاڵتۆیەکی ڕەشی جوانیشم بۆ کڕیویت. ئەگەر بوار بڕەخسێت، حەز دەکەم بە دەستەکانی خۆم بیکەمە باڵات.

بەڵام بەر لەوەی بێم، تکایە با نامەیەکی ترت پێم بگات. نەبادا ئەم چەند ڕۆژە ئۆقرەی بێتۆییم لێ ببڕن. نامەوێت گلەیی لە کورتیی نامەکەم بکەیت، گیانم. چونکە دوو ڕۆژە زۆر نەخۆشم، نزای چاکبوونەوەم بۆ بکە. تا بە زوویی بگەمە لات.

کات: تۆی دەوێت دڵم

نازەنین

# بە دڵ سەلامت لێ دەکەم

ئەی ئەو شۆخەی دە بەهارە پاییزی سینەم چاوەڕێتە. ئەی ئەو ماچەی هەر نەهاتی و، بمتوێنیەوە بە سەر لێوتا. کەی دێیت، ئەی بە ڕۆحم نزیک و، لە چاوم دوور؟ تاکەی قەدی مەرگم دەکەیت لەنێو کفنی ئەم دووریەتا؟ تاکەی گیانم تا کەی؟

منیش لەو ساتەوەی عاشقت بووم، یاخیم لە هەموو ئەو ئەستێرانە کە نیگات دەدزن، لە گشت ئەو شەوانەی خەونەکانت لە کۆڵ دەگرن. تەنانەت لەو باخانەیش، کاتێک بەنێویاندا دەڕۆیت و، گوڵەکانی بۆنی قژت دەگرن.

هۆ نازەکەم! جاری وا هەیە بە یادتەوە ئەوەندە دوور دەڕۆم لە سەر پەتی خەیاڵ، دەڵێیت لە سەفەری چیندام و لەسەر

شوراکەی ڕێ دەکەم. بەڵام کاتێک بەئاگا دێمەوە، ئەوەی لە سەرمدایە، نە تۆیت و نە هیچ شتێکی تر جگە لە کۆنە جامانەکەی باوکم.

دەبینیت دووریت چۆن کردوومی بە مەزەی خۆی؟ ئاگات لێیە چۆن فیراقت پێم ڕادەبوێرێت؟

ئەی ئەو دڵەی لە سینەمدا ژیان دەکەیت، ئەی ئەو جوانەی لە تاو جوانیت گوڵ شەیدای ناوت دەکەیت، تۆ چیت و کێیت پێ دەڵێن؟ ئەرێ تاکەی لە عیشقت ڕسوام دەکەیت؟

هانێ دەستەکانم بگرە، تا گڕی دەروونمت پیشان بدەم. ئەی بە فەرهادی کێوی جوانیت بم. کەی دێیت شیرنی من تا هەزار جار خۆمت فیدا بکەم؟

تا کەی ئەم تاڵیەی دووریت، لە پێکی خەیاڵی ژووانتدا سەودا بکەم، کەسم؟ کەی دێیت جوانم کەی؟

ئەی کچی بێخودای پەرستگای ئەم ڕۆحەی من! ئەی شاژنی دوور لە کورسی شانشینی ئەم دڵەی من! گیانم، هۆ شنەبای نێو وەشتی نەرم، ئەی دەزانیت چی؟ ئەی دڵ گەرم! وەرە و بمکە بە ئاوێنەی خەیاڵی پڕ لە خۆزگەی ئایندەت. ئەگەر چێژی لێ دەبینیت، بمکە بە ڕسواترین عاشقی نێو ئەم سەدەت. ئەی منداڵە ژیرەکەی پۆلی دڵم. ئەگەر حەز دەکەیت بمکە بە تۆز

لەژێر پێتدا، چاوەڕێی چییت؟ هەڵپەڕە دەی، پۆل بە تەنیا مەر هی خۆتە. دەی وەرە و بمکە بە کولارەی دەستی خولیات، بمفڕێنە لە کۆلانەکانی تەختی سینەت.

هۆ ئەو گڕەی لە هەناسەم وەکوو ئاگر داگیرساویت، ئەی ئەو شۆخەی لە قومارخانەی خەیاڵمدا هەر براوەیت و نەدۆڕاویت، وەرە و بمبەرەوە بۆ پرشنگی یەکەم نیگات. نیگایەکی ئەوەندە میهرەبان تا وەک بەستەڵەکی ئۆقیانووسی خەم پشکۆی دلم کپ و سڕ کات.

یاخوا گیانم نەزری گیانت بێت. هەناسەم فیدای چاوی ڕەشت بێت.

ئەی شاجوانی جوانتر لە جوان، بیرت دەکەم! هێندەی پیرێکی شەیدای لاوی، هێندەی گوڵی نێو بیابانێک بۆ ژێر کەپری سایەی جوانی.

بە هیوام نەخۆشیەکەت تەنیا تای عیشق بێت و، هەر لە گەرمیی دڵتدا پەرێشان بووبیت. هەی قەزای گشت دەردێکت لە من، ئەی بە چارەی گشت ژانێکت بم.

پێم خۆشە ئەمشەو بێم و لە دەرگات بدەم، وەک هەڵۆیەکی شێت بگەمە لات. تا بێم و بەبێ سڵا کردن، وەک شاعیرێک بە تۆ بڵێم: "دەتوانم تا بەیانی لات بمێنمەوە؟ ڕێگەم دەدەیت

ئەمشەو گوێچکەت پڕ بکەم لە گۆرانی و، خەمی گریاوی عیشقت ژێر کەمەوە؟ وەک بەفرێک توانەوەم بێنمە سەر لێوت و، تای گەرمیی ئەوینت سارد کەمەوە. دەی بڵێ کە دەتوانم!

بێم تاڵبەتاڵی پرچەکانت بهۆنمەوە؟ لە جێی مۆمی نێو ژوورەکەت، هێدی هێدی بە بای هەناسەت، وەک شەکانەوی ئالای فرۆشراوی نیشتمان بشنێمەوە؟

لە ماڵی ئەم شەو؟ تا بێم و لە جێگای نان، نا ... نا، لە بری ئاو لە کاسەی جوانیت بخۆمەوە؟ بەڵێن دەدەیت ئەگەر هاتم لەسەر شلکەی ڕانەکانت بمرم و تا قیامەت ڕاست نەبمەوە؟ دەتوانم؟ دەی بڵێ کە دەتوانم!

دەتوانم ئەمشەو بێم و گۆرانی لە سەر سینەتا بچڕم. گەرووم بکەم بە ئاوازی  خونچە و، لە گوڵی ڕووتدا بەهار بگرم؟ توخودا بڵێ کە دەتوانم!

ئەگەر ڕێگەم بدەیت، ئەمشەو دێم و ئەستێرەت بۆ ڕاو دەکەم. بەڵێن دەدەم مانگ لەنێو شەوقی قەشەنگیتدا بێڕەنگ بکەم.

زووبر نابێت ئەگەر بڵێم: 'خۆشم دەوێیت'؟ بەرگە دەگریت بۆت بسووتێم؟ خۆ گەرمات نابێت ئەزیزم، گەر لە ژوورەکەت دابگیرسێم؟ دەی ڕێگەم بدە با ئەمشەو بێم!

دەتوانم ئەمشەو بێم و ناوی تۆ لە خۆم بنێم؟ ڕێگەم دەدەیت لەنێو دڵما بتنووسمەوە؟ حەز دەکەیت هەموو بوونم بکەم بە تۆ و، جوانیت بۆ شۆستەکانی شار بەرمەوە؟

دەتوانم بە خودا بڵێم: تا هەتایە تۆم پێشکەش بکات؟ فریشتەکانی سەر شانت وەدەربنێ و، ئامانەتی منت بکات؟

دە ئاخر منی هەژار شتێک نییە بە ناومەوە بێت. ڕێگەم دەدەیت تاوانەکانت بکەم بە ناوی خۆمەوە؟ تەنانەت لە دۆزەخیشدا لە جێگای تۆ بتلێمەوە؟ دەتوانم؟ دەی بڵێ کە دەتوانم!

شایەنیت نییە گوڵم، زۆر سوپاس ...

چونکە من بۆ سووتان چێ کراوم. وا هەست دەکەم هەر لە یەکەم ڕۆژی بوونمەوە بۆ گڕگرتن لە عیشقی تۆدا نێردراوم.

دەتوانم بڵێم کە مێژووی مۆسیقا لە دەنگی تۆوە دروست بووە، سوێند بخۆم کە **بتهۆڤن**، لە لەنجەکانی تۆدا نۆتەکانی دارشتووە؟

دەتوانم بڵێم ڕەگی دەریا لە قوڵایی دڵە مەزنەکەی تۆدا ڕوواوە؟ بڵێم کەوا چی شاخ هەیە لە سێبەری باڵاکەتدا هەڵواسراوە؟

بێم و بڵێم: تۆ ئاسمانیت ... هەر خۆت لە نێویدا پەلکە زێڕنە و، نەرمە وەشتی دوای بارانیت؟ دەتوانم؟ دەی بڵێ کە دەتوانم!

ئەی نازەی تەڕ، ئەی لە دڵمدا نووستویەکی جوان! لە دوای خودا، تەنیا باوەڕ بە عیشقی تۆ دەهێنم. دوای دایکیشم، تۆ و دەزانیت کێی تر؟ تەنیا هەر تۆ بە سەرچاوەی بوونم لەم ژیانەدا دەناسێنم!

دەتوانم بڵێم: مێژووی شاری دڵەکەم تۆی، تا لە پێناوتدا شەهید ببم؟ بڵێم: دەمرم ئەی نیشتمانی پیرۆزم، ئەگەر ڕۆژێک نەبەم ناوت؟ دەرگام لێ دەکەیتەوە ئەگەر ئەمشەو بێم؟ زەکاتی عیشقتم پێ دەبەخشیت؟

ئەگەر هاتم دەمناسیتەوە؟ لە گەڵمدا دادەنیشیت؟ دە با بێم ئەم شەو، دەی بڵێ کە دەتوانم!

دەی با ئەمشەو لات بمێنمەوە. بمخەوێنە لە ژوورەکەت. ئەوسا بە گشت شتێک ڕازی دەبم. تەنانەت مەرگیشم دووقەد بکەیت لەنێو نەرمیی پێخەفەکەت.

گەرنا ڕێگەم بدە ئەمشەو بێم و، سەری سپیی غەمەکانم بە تاسەی گەیشتنی دیدارت ڕەش کەمەوە. وام لێ بکە هەموو دنیا لەبیر کەم و، تەنیا بیر لە تۆ بکەمەوە.

چەندە باسی جوانیت بکەم کە جوانی تۆ تەواو نابێت؟ کچی کامە بارانی ئازیز کە ڕێژنەی نازت قەت تەواو نابێت؟

دەتوانم بە فریشتەی مەرگ بڵێم: ئەگەر هات لە جێگای ڕۆح، نازت بکێشێت؟ ڕێگە دەدەیت مەلی خۆزگەت، بێ و لەسەر دەماری دڵم هەڵبنیشێت؟ دەتوانم هەوای دووریت لە چارۆکەی خەیاڵم گرێ بدەم؟ ئەگەر جوانە بە لاتەوە، پەنجەکانت بە بۆیەی فرمێسکم ڕەنگدار بکەم؟ دەتوانم لە هەورەکانت هەڵکێشم و لەسەر با بتخەوێنم؟ حەز دەکەیت بۆت ببم بە خۆڵ و ڕەگی عیشقتم تیا بچێنیت؟ دەی بڵێ کە دەتوانم !

دەتوانم لە پەڕەی گوڵ وێنەکانت بنەخشێنم؟ تا لەنێویاندا لەسەر باڵی پەپوولە بتفڕێنم؟ دواتر بتخەمە چوارچێوەی ئاسمانەوە و، مانگی چواردە لەژێر پێتدا بتاسێنم؟

دەتوانم بۆنی هەنیەت بەسەر شاردا بپرژێنم؟ ڕێگەم دەدەیت گوڵی زارت بە باخەکان بناسێنم؟

دەتوانم ئەمشەو بێم و بسووتێم بە بروسکەی تەڕی هەوری نیگات؟ حەز دەکەیت لەم وادەی هاتنی سەری ساڵەدا ببمە قوربانیی جەژنی خولیات؟

دەتوانم شیرینیی گوفتارت لە چا بکەم؟ ڕێگە دەدەیت تاڵیی ژیانم بە وشەکانت بخۆمەوە؟

ئەگەر ناتوانم ... دەی لە چاڵەکەی ژێر گەردەنتدا بمنێژە. مەهێڵە تا ئەبەد ڕاست ببمەوە. وای خودا ئەوە چ مەرگێکە! من وا لە خۆشیی ئەو مردنەیشدا خەریکە دەمرم.

خۆپەرست نیم باوانەکەم، بەڵام من ئەو مەرگە خەنیم دەکات، ئەگەر تو سێبەر بیت بۆ لاشەکەم.

**بە چرکەی سەعاتی ژوورەکەت بم، چونکە هەمیشە وەک پاسەوانێک بێدارە بە دیارتەوە.**

**کاکەی شوان**

# بەجێت دێڵم!

سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم: ئەمڕۆ زۆر جوانیت. جوانتر لەوەی بکرێیت بە وشە. ناسکتریت لەوەی لە قەدی بەرزی ڕستەکانمدا هەڵتبواسم.

ئەمڕۆ بەنازتریت لە دوێنێ. لێوەکانت تەڕترن لە جاران. ئەوەندە مەستیت ئەمڕۆ، زیاتر لە چاوگەی کانیەکی پڕ لە ئاو دەکەیت، لەو ساتەی کەوی دڵم دێ و دەتخواتەوە.

ئەوەتانێ لێمەوە دیاریت. وای کە نەرم دێیت و دەچیت لەو پۆلەدا! خۆزگە منیش یەکێک بام لەو منداڵانە. تا بۆ وەڵامی هەر پرسیارێکت دەستم هەڵبڕیبا و گوتبام: "خۆشم دەوێیت، هۆ مامۆستا قەشەنگەکەم!"

دەمەویت شتێکت پێ بڵێم: ڕاستیەکەی ئەوەیە من تەنیا هەفتەیەکی تر لێرە دەمێنمەوە و، بە جێت دێڵم. بەڵام دڵنیا بە تۆ وەک نیشتمان وایت لە دڵمدا. بۆ هەر شوێنێک بڕۆم، دەتبەم لەگەڵ خۆمدا.

هەرچەندە دەزانم دووریی تۆ دەمهاڕێت، پارچە پارچەم دەکات. وام لێ دەکات ببم بە مرۆڤێکی دایمە غەمبار. لەلام ڕوونە فێری جگەرەم دەکات و، لەنێو دوکەڵی هەناسەکانمدا دەمخنکێنێت. وەکوو هەورێک تورِم دەدات و لە چاوەکانمدا تکتک ڕێژنەی یادتم پێ دەڕژێنێت. خەزان دێنێتە بەر دەرگای ڕۆحم. دڵم دەکات بە کوانووی ئاگرێک و لەنێویدا وەکوو پشکۆ دەمسوتێنێت. وەک مرۆڤێکی دوورەوڵات غەریبیم زین دەکات. شێوەی مەیزەدەیەکی هیلاکی مەیخانەکان، سەرم بە مێزەکان دەبەخشێ و، ئەژنۆکانم شەکەتی ڕۆیشتن دەکات. وا دەکات دەستەکانم هەست بە لەرزینی خۆیان بکەن. بە خودا ... ئا بە هەرچی پیرۆزی هەیە، پیرپیرم دەکات.

دووریت بە جۆرێک دەمکوژێنێتەوە، وەک ماشێنێکی سکراپ لە ترافیکی سەوزی ئەم ژیانەدا بە پاڵنانیش هەر پێنابم. باڵەکانم وەک باڵی کەناریەکی زامدار دەشکێنێت و، چەند بخوێنێت کەس بە فریای ناگات.

دەڕۆم و تۆ بە دڵم دەسپێرم. چونکە دڵنیام بەشێکی گەورەی لێرە جێ دەمێنێت و، لە گەڵمدا نایەت.

ئەری تۆ کێیت؟ کە وا من بەم جۆرە موبتەلای ناوت بووم؟

تۆ کێیت گیانم، کەسم، هاوڕێم؟ کە وا هێرشی خەیاڵەکانت سەنگەریان لێ گرتووم و، وەکوو کەعبە کردوومت بە میزراحێک و هەمیشە لە دەورتدا خول دەخۆم؟

بەڵێ ئازیز، دەڕۆم و بەجێت دێڵم. بەڵام لە هەرکوێ بم، یادت دەکەم. وەک سەگێکی بەوەفا چەند لێت دوور بکەومەوە، کۆتا جار لە هەرکوێ بیت، دەگەڕێمەوە بۆ لات و هەر بە بۆن دەتدۆزمەوە. ئەوسا لە بەردەرگای ئەو دڵە مەزنەتدا تا دەمرم، دەبم بە پاسەوان.

هەرچەندە ماڵی فەرهاد بە ماڵی خۆم دەزانم و، تا بڵێیت لە گەڵمدا باشن. چونکە فەرهاد بۆ من زیاتر لە برایەک کاری خۆی کرد. ڕەنگە تا قیامەت نەتوانم ئەو چاکەیەی بدەمەوە. خوشکەکانی و دایک و باوکی ئەوەندە میهرەبانن لە گەڵمدا، هەرچی بڵێم گوزارشت لەو هەموو مەزنیەیان ناکات. ئەوەی ئەوان بۆیان کردم، ڕەنگە ئەگەر دایک و باوکی خۆیشم لە ژیاندا مابان، هەر ئەوەیان بۆ کردبام. چونکە لەوەتەی لێرەم، بۆ چرکەیەکیش وایان نەکردووە هەست بە نامۆیی خۆم بکەم، یا وەک میوانێک لە خۆم بڕوانم.

ئازیزم، ژیان لەم لادێیەی ئێوەدا بۆنی بەهەشتی لێ دێت. هێندەی ئەو پەپوولەیە تێیدا شادم کە کەوتبێت بەسەر شارێک لە باخدا. بەڵام تەمەنی من لەم باخەدا هەر هێندەی پەپوولەیەکە و، دەبێت بڕۆم ئیتر.

من لێرە بۆ ئەوان هیچ نەبووم، بەڵام ئەوان گشت کەسێک بوون بۆ من. ئەو دایکەی فەرە، پورە غەزاڵی ئازیز، هەی بە بەفیدای ناوەکەی بم، ژنێکە ڕێک کۆکراوەی سەد ژنی باشە.

سەدا و سەرباخی خوشکی ئەوەندەیان خۆش دەوێم، بە کاکە سوارە بانگم دەکەن. ئێستایش کە ئەوەیان زانیوە جێیان دێڵم، بە کاک ساڵەحی باوکیشیانەوە دنیایەک نیگەرانن.

بە جۆرێک ئاشنای ئەم خێزانە جوانە بووم، ڕەنگە نەتوانم وا بە ئاسانی پێناسەیان بکەم. ئەو متمانەیەی ئەوان بە منیان بەخشی، سەروەت و سامانی ئەم دنیایە بۆ من دێنێت.

ڕۆژانە کە ماست و پەنیرەکانیانم دەبردن بۆ شار و دەمفرۆشتن، وام هەست دەکرد ڕێک یەکێکم لەو خانەوادەیە. چونکە ئەوان وایان کرد ڕۆحی دایک و باوکم لە گۆڕەکانیاندا شاد بن، بەوەی کە دەیانبینی سوارەی کوڕیان لە دوای نەمانیان چەندە بە شادی دەژی لەم ماڵەدا.

هەرگیز ئەو ڕۆژە لەیاد ناکەم، بەیانیەکی زوو بوو، هێشتا دەنگی گمەگمی کۆترەکان دەهات. شەونمی سەر بەیداخەکان تەڕ بوون جارێک. بۆنی دوکەڵ و نانی نێو تەنوورەکانی ئاوایی پیاوی هەژاری مەست دەکرد. چۆلەکەکان ئەم چڵ و ئەو چڵیان دەکرد. حاجی ستار بە خۆیی و شرە ماشێنەکەیەوە لە دەرگای ماڵی فەرەدا وەستابوون. من و پوورە غەزاڵ ماست و پەنیرەکانمان لێ بار دەکرد تا بیبەم بۆ شار. کاتێک ئامادە بووین بۆ ڕۆیشتن، پوورە غەزاڵ پارچە کاغەزێکی دایە دەستم و کۆمەڵێک ڕاسپاردەی تیا نووسیبوو تا لەو سەرەوە کە گەڕامەوە، بۆیان بێنم. هەر جارێک کە ئەوەم بیر دێتەوە، لە ناخی دڵەوە دەگریم. چونکە ئەو ڕۆژە یەکەم جار بوو ژنێک بە هەمان تام و بۆی دایکمەوە باوەشم لێ بگرێت و بەڕێم بخات.

لە ڕێگادا کە دەڕۆیشتین، حاجی ستار گۆرانیەکی حەسەن زیرەکی خستبووە سەر تەسجیلەکەی، دەتگوت نە بای دیوە و نە باران. جا نازانم بە هۆی ئەوەوە بوو کە مەلەک خانمی خەیات لەتەنیشتیەوە سوار بووبوو، یا هەر خۆی خولیای دەنگی حەسەنی هەبوو؟ چونکە ئەو ڕۆژە مەلەک خانم تا بڵێی جوان بوو. بە ڕاستی هەولێریبوونی خۆی سەلماندبوو. بۆنی مێخەک و گوڵی لێ دەباری. گەرچی ئەملاولای چاوەکانی چەند لۆچێکی تێ کەوتبوون، بەڵام هێشتا توانای ئەوەیان

هەبوو سەد پیاوی وەک حاجی ستار گێژ و وڕ بکەن. ژنێکی پان و پڕ و جوان ... لەنێو کراسێکی گوڵدارەوە، دەتگوت خونچەیە و بە ڕووی سپێدەدا پێدەکەنێت.

خۆت لە من باشتر ئەو دەناسیت کە چەندە ژنێکی بە ئابڕووە. بەڵام چی بەو کلتوورە بۆگەنە دەڵێیت ئەگەر ژنێک پیاوەکەی نەمابێت و خۆی جوان بکات، وا دەزانن کە هیچ خەمێکی نییە و، بە جۆرێک تێی دەڕوانن، یا حیزە ... یا ئارەزووی شووکردنەوەی هەیە؟

هەمو مانگێک چەند جارێک دەهات بۆ شار تا قوماش بکڕێت. من زۆر نییە ئەو دەناسم، بەڵام ئاگادار بووم کە هەمیشە ئارەزووی دەکرد کچانی ئەم لادێیە جوانترین کراس بپۆشن.

من لە دواوەی ماشێنەکەدا سوار بووبووم. جارجارە هەوایەکی سارد لە کونی نایلۆنە شینەکەوە دەهاتە ژوورێ. لەبەرانبەرمدا ژن و پیاوێکی نزیک پەنجا ساڵ دانیشتبوون و لە سەرماندا تا دەهات لە یەکدی نزیک دەبوونەوە. کاتێک بەربەستێک یا چاڵێک دەهاتە پێش ماشێنەکە و، حاجی هێواشی دەکردەوە، دەنگی حەسەن زیاتر ژێر ئەو سەیوانەی پڕ دەکرد لە گۆرانی. لەسەرەوەیش باران نمەنمە دەباری.

حەسەن دەیگوت:

سوێندم خواردووه و ماچی دەکەم، تەختی نێو چاوانی تۆ!

دیار بوو لەو گۆرانیەدا حەسەن باسی کیژێکی هەولێری دەکرد و هەمیشە ئەوەی دووبارە دەکردەوە کە دەڵێت:
"چارۆکەت هەولێریە، کۆڵوانەت هەولێریە."

وا دەهاتە پێش چاوم کە ئەو گۆرانیە ڕێک حاجی ستارە و بۆ مەلەک خانمی دەچڕێت. چونکە لە جامەکەی دواوە سەیرم دەکرد کاتێک حاجی ماشێنەکەی لەو چاڵ و چۆڵە دەرباز دەکرد، بە گوڕ و تینێکی زۆرەوە دەستی بۆ گێڕەکەی دەبرد و تەکانێکی دەدا بە خۆی و ماشێنەکەی و، بە خەندەیەکەوە لە مەلەک خانمی دەڕوانی، وەک ئەوەی پێی بڵێت: گوێت لێیە حەسەن چی دەڵێت، مەلەک خان؟ خۆ گوێت لێیە؟

بەڵام مەلەک خانم هەر لەپێشی خۆی دەڕوانی و جارجارەیش نیگایەکی قەراغ ڕێگاکەی دەکرد. ئەوەندە ئەو نازەی لێ دەهات، کە لە ڕووی حاجی ستاردا دەیکرد، پیاو هەر حەزی دەکرد چاوەکانی دایمە لەسەری بن. وای کە جوان بوو. کاتێک هێشتا لە نیوەی ڕێگاکەدا بووین، ئەو ژنەی لە بەرانبەرمدا دانیشتبوو و سەری کەوتبوە سەرشانی هاوسەرەکەی و، وەک منداڵێک لە خەوێکی خۆشی نێو بێشکەدا دەهات و دەچوو، لەو کاتەدا پارچە کاغەزەکەم دەرهێنا و، گوتم: بزانم پوورە غەزاڵ چیی گەرەکە بۆی بەرمەوە.

لە سەرەوە نووسیبوی: "پاکەتێک شیرنی عەنتاب و، کیسەیەک خەنەی هیندی بۆ کچەکان. پێڵاوێک بۆ فەرهاد و، جامانەیەکی ڕیشوەداریش بۆ ساڵەح. بەڵام هیچ کام لەوانە ناکڕیت، تا تێر بە سکی خۆت لەو پارەیە نان و کەباب نەخۆیت و، دەستێک جلی جوانیش بۆ خۆت نەکڕیت." ئا لێرەدا بە تەواوی هەستم بەوە کرد کە من کێم و چ پێگەیەکم هەیە لەو ماڵەدا.

گەیشتینە نزیک شار و لە بازگەکە وەستاین. دیار بوو پۆلیسەکان ئیهانەی حاجی ستاریان دەکرد کە بۆچی دەنگی تەسجیلەکەی کەم نەکردووەتەوە؟

پۆلیسێکی بێحورمەت لەولاوە هات و سەیری مەلەک خانمی کرد و بەگاڵتەوە بە حاجیی گوت: "ئەمە کێیە وا خۆت دەکەیتە قوربانی سوخمەی کۆنی؟ ها ئەوە کێیە وا عەرزی کێڵاویت، حاجی؟ کە سوخمەکەی وەک مێخەک بەند دەڕوات بۆنی؟"

حاجی نەیدەزانی لە شەرماندا چی بکات. تەنیا گوتی: "کاکە شەرم بتگرێت، ئەم قسانە چییە دەیکەیت؟" ئەویش تا توانیی شەقازلەیەکی کێشا بە بناگوێیدا و کڵاو و جامانەکەی پێ خستە ئەرز. حاجییش بە چاوانی پڕ لە فرمێسکەوە، کڵاو و جامانەکەی هەڵگرتەوە و گوتی: "حەواڵەی خوا بن."

کە ئەو دیمەنەم بینی، ویستم دابەزم، بەڵام حاجی ئاماژەی کرد تا کارەکە لەوە خراپتر نەبێت، هیچ نەڵێم.

بەڵام من لۆمەی ئەو پۆلیسە ناکەم، چونکە ئەگەر پاسەوانەکانی ئەم وڵاتە پەروەردەی دەستی حیزب بن و سەر بەو ڕێبازانە بن کە ئەمڕۆ کراون بە پەرستگا، بێگومان هەر سەگی ئاوا هاریان لێ دەردەچێت و، بە گشت جوانیەک دەوەڕن.

دە ئاخر ئەوە کەی تاوانە حاجیەک بێت و عاشقی ژنێک بێت. بۆ مەگەر دڵ پیربوون دەزانێت؟ بۆ مەگەر چی هێندەی ئەوە ڕۆح دەبزوێنێت کاتێک لە شەقامێکدا دەبینیت پیرەپیاوێک دەستی خاتوونەکەی گرتووە و، لە پێشیدا خۆی کردووە بە قەڵغان؟ ها پێم بڵێ چی هەیە لەوە جوانتر؟

دەی ئەگەر پیربوون کۆتاییی گشت جوانیەکان با، بۆ چی پیرەژنێک دوای مردنی پیاوەکەی ئەوەندە دڵی ناسک دەبێتەوە کە دایمە ناخی سوارە بۆ گریان؟ من بە نەنکمڕا دەزانم. کاتێک باپیرم مرد، تەنیا ئەو ڕۆژانە کلی لە چاوەکانی دەسووی کە ڕۆژانی پێنجشەممە دەچوو بۆ دیدەنیی مەزارەکەی.

بە دەیان جار گوێم لێ بووە کە منی لە گشت کوڕەزاکانی تری زیاتر خۆش دەوێت—گوایە پەنجە گەورەی پێم لە پەنجەکانی باوەگەورەم دەکەن. دەی ئەگەر ئەمە عیشق نەبێت، چی ناو دەنێن؟

کاتێک گەڕامەوە ماڵ و باسی ئەو ڕووداوەم بۆ فەرهاد کرد. فەرە گوتی: "حاجی ستار هەرچیەک بکات بۆ مەلەک خانم، مافی خۆیەتی. چونکە ساڵانی زوو کاتێک ماڵی مەلەک خانم لە هەولێرەوە هاتوون بۆ ئەم لادێیە، حاجی عاشقی دەبێت و چەند ساڵ لە خۆشەویستیدا دەبن. بەڵام بە هۆی ئەوەی حاجی ستار دەکەوێتە زیندانی بەعسەوە و هەواڵی لەسێدارەدانی دەگەڕێتەوە، دوای چەند ساڵێک مەلەک خانم شوو بە ئامۆزایەکی خۆی دەکات. بە داخەوە ئەویش لە جەنگی عێراق- کوێتدا چارەنووسی ون دەبێت و ئێستایشی پێوە بێت، مەلەک خانم هەر چاوەڕێیە تا بێتەوە.

"هەرچەندە زۆر هەواڵ هات کە ئەوانەی چون بۆ جەنگی کوێت، ئیتر ناگەڕێنەوە و بە داخەوە لە ژیاندا نەماون. بەڵام مەلەک خانم هەمیشە دەڵێت: ' دڵ هێشتا ماویەتی لەم قسانە تێبگات. بەڵێ، ماویەتی جارێک!' "

ئا بەو سوخمەیەی نێو گۆرانیەکەی کە حاجی بە هۆیەوە گریا، چیرۆکی ژیانی هاوڕێیەکمم بیر کەوتەوە. دڵنیام بە گێڕانەوەی خۆشحاڵ دەبیت، چونکە کۆتاییەکەی تۆڵەیەکی جوانی تێدایە لەمەڕ ئەو هەموو دەستدرێژی و تاوان و ئیهانانەی سەرانی سیاسەت و بەرپرسە دەبەنگەکانی حیزب ڕۆژانە بە گەلی دەکەن.

ئەو کاتەی لە شار بووم، دوای شەهید بوونی باوکم، هاوڕێیەکی بۆیاخچیم هەبوو. ناوی عەبدوڵڵا بوو، بەڵام ئێمە پێمان دەگوت: عەبە. چەند ساڵ پێکەوە بۆیاخمان دەکرد. ئەویش وەک من تەنیا خۆی و دایکی پێکەوە دەژیان. منداڵێکی وریا بوو، دایکیشی ژنێکی بە حەوسەڵە و، جوان بوو. باوکی لە شەڕی براکوژیدا حیزب کردیە قوربانی خۆی.

وەک خۆی دەیگوت: "خۆزگە باوکم لە ڕێگەیەکی پیرۆزدا لەدەستی من و دایکم چووبا." چونکە باوەڕی وا بوو ئەوانەی لە شەڕی براکوژیدا کوژراون، هەرگیز نابن بە شەهید.

هەرچەندە تەمەنێکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام زۆر شتی لە بارەی ژیانەوە دەزانی. زۆر هۆشیار بوو. ڕۆژێکیان باسی یەکێک لەو شەڕانەی کرد کە باوکی تێیدا بەشدار بووە.

هەر جارێک باسی دەکرد، کۆڵێک مەراق دایدەگرت و پێی دەگوتم: "سوارە، خۆزگە باوکی منیش وەک باوکی تۆ لە ڕێگەی نیشتماندا سەری نابایەوە، نەک ئەو قەشمەرخانەیەی براکوژی کە ئەم حیزبانە ناویان لێ ناوە شۆڕش و، ئەوانەیشی کە تێیدا دەرباز بوون، دایمە ئەم جۆرە خەباتەمان پێ دەفرۆشنەوە. تا هیچ کات هەست بەو تاوانە نەکەم کە باوکم لە جەللادێک زیاتر هیچی تر نەبووە."

جارێکیان پێم گوت: "عەبە، باوکت چی کردووە کە ئاوا بەم شێوەیە وێنای دەکەیت؟"

گوتی: "سوارە گیان، باوکم بەر لە کوژرانی، بۆ ماممی گێڕابووەوە و گوتبوی: 'لە یەکێک لە شەڕەکاندا لەنێوان حیزبەکەی ئێمە و حیزبێکی تری کوردیدا، لە لادێیەکی ئەم نیشتمانە بوو بە جەنگ.' " وەک عەبە دەیگوت: "جەنگێک نە لە پێناوی نیشتمان بوو، نە تەعدای دوژمن بۆسەر کەرامەتی خەڵک و خاکەکەی، بەڵکو لە شەڕەقۆچی نێوان دوو بەرانی شێت چیتر نەبوو. لە پێناو بەمەڕکردن و سواربوونی ئەم کۆمەڵگەیەدا."

ئەو دوو حیزبەش هەر وەکوو ئێستا. یەکیان سەلیم خان سکرتێری بوو، ئەویتریشیان خادم شا. بەڵام ئەوساکەیش هەر حیزبەکەی سەلیم خان زیاتر باڵا دەست بوو، چونکە سەلیم خان هەموو کات لە پێناو مانەوەی خۆیدا، دەچوو دەستی لەگەڵ هەموو ئەو دوژمنانەدا تێکەڵ دەکرد کە چەندین سەدەیە ڕێ لە سەربەخۆیی ئەم تاریکستانە دەگرن. هەرچەندە خادم شایش هیچی لەو باشتر نەبوو، بەڵام جوگرافیا و خەڵکەکەی زۆرجار هۆکار بوون بۆ ئەوەی کە بەلایەنی کەمەوە باشتر بێت لە سەلیم خان.

ئیتر هاتەوە سەر قسەکانی باوکی و گوتی: " '...
پێشمەرگەیەکمان لە گەڵدا بوو ناوی ئاراس بوو. تەنیا برایەکی
هەبوو، بەڵام ئەو دوو حیزبە کردبوونیان بە دوژمنی یەک.
کاتێک بوو بە شەڕ، ئێمە لە دەرەوەی لادێکە بووین، ئەوانیش
لەنێو خانووە قوڕەکانی ئاواییەکەدا بەرگرییان دەکرد. ئەو
شوێنەی ئێمە لێی وەستابووین، لەو شوێنەی ئەوان بەرزتر
بوو. وەک ئەوەی کەوتبنە بۆسەوە، تا توانیمان بە جۆرەها
چەک قەسفمان کردن.

" 'پاش چەند کاتژمێرێک لە هێرشی ئێمە و بەرگریی ئەوان،
لە کۆتاییدا هەستمان کرد کە هەموویانمان کوشتوون و،
دەستمان کرد بە ئاهەنگگێڕان. ئیتر دوای ئەوە دابەزینە ناو
لادێکە و، بەدوای دەستکەوتەکاندا دەگەڕاین. من و ئاراس
پێکەوە چووینە خانوویەکەوە و، بینیمان چەند لاشەیەک لە
ژوورێکدا کەوتوون. یەکێ لەوانە جامانەیەکی خوێناویی
بەسەردا درابوو. بەر لە من ئاراس چووە سەری و، هێشتا
جامانەکەی لەسەری لا نەدابوو، گوتی: 'دڵشاد؟' کە ئاوڕم بۆی
دایەوە، بینیم تا توانیی شەقێکی لە لاشەکەی دا و بە قاقاوە
گوتی: 'دڵە، سەیری ئەم کەرە زلە بکە چۆن تۆپاندوومانە.'
کاتێک سەری هەڵدایەوە، بینیم دەستی کرد بە گریان. باوەشی
پیا کردبوو و بانگی دەکرد: 'هەژار؟ کاکەی من؟ بۆ نەتووت

لێرەم؟ دە ئاخر من چی بە دایکم بڵێم؟ هەستەوە کەسەکەی من.'

"دیار بوو هەزار تاقانە براکەی خۆی بوو، بەڵام ئەو لە حیزبەکەی خادم شا بوو و، ئێمەیش لە بەرەی سەلیم خان. هێشتا ڕۆحی بە تەواوی دەرنەچوو بوو. شلەی مێشکی لە گوێچکەکانیەوە دەهاتە دەرەوە. ئەوەندەمان گوێ لێ بوو، داوای ئاوی دەکرد.

"کاتێک ئاوەکەمان بەگەروویدا کرد، کۆتا قسەی کە بە زۆر لە گەروویدا دەهاتە دەر، ئەوە بوو گوتی: 'ئارە گیان، بە دایکم نەڵێیت کە من بەدەستەکانی تۆ کوژراوم. ئاگات لە منداڵەکانم بێ و، سڵاوم بە ئەژین بگەیەنە.' دیار بوو ئەژین هاوسەرەکەی بوو. دوای ئەوە بە یەکجاری چاوەکانی لێکنان و، تەنیا قورپێوانی بۆ ئەو دایکە جێ هێشت کە تا ئەبەد دەبێت ڕەش بپۆشێت و، هاوسەر و منداڵەکانیشی هەر خەمی تەنیایی و بێکەسیی خۆیان بخۆنەوە.

"بەڵێ سوارە گیان، باوکی منیش دوای ئەوە لە شەڕگەیەکی هاوشێوەدا بە دەستی حیزبەکەی خادم شا کوژرا و، لەو ڕێگەدا سەری نایەوە کە ئەوەی پیرۆزی بێت تیایدا بە دیناکرێت. ئا تۆ پێم بڵێ، ئەمانە پێیان دەوترێت شەهید؟ ئاخۆ باوکی منیش دەبێت دەستەکانی بە خوێنی چەند کەسی وەک

هەژار سوور بووبن؟ دەبێت چەند ئەژینی وەک هاوسەرەکەی هەژار بێژین و، چەند منداڵی لەنێو بێشکەدا لە چاوەڕوانی باوکیاندا هەتیو کردبێت؟ ... هەزار ئەفسووس."

هەرچەند گێڕانەوەی ئەم تیراژیدیایە وای کرد لە باسەکە دوور بکەومەوە، جا دەیشزانم ئێستاکە دڵت پڕپڕ بووە لە گریانی نائومێدی، بەڵام ئەمانە ئەگەر منیش نەیانگێڕمەوە، مێژوو هەرگیز لە یادیان ناکات.

دەی بەسە ئیتر چاوەکانت بسڕە و، با بێمەوە سەر باسەکەی عەبە.

عەبە گوتی: "دوای نەمانی باوکم، گوزەرانمان زۆر خراپ بوو. جا ئەو کات نیوەی منداڵی ئەم تاریکستانە، یا گوڵە بەڕۆژەی دەفرۆشت، یا پاقلاوە و ئایسکرێم. پیشەکە ئەوەندە زۆر بووبوو، ئەویش خێری نەمابوو. خەڵکیش هەژار و دەستکورت بوون. بە تاکە نەعل و هێلکە و کۆنە فافۆن، ئەو شتانەیان دەکڕی. ڕۆژێکیان دایکم پێی گوتم: 'عەبە گیان، ئەم ئیشە خێری نەماوە و وەرە ئیشەکەت بگۆڕە.'

"گوتم: 'ئاخر دایە، چ ئیشێکی ترم لە دەست دێ تا بیکەم؟'

"گوتی: 'ڕۆڵە، کوڕەکەی باجی پەری ماوەیەکە کارێکی تازەی گرتووەتە دەست، وەک دایکی دەیگوت خێرێکی باشیان لێ

کردووه.' دیار بوو مەبەستی لە ڕەشە بوو کە منداڵانی گەڕەک پێیان دەگوت: ڕەشە چڵمن.

"گوتی: 'کوڕم، لەمەو دوا ستیانت بە پەڕۆ و تەل بۆ دروست دەکەم و، تۆیش دەیبەیت لەسەر سینیەک بە لادێکاندا دەیفرۆشیت. تاکو ئێستا کەم کەس بیریان لەو ئیشە کردووەتەوە، بەڵکو ئەوە خوایە پارەیەکی باشی پێ کۆ بکەینەوە تا موحتاجی دەستی هیچ نامەردێک نەبین.'

"گوتم: 'وەڵا دایکە، لەوە باشتر نابێ.'

"ئیتر دایکیشم لە کۆنە کراسەکانی خۆی و ئەو قوماشە حەریرانەی لە بازاڕ دەیکڕین، بە قۆپچە و جۆرە تەلێکی تایبەت کە نازام لە کوێی دەهێنا، دەستی کرد بە دروستکردنی ستیان. دوای چەند ڕۆژێک سەرقاڵی بەو ئیشەوە، دایکم پانزە بیست دانەی بۆ دروستکردم و خستیە سەر سینیەک بۆم. گوتی: 'هانێ کوڕم، بڕۆ بیانفرۆشە.' منیش خستمنە سەر سەرم و ڕۆیشتم. کاتێک نزیک دەرگاکە بوومەوە، بانگی کردم: 'عەبە گیان؟'

"گوتم: 'گیانی عەبە.'

"گوتی: 'دانەی لە ١٠ دینار کەمتر نەفرۆشیت.'

"گوتم: 'باشە، دایکە گیان.'

"یەکەم لادێ کە بۆی چووم، هەستم بە شەرمێک دەکرد. دەشترسام لەوەی نەکا کلتور و ئادابی کۆمەڵایەتی ڕێگە بەو کارە نەدات. بەڵام بەرەبەرە لێی ڕاهاتم و، پێشوازیەکی باشم لێ کرا. چونکە خەڵکی لادێکان نەیاندەتوانی هێندە بۆ بازارکردن سەردانی شار بکەن.

"بەنێو ئەو کۆڵانانەدا کەوتبووم، یەک بە خۆم هاوارم دەکرد: 'یاڵا وەرنەوە بۆ ستیان، ستیانی جوانمان لایە: ڕەش، مۆر، پەمەیی، پرتەقاڵی و باینجانی. دەی وەرنەوە بۆ ستیان.'

"یەکەم مشتەریم ژنێک بوو، وا پێدەچوو تازە لە حەمام هاتبێتە دەرەوە، پرچەکانی هێشتا تەڕ بوون. شانەکەی هێشتا بە دەستیەوە بوو. وا پێدەچوو ژنی پیاوێکی زەنگین بێت، چونکە لە دووریی چەند مەترەوە هەستم بە بۆنی شامپۆکەی دەکرد."

بۆیە یەکەم جار کە فەرهاد نازەی پورزاتی بینی، دیمەنی ئەو ژنەم هاتە پێش چاو کە عەبە بۆی باس کردم. بۆیە گوتم: "فەرهاد، ئەم کچە بۆیە وا جوانە ڕەنگە بە شامپۆ خۆی بشوات."

ئیتر عەبە گوتی: "ئەو ژنە وەک ئەوەی هەست بە کردنی تاوانێک بکات، سەیرێکی ئەم لا و ئەولای خۆی کرد و بانگی کردم و، بردمیە حەوشەکەیانەوە. گوتی: 'کوڕی جوان، ئەم ستیانە بنەوشەییە بە چەندە؟' گوتم: '١٠ دینارە، خوشکی

بەرێز.' هەڵی گرت و، چوو پارەکەی بۆ هێنام. ئیتر پەرداخێک ئاوی دایە دەستم و، لەوێ دەرچووم.

"کە هاتمە دەرەوە، دەستم کردەوە بە هاوار: 'دەی ژنانی لادێ وەرنەوە بۆ ستیان: شین، سپی، شەرابی. هەموو ڕەنگێکمان لایە. گوێم لێ بوو ژنێک لە دواوە بانگی کردم و، منیش کە ئاوڕم دایەوە، بینیم ژنێکی تەڕ پیری تابلێی جوان. گوتی: 'گەنجۆ، وەرە ژوورەوە.' کاتێک چوومە ژوورەوە، سێ کچی هەبوون. ئەوانیشی بانگ کرد و، بە خۆیەوە چوار دانەیان لێ کڕیم. ئیتر ئەو ڕۆژە هەر ئەو پێنج دانەم لێ فرۆشتن و گەڕامەوە بۆ ماڵەوە.

"هەرکە گەیشتمەوە، لە دەرگاوە دایکم گوتی: 'ها عەبە، چیت کردەووە؟ بایی چەندت فرۆشتووە؟'

"گوتم: 'وەڵا دایکە، مەمکی کچان و ژنانی ئەم وڵاتە خۆش بن، پەنجا دینارم هێناوەتەوە.'

"دایکیشم بە پێکەنینەوە گوتی: 'بەخوا خوێڕییت.'

"گوتم: 'سوپاس دایکە، لە سایەی خەباتی باوکمەوە، خوێڕییش کراین.'

"ئیتر هەموو ڕۆژ ئەوە پیشەم بوو. بە ماوەیەکی کەم پارەیەکی زۆرمان کۆ کردەوە.

"لە نزیک شار ماڵێک هەبوو کە باخچەیەکی گەورەیان هەبوو. چەند سەیرم دەکرد، لە ماڵێکی ئاسایی نەدەچوو. وام هەست دەکرد ئەوە بەرپرسێکی سیاسی خاوەنیەتی. چونکە لەو ڕۆژگارەدا تەنیا ماڵی سیاسەتمەدارەکان و ئەوانەی ئەمڕۆ شۆڕشمان پێ دەفرۆشنەوە، ئاوا گەورە و خۆش بوون. هەر جارێک بەوێدا دەڕۆیشتم، ژنێک دەهاتە دەرەوە و بانگی دەکردم. زۆربەی ستیانەکانم ئەو دەیکڕین. هەموو جارێک پێی دەگوتم: 'ئەم ستیانانە زۆر نەرم و تایبەتن.' بە قسەی خۆی، ئەوانەی لە بازاڕدا هەن وەک ئەمانەی دایکم دروستی دەکردن، مەمکی تێیدا ئاسودە نین. لە ڕاستیشدا وا بوو، چونکە دایکم زۆر بە سەلیقەوە دروستی دەکردن. ژنێکی باڵا بەرز و شیکشیێوە بوو. مەمکێکی گەورەی هەبوو. بەڵام نازانم بۆ ئەوەندە چاوبرسی بوو، زۆرجار بە قەرز ستیانەکانی لێ دەکڕیم. ڕەنگە هۆکار ئەوە بووبێت کە ئەوانە هەرگیز تێربوونیان بۆ نیە و، دایمە چاو لە ماڵی خەڵکی دەبڕن. هەر بۆیە سەرانی سیاسەتی ئەم وڵاتەیش وا نیو سەدەیە تێر نەبوون و هەر ناڕۆن.

"ڕۆژێکیان بۆ جارێکی تر بەوێدا تێپەڕیم و، دیسانەوە بانگی کردمەوە. ئەوەندە چووبووم بۆ ماڵیان، ناوەکەم لای ئاشنا بوو. گوتی: 'عەبە گیان، دوو ستیانی جوانم بەرێ.' گوتم: 'تۆ

دوو دانەی تریش قەرزاری. بێنە پارەی ئەوانەم بەرێ، منیش پێت دەدەم.'

"گوتی: 'باشە وەرە ژوورەوە پارەکەیت دەدەمێ.' کاتێک چوومە ژوورەوە و سەیری ماڵەکەیم کرد، نەمدەزانی لە چی بڕوانم. دەیشمزانی کە ئەوە هەمووی پارەی دزراوی گەلە و ڕەنگە بەشی منیشی تێدا بێت. لەسەر قەنەفەیەک دانیشتم و سینیەکەم بە ستیانەکانەوە لەسەر مێزەکەی بەردەمم دانا. ئەویش دەستی هێنا و تەوقەیەکی لەگەڵدا کردم. دوای بەخێرهاتنم. گوتی: 'عەبە، چی دەخۆیت بۆت بێنم؟' گوتم: 'هیچ ناخۆم، پارەکەم بۆ بێنە و، دەڕۆم.'

"لەو کاتەدا کە بەدیارمەوە وەستابوو، دانەیەکی تریشی هەڵگرت و، لەپێش چاوی مندا خۆی ڕووت کردەوە. سەیری کردم و بە نازێکەوە گوتی: 'عەبە گیان، ئەمە تۆزێک تەنگە بە بەرم، بەڵام لام جوانە. ئا وەرە لە دوواوە قۆپچەکانم بۆ دابخە بزانە لێم دێت؟'

"منیش ئەوکاتە هەرزەیەکی شەهوەتباز بووم. بە وێنەی سەر جامخانەی ئارایشگاکانیش دەورووژام. وەلێ یەکەم جاریشم بوو ژنێک ئاوا لەو سروشتە ڕاستەقینەی خۆیدا ببینم. بەڵام کاتێک بیرم کردەوە کە ئەمە ژنی سیاسەتمەدارێکی بێئەرزشە. جا ڕەنگە بۆ خۆیشی کچی گەوادێکی وڵاتفرۆش بێت،

نەمکردە نامەردی و هەستام قۆپچەکانیم بۆ داخست. بەڵام خوا هەڵناگرێت ئەویش وەک وەفایەک لوتفی خۆی نواند و، هات زنجیری پانتۆڵەکەی بۆ کردمەوە. جا دوای تەواو بوونمان دەزانیت چیی کرد؟"

منیش گوتم: "عەبە چیی کرد؟"

"گوتی: 'بۆشی داخستمەوە. هاهاهاهاها.' بەڵام لە سەروەختی تەواوبوونمدا عارەقێکی زۆرم کردبووەوە، چونکە یەکەم جارم بوو ئەو کارە بکەم. هەستێک دایگرتبووم نەمدەزانی ئەوە چییە! گوتی: 'ها عەبە، بۆ وا پەشۆکاویت؟'

"گوتم: 'نازانم ... یا گووم دێت، یان دەمرم!'

"چونکە گوکردن خۆشترین هەست بە مرۆڤ دەدات. بە تایبەت لەو دۆڵەی دەشتەکەیماڵی باوەگەورەم. وە مردنیش لەم ژیانە تاڵەدا باشترین دەستکەوتە گەر پێی بگەیت."

گوتم: "عەبە، مەبەستت چییە لەو دۆڵەی ماڵی باوەگەورەت؟"

گوتی: "بوەستە، دواتر بۆت دەگێڕمەوە."

ئیتر گوتی: "کاتێک ویستم بڕۆمەوە. پێم گوت: 'پارەی ئەو دوو ستیانەیشم ناوێت. با ئەوە حەقی خۆفرۆشیەکەت بێت.' دوای ئەوە جارێکی تر بەو ناوەدا نەچوومەوە. بەڵام هەرگیز لێی

پەشیمان نیم. چونکە ئەوانە لەوەتەی هەن وا سواری ژیان و قووتی ئەم خەڵکە دەبن. چی دەبێت ئەگەر ئێمەیش جارێک سواری جەستەیان بین و، وەکوو گاجووت لەشی بێنرخیان بکێڵین؟

"کەچی لەسەر شاشەی تیڤییەکانی ئەم وڵاتەوە هەر ئەو ژنانەن خۆیان لێ کردووین بە مەریەمی پیرۆز و بەرائەتی ساختەی خۆیانیان خستووەتە چوارچێوەوە و، ئەو خەڵکەی پێ دەگەوجێنن. بەڵام ئەوانە جگە لە خۆفرۆشێک هیچی تر نین. هەرکات بتەوێت بە دەستیان بێنیت، لە خواردنەوەی پەرادخێک ئاو سانا ترە. چونکە بەس من ماهیەتیی ڕاستەقینەیان دەناسم و دەزانم لە مەعدەنی چ زبڵێکن! بەڵام من داخی ئەوە کوشتوومی کە ئێستاکەیش زۆرن لەو گەمژانەی خۆیان بە کۆیلە و خزمەتکاریان دەزانن و شانازی بە پەرستنیانەوە دەکەن. یەکێک بە دادە بانگیان دەکات و، یەکێک بە خانمی فریشتە و، دەیان و سەدانی تریش بە دایکە."

بەڵێ سروە گیان، گێڕانەوەی ئەم باسە با وەک تۆڵەیەک بێت بۆ ئەو گەووادەی بە هۆی گۆرانیەکەوە حاجی ستاری گریاند کە تێیدا باسی لە سوخمەی یار دەکرد.

ئێتر دوای ئەوە عەبە مەبەستی لە دۆڵەکەی ماڵی باوە گەورەشی بۆ ڕوون کردمەوە ...

گوتی: "دوای کوژرانی باوکم، ماوەی چەند مانگێک گەڕاینەوە بۆ لادێکەی ماڵی دایکم. بەڵام ئەو کات وەرزی هاوین بوو و، ماڵی باوەگەورەیشم باریان کردبوو بۆ دەشت. لەوێ لەژێر سایەی کەپرێکدا دەژیان. زۆر نەدار و دەستکورت بوون، بەڵام چونکە هیچ دراوسێیەکیان نەبوو و، کەس نەدەهات بەسەریاندا، دۆڵێکی بچووکیان لەولای ماڵەکەیانەوە کردبوو بە تەوالێت. دەمەو نیوەڕۆیەکی درەنگ، فەرماندەیەکی باڵای ئەو حیزبەی باوکمی بەکوشتن دا، هات بۆ دیدەنیی ئێمە. گوایە هاتووە دڵنەواییمان بکات و باسی پیرۆزیەکانی شۆڕشی بۆ دەکردین.

"بەڵام دایکم ئەوەی پێ وتبووم کە ئەو زاتە ناموبارەکە چەندە مرۆڤێکی کەمە و، دەیناسی کە چەند بێنرخە. چونکە پێشتر بۆی گێڕابوومەوە کە جەنابیان لە گشت شەڕگەکاندا خۆی دزیوەتەوە و بۆی دەرچووە. ناوە ڕاستەقینەکەی مەغدید بوو، بەڵام ناسناوەکەی لە حیزبدا مەلا شاکر بوو. جا بە درۆزنترین پیاوی حیزب مەشهور بوو.

"کەچی ئەو ڕۆژە هاتبوو خۆی لێ کردبووین بە شۆڕشگێڕانی ڤێتنام. چونکە ئەوەی ڤێتنامیەکان کردیان بۆ بەرگری لە هانۆی پایتەخت، بە ڕێبەرایەتیی **هۆشی مین**، تا مێژوو مابێت هەر دەبێت باس بکرێت.

"بە جۆرێک باسی لە ئازایی خۆی و داستانەکانی لەگەڵ باوکمدا دەکرد، عومەر موختار هەر باوی نەمابوو.

"بەڵێ، مەلا درۆی وای دەکرد، ئەگەر درۆ بکرایە بە موشەک، ئێستا درۆکانی ئەو هێندەی یەک کیشوەر سنووریان دەبڕی. منیش هەر وام دەزانی گوو دەخوات.

"لەو کاتەدا بیری ئەو قسەی کاک موحسینی عارەقم کەوتەوە کە لە شار دراوسێمان بوو. هەموو جار دەیگوت: 'ڕۆڵە، ئەگەر گەورە بوون و فێری خواردنەوە بوون، بۆ هەر مەشروبێک کە دەیخۆنەوە، وا بکەن مەزەکەی لە خۆی بێت، تا ئەویش یادێکی گەنجێتی خۆی بکەوێتەوە و، بگەڕێتەوە بۆ زەمەنی لاوێتیی خۆی. بۆ نموونە عارەق با ڕازیانە و، شەرابیش با ترێ مەزەیان بن.' "

عەبە گوتی: "منیش لە دڵی خۆمدا گوتم: 'میوان هەر لە ئەزەڵەوە شکۆی خۆی هەبووە و پێویستە ڕێزی لێ بگیردرێت.' بۆیە بڕیارمدا بۆ مەلا شاکر کە خۆی مەست کردبوو لە درۆ، ببم بە ساقی و خزمەتێکی باشی بکەم. لەو دۆڵەی کە باسم کرد ... ماڵی باپیرم کردبوویان بە تەوالێت. باوە گەورەم ئەو قنەی خۆش بێت، گوێەکی کردبوو، تۆوی شووتیەکی تیا شین بووبووەوە. هەموو جار کە دەچوو بۆ ئەو دونیا پڕ لە فانتازیەی ئەو دۆڵە، ئەو ئاوەی لە پێویستیی خۆی

زیادی دەکرد، دەیکردە بنی. تا وای لێ هات شووتیەکی گرت، هێندەی یەک سەرینی لادێیی خۆی ڕاکێشابوو. جا زۆر دڵی پێی خۆش بوو، دەیگوت: 'کوڕم،ماڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش. مرۆڤیش وەک سمۆرە دەبێت دایمە خۆی بۆ داهاتوو ئامادە بکات.' منیش لە خەیاڵی خۆمدا گوتم: 'بە خوا ڕۆژگار لەمە ڕەشتر نابێت و، لەم شووتیەش باشتر نییە بۆ مەزەکەی مەلا شاکر.' چونکە لەوەتەی هاتووە وا گوو دەخوات و، پێویستە مەزەی خواردنەکەیشی هەوێنی هەمان شت بێت. چونکە کاک موحسینی عارەق وای فەرمووە، چۆن دەبێت قسەی بشکێت؟

"ئیتر چوم بۆم هێنا و، خستمانە بەر دەستی. شاکرە ئەفەندی هێندە بە چێژەوە دەیخوارد، جارجارە دەستی بە سمێڵیدا دەهێنا و دەیگوت: 'بە ژیانم شووتیی وا شیرنم نەخواردووە.' منیش لەژێر لێوەوە دەمگوت: 'ئەی نۆشی گیانت بێت، کاکە مەلا.'

"جا ئەم شاکرەی باسی دەکەم، زۆر پیاوێکی بێناموس بووە. گوتیان کاتی خۆی کچ و دایکێکی زۆر جوان لە لادێیەک دەژیان. پێکەوە ڕەنجبەرییان دەکرد تا بژێویی ژیانیان پەیدا بکەن. سەرقاڵی ڕنینی باغەکان بوون تا لە بەرانبەردا بڕە پارەیەک کۆ بکەنەوە و بە سەربەرزییەوە پێی بژین. بەڵام کاتێک ئەم نامەلایە ئاشنایان دەبێت، تەعدای ناموسیان لێ دەکات. بەڵام ئەوان بە هەموو توانای خۆیان ئەوە ڕەت

دەکەنەوە. سەرەنجام شەوێک بە سەریاندا دەدات و چی خراپە هەیە لەگەڵیداندا دەیکات. هەر لە ئازاری جەستەوە تا دەستبردن بۆ حەیا و کەرامەتیان. ئیتر ئەوانیش سکاڵای ئەو هەموو نامەردیەی لەگەڵیداندا کرا بوو، دەبەن بۆ لای ڕیش سپیەکەی ئاوایی و، وەک خۆی هەموو شتێکی بۆ دەگێڕنەوە کە مەلا چی بەرانبەر کردوون. ئیتر ئەم دەنگ و باسە بڵاو دەبێتەوە و دەگات بە شار. لەوێدا پیاوێکی زەنگین و خانەدان بڕیار دەدات بۆ سبەی بڕوات بیانهێنێت بۆلای خۆی و، لە هامان کاتیشدا شوێنێک بۆ حەوانەوەیان ئامادە بکات و، لە یەکێک لە کارگەکانیشیدا بیانخاتە سەر کار.

"بەڵام بە داخەوە ... کاتێک بۆ بەیانیەکەی دەڕوات بۆ لادێکەیان. دەبینێت هەردوکیان شەلاڵی خوێن کراون و، وەکوو بێژنگ گیانیان کون کون کراوە بە فیشەک. دوای ماوەیەک ئاشکرا دەبێت کە ئەم مەلا شاکرە ئەو کارەی کردووە و بووە بە جەللادیان."

"بەڵام عەبە دەیگوت: "سوێند بە گیانی باوکم، ئەگەر ئەو ڕۆژەی هات بۆ دیدەنیمان لە ماڵی باوە گەورەم کە دڵنیام مەبەستێکی خراپی هەبووە و، ڕەنگە جوانییەکەی دایکم هۆکار بووبێت بۆ هاتنی. ئەگەر ئەوساکە ئەم بەسەرهاتەم زانیبا، دەبوو هەر لەوێدا وەکوو سەگ بیتۆپێنم."

دەیگوت: "گەر لە ژیاندا بمێنم، تەنیا بۆ تۆڵەی ئەو کچ و دایکە دەمێنم و، دەبێت نەهێڵم ئەو خوێنەیان وا بە ئاسانی بەفیڕۆ بڕوات."

دەزانم سروە گیان، ڕەنگە زۆر لە باسی چوونی خۆم و ئەو عیشقەی لەنێوانماندا هەیە دووركەوتبمەوە، بەڵام من ناتوانم هیچ باسێک لە نیوەدا جێ بهێڵم. تەنانەت ئەو ڕاستیانەیشی لە چیرۆكەكانی نێو ئەم نامەیەمدا هەن، ئەگەر تەمەن ڕێگەم بدات، دەبێت ڕۆژێک بۆ دنیای بگێڕمەوە كە ئێمە كێین و بەرهەمی خەباتمان تا كوێی بردین؟ بۆیە هەرگیز لۆمەم مەكە كاتێک ئەم باسانە دەهێنمەوە بۆنێو دێڕەكانی دڵداری، چونكە عیشق بەوە تەواو نابێت هەر باس لە جوانیی یەكدی بكەین و، بیر لە ڕێكخستنی ژووانەكان بكەینەوە. دە ئاخر ئەو عاشقانەی تەنیا لە بیری خۆیاندان و، تەركی غەمی عالەم دەكەن، تەنیا مرۆڤێكن و هیچی تر.

بەڵكو ئەوەی عیشقەكەیان تەواو دەكات، پەیبردنە بە كۆی مرۆڤایەتی. واتە لە هەر شوێنێک دڵێک ژان بكات، ئەوانیش لای خۆیانەوە هەست بە ئازارەكەی بكەن. لەكوێدا سكێک برسی بوو، ئەوانیش بە هەمان جۆر تەركی خواردن بكەن. دەی ئەگەر وا نەبێت، جیاوازیمان لەگەڵ ئەو هەموو بەرپرسە حیزانەی سیاسەتدا چی دەبێت. كەوا بۆ خۆیان لە بەرزترینی

کۆشک و تەلاردا دەژین و، خەڵکانێکیش هەن نیانە کە ژەمێک بە تێری نان بخۆن.

من تا دەمرم چیرۆکی ئەو ژنەم بیر ناچێتەوە. کاتێک ڕۆژێک بەر لە جەژنی قوربان دەچێت بۆ قەسابخانە و دەڵێت: "قوربان، ئەگەر هەتە کیلۆیەک ئێسقانم بۆ بکێشە." بەڵام کاکی قەساب پێی دەڵێت: "خۆگە زووتر هاتبایت، چونکە ئێستاکە خەڵکی فێرن بەیانیان زوو دێن و بۆ سەگاکانیان دەیبەن."

بەڵام کاتێک دەبینێت ئەو خانمە دەست دەکات بە گریان و بە نائومێدییەکی زۆرەوە جێی دەهێڵێت، ئینجا تێدەگات کە ئەو ئێسقانی بۆ منداڵەکانی ویستووە کە ئەو بە سەگ ناوی بردن. تا ئەگەر بۆ خواردنیش نەبێت، سبەی منداڵەکانی بۆنی بکەن.

بۆیە کاکی قەساب بە شکۆوە بانگی دەکات و، عەلاگەیەکی پڕ لە گۆشت دەخاتە دەستیەوە و پێی دەڵێت: "گەر نەمبوریت، تا دەمرم خۆم و منداڵەکانم سزا دەدەم و، ناهێڵم تا لە ژیاندا بن تامی گۆشت بکەن."

جا عیشقیش هەر وایە، سروەکەی من. مرۆڤ کاتێک دەکەوێتە نێو عیشقەوە، دەبێت میهرەبان بێت. دەبێت لەو باسە دووبارانە دەرچێت کە مرۆڤە هەرزەکان بۆ یەکدیی دەگێڕنەوە. بۆیە دەمەوێت من و تۆ، نمونەی دوو باشترینی دنیای سۆز بین. بۆ یەک بژیین و لە خەمی ئەوانی تریشدا، ئەگەر پێویستی کرد،

بمرین. چونکە واتا ڕاستەقینەکەی شۆڕش لای من تەنیا ئەوە نییە چەکێک بخەیتە شان و بەو کەژ و کێوەدا خۆت وێڵ بکەیت و، نەزانیت ئامانجت چییە. بەڵکو لە پاڵ ئەمەدا خەباتێکی تر هەیە کە من بە خەباتی سپی ناوی دەبەم. بۆ نموونە، دەستگرتنی پیاوێکی نابینا، گێڕانەوەی ژیان بۆ کەسێک کە نا ئومێدی کوشتوویەتی، بەرگریکردن لە مافی خەڵکانێک کە پێویستیان بە توانای تۆ هەیە، باشبوون لەگەڵ دراوسێکانت، ڕاستگۆیی لە پیشەدا، بەخشین، میهرەبانی، ویژدان ... تا دەگات بە گشت ئەو چالاکیە مەدەنییانەی لە پێناو مرۆڤایەتیدا ڕێک دەخرێن.

ئا لێرەدا دەمەوێت ئەوەت پێ بڵێم کە من بۆیە دەگەڕێمەوە بۆ شار، تا جێ نەمێنم لە هاواری ئەو خێزانە هەزارانەی کە شارەوانی دەیەوێت کەلاوەکانیان بە سەردا بڕوخێنێت. بە بیانووی ئەوەی ئەو پارچە زەویەی ئەوان تێیدا نیشتەجێن، دەیکەن بە پارک و ژینگەی شاری پێ باش دەکەن. لە کاتێکدا ئەو هەموو گرد و تەپۆلکانە هەن کە هەر یەکەو گەوادێکی سیاسەتمەدار، بێئەرزشێکی وەکوو مەلا شاکر داگیری کردوون، بەڵام کەس ناوێرێت بچێت بە لایانەوە.

ئەوان کۆمەڵێک دەردەداری دەستی ستەمی ئەم ڕۆژگارەن. ڕەنگە کەم کەس هەبێت لێیان تێبگات. بەڵام من نا، چونکە لەنێویاندا ژیاوم. مەبەستم لە کەلاوەکانی خێڵانە کە دوای

شەهید بوونی باوکم لەگەڵ دایکمدا تێیدا دەژیاین. بەڵام وەک پێشتر باسم کرد، کە دایکم مرد، ئیتر نەمتوانی لەنێو ئەو هەموو یادگاریانەدا بمێنمەوە کە بۆی جێ هێشتم. بۆیە دوای ئەو دەرۆیشتم لە سایەی دیوار و کەلاوە چۆڵەکان و مزگەوتەکاندا دەمامەوە. تا ڕۆژێکیان کە لە برساندا بەسەر سندووقی بۆیاغەکانمدا کەوتبووم، گەنجێک هات و بانگی کردم و گوتی: ”هەستە پیاو، ئەمڕۆ داوەتی منیت.“ هەرچەندە زۆر ئینکاریم کرد، بەڵام ئەو لەو کەسانە نەبوو وا بە زوویی جێم بهێڵێت. تا وەک ئەوەی لە نامەکانی پێشوومدا بۆم باسکردیت، پڕ بە دڵ هیوا بخوازم کە جارێکی تریش پێم بڵێتەوە، بەڵکو لە گەڵیدا بڕۆم. ئیتر بردمی بۆ چێشتخانەیەک و نانێکی باشی پێ دام. دوای ئەوە چووین بۆ چاخانەیەک و کەوتینە باسی ژیانەوە. من ئەوەندە بە قووڵی لەبارەی ڕۆژگاری خۆمەوە بۆی دوام، هەر لە باسی شەهید بوونی باوکم و، مردنی دایکم و، لەدەستدانی گەلاو، ڕۆژانی زانکۆو، مانەوەم لەنێو شەوە بێبەزەییەکانی شار و، ڕۆژگارە جەللادەکانی ژیانم، سەیرم کرد چاوەکانی پڕپڕ بوون لە فرمێسک و، هەرچەند دەیویست دان بە خۆیدا بگرێت، بەڵام نەیتوانی و دەستی کرد بە گریان.

لە ڕاستیدا مەبەستم نەبوو بەزەییی پێمدا بێتەوە، چونکە من ئەهلی پاڕانەوە و نووزانەوەی بەردەرگاکان نەبووم. بە تەمەنی خۆم دەستم لە هیچ کەسێک پان نەکردووەتەوە. بەڵام هەمیشە

شاد دەبووم کاتێک سکاڵای دڵم بۆ کەسێک بەیان بکەم کە لێم تێبگات. بۆیە دوای ئەوەی ئەو گەنجە ئاشنای ئەو هەموو مەینەتی و بێکەسیەم بوو، پێی گوتم کە ماڵیان لە دەرەوەی شارە و، لە ئاواییەکدا دەژین بە ناوی باران. ئارەزووی کرد بڕۆم لە گەڵیدا و ماوەیەک میوانی ئەو بم. گوتیشی کە ئەوان سەرقاڵی ئاژەڵ دارین و، ئەگەر حەز بکەم دەتوانم لەوێ ببم بە ڕەنجبەریان.

دوای ئەوەی ڕازی کردم و لەگەڵیدا چووم، نەک نەبووم بە ڕەنجبەر، بەڵکو زیاتر لە کوڕێکی ئەو ماڵە سەیر دەکرام و، بووم بە خاوەن ماڵ.

دوای چەند مانگێک مانەوەم لەو لادێیە، عاشقی کچێک بووم سروەی ناو بوو ... بەڵێ، سروە. کیژە شۆخەکەی پوورە ئامین. ئەی هەزار جار فیدای ئەو دڵە هەشت دۆنمیەی بم. ئەی بە قوربانی فەرهادیش کە تۆ و خانەوادە و ئەم لادێ جوانەی پێ ناساندم.

بۆیە ئێستا نازانم چۆن ماڵئاواییتان لێ بکەم؟ بە کام چاو بۆ جێهێشتنتان بگریم؟ چۆن کۆتا جار ئەم هەموو ئازیزەی کە لێرە ناسیمن و عاشقیان بووم، لە باوەشمدا جێ بکەمەوە و سپاردەی خودایان کەم؟

بەڵام گیانم! هەی لەتاو عیشقت بە هەزار ڕۆح بمرم. ئیتر پەتی سەبرم پچڕا و، چیتر ئەو ستەمەم پێ هەزم ناکرێت کە لەشاردا یەخەی ئەو خەڵکەی گرتووە لە کەلاوەکانی خێڵاندا.

دەزانم ئەگەر نەگەڕێمەوە دایکم لۆمەم دەکات، چونکە من کوڕی پیاوێک نیم دۆستەکانم لە نیوەی ڕێدا جێ بهێڵم. دەڕۆم تا دەتوانم بەرگری لە ژیان و مانیان دەکەم. لەبەر ئەوەی ئەوان کەسانێکی داماو و فەقیرحاڵن، کەم کەسیان تێدا هەیە خوێندەوارییەکی باشی هەبێت و بتوانێت لەسەر سەکۆی ناڕەزاییەکانیان بەرگرییان لێ بکا و سکاڵا و داواکانیان بکات بە نووسراو. بەڵێ، ئیدی من ئەو کارە دەگرمە ئەستۆ. بۆیە ئەگەر بمێنم، یەکەم کار کە بیکەم گەڕانەوەمە بۆلای تۆ و، هێنانی ئەڵقەیەکە بۆ پەنجەکانت. ئەگەر نا، چاوی تۆ خۆش.

دە ئاخر سەختە ببینیت لە نیشتمانەکەی خۆیاندا کەسانێک سەرگەردان و ئاوارە بکرێن و تۆش هیچ نەڵێیت. سەختە ئەوە بە ڕەوا بزانیت بۆ چاندنی چەند نەمام و گوڵێک، ڕەگی ژیانی دەیان خیزان لە بنڕا هەڵتەکێنن.

من لەوەتەی هەم، ئەوەم بیستووە لە تەواوی دنیادا گوڵەکان بۆ خۆشکردنی هەناسەی مرۆڤەکان دەچێنن. بەڵام سەیرە، لێرە وا لەپێناو گوڵەکاندا ژیان لە مرۆڤەکان دەسێننەوە.

کەچی دەشیانەوێت ئەو پارکەی دروستی دەکەن، ناوی لێ بنێن "پارکی ئازادی." دە ئاخر ئەو گوڵەی لە جێی ژیانی مرۆڤێک دەڕوێت، دەبێت جوانیی لەکوێدا بێت؟ ئەو بۆنەی کە دەیدات بە سروشت، چۆن دەتوانێت ئارامی بدات بە ڕۆحی پەپوولەکان؟ ئەوە چ ژینگەیەکە یاران کە بە سەرگەردانکردنی مرۆڤەکان خۆش دەبێت؟

ئەمە ڕێک لەو فیلمە دەچێت، کە لە شانۆی گۆڕستانەکان نمایش دەکرێت، کاتێک لەسەر گۆڕی هەر مردوویەک دێن و کۆمەڵێک گوڵ دەڕوێنن. دە ئاخر بە مردوو چی بە گوڵ دایپۆشن یا بە ئاوی باران بیشۆنەوە؟ بە عەتر بۆنخۆشی کەن و بە دەنگی بولبول تەلقینەکەی بخوێننەوە؟

بەڵام وا دیارە ئەوانیش دەیانەوێت ئەم وڵاتە بکەن بە گۆڕستان. چونکە دڵنیام هەر لێقەوماوێک لەو کەلاوانەی خێڵاندا وەدەربنرێت و چارەیەکی بۆ نەدۆزرێتەوە، هەر لەوێدا ژیانی خۆی دەنێژێت و، ئەوەی دەمێنێتەوە لە لەشیدا تەنیا وەک پەیکەرێکی بێڕۆحە و، زیاتر لە مردوویەک دەچێت تا زیندوو.

چونکە من باوەڕم وایە: مردووەکان هەر ئەوانە نین کە لەنێو گۆڕەکاندا نێژراون. مرۆڤێک کە لەپێناو ڕاوکردنی لەتێ ناندا گشت تەمەنی خۆی بە شۆستەکان سپاردبێت، مرۆڤێک کە لە

نیشتمانەکەی خۆیدا دەرگایەکی نەبێ تا ئێواران بۆی بچێتەوە، لانەیەکی نەبێت خەونەکانی تیا ببینێت، کوچەیەک شک نەبات یادگاریەکانی منداڵیی بێنێتە پێش چاو، ئا ئەمە مەزنترین واتایە بۆ مردن. شکۆدارترینە بۆ پێناسی عەزاب.

بۆیە وا دێتە پێش چاوم کە ئەو گوڵ و نەمامانەی لەو پارچە زەویەدا دەیانڕوێنن و، بە هۆیەوە سەدان خێزان ئاوارە دەکرێن، زیاتر لە گوڵی سەر مەزارێکی گەورە دەچن، نەوەک ئەوەی ئەوان پێی دەڵێن پارک.

ڕاستە ئەوە موڵکی گشتیە و تاپۆکەی بە ناوی شارەوانییەوەیە، بەڵام ئەو خەڵکەش بۆ ئەوە نەچوون تا داگیری بکەن. بەڵکو وەکوو قۆناغێکی ڕاگوزەر لەوێدا گیرساونەتەوە و، ئەگەر چارەیەکیان بۆ بدۆزرێتەوە، هەرگیز ئینکاری لە مانەوەیان ناکەن.

گیان و دڵم ... نامەوێت دڵتەنگی من بیت و نیگەرانی بارودۆخم بیت. چونکە من دەمێکە لە تەنیایی ڕاهاتووم و دەزانم چۆن بەرەنگاری دەبمەوە. بەڵام ئەوەی لەم چوونەم دڵتەنگم دەکات، تەنیا ئەوەیە کە ئیتر کێ نامەکانی فەرهاد بە نازەی پوورزات بگەیەنێت و، نامەکانی ئەویش بهێنێتەوە. مەگەر فەرهاد بۆ خۆی ئەو کارە بکات و، لە جێگای خۆی باوکی بنێرێت بۆ لای ڕانەکانی.

چاوەکانت،

واتە هەردوو چاوەکانت

ڕونتر بڵێم: چاوی ڕاست و چەپت

هەر گەش بن و، ماچیان دەکەم

ماڵئاواییت پێ دەڵێم، ئازیز

سوارە

# بە گیانت قەسەم، لێو ڕێژی ئەشکم

# لە غەمی چوونت، سوارە

دەبێت بیدەم بە دەریا، بە باران، بە کانی
بە ئاونگی تەڕی سەر گەڵای نێو بەیانی
فرمێسکەکانم لە دوای چونت.

دەبێت لە گشت شوێنێ بە دوایدا ڕاکەم
لەنێو شاخان، لەسەر سەرین، لە ئاسمانی بێبنی خوا
لە دارستان، لە لادێ و لە شار،
لە تاریکی و نێو چنگی با ... باشیەکانت

وەک بەهار هاتی و پایزانە ڕۆیشتی، گیانم. بە وەفات قەسەم، بە گیانت سوێند، هیلاکم ... زۆر.

من لەدوای تۆ سەرگەردانم. ئەی بە لەیلای ئەو دڵە مەجنوونەت بم. ئەمە چ برینێک بوو خستتە گیانم؟

درۆ ئەوەیە باوەڕ بە چوونت نەکەم و، ڕاستیش ئەوەیە کە تۆ دەڕۆیت. بۆیە لێرەدا درۆ جوانترینە لای من.

لە هیجری تۆ، بە خودا ژیان تامی دەبڕێت. ئیدی کێ چارەی دەردم بکات سوارە؟ بەڵام ڕەنگە چارەنووسی من وا بێت، هەر گوڵێک دێتە باغم، نامۆیە بەم هەوارە. بەڵام ئەی ئازیزی لە گیانمدا نووستوو، ئەی دوا پێکی کاسەی لێوم، ئەگەر هەر دەڕۆیت چاوەکانتم بۆ جێ بهێڵە. دە ئاخر چاوەکانم دوای ون بوونت گریانی زیاتریان دەوێت.

ئەوەندەم خۆش دەوێیت ... ئەگەر ئەژدیهایش لە دڵتدا بێت، دەیکەم بە ماڵ. ئەوەندە پەرێشانی سەفەرتم، کەسم، تەنانەت یەک چرکە دوای ماڵئاواییت لام دەبێت بە ساڵ.

ماچت دەکەم، ئەگەر لێوەکانت ئاگریش بن، ماچت دەکەم. یادت دەکەم، ئەگەر یادەکانت وەکوو فیشەک کاسەی سەرم دابیژن، هەر یادت دەکەم.

ئەی پاڵەوانی دژی ستەم، ئەی جەنگاوەری شەڕگەی نادادی، هۆ مەسیحای خۆنەویستی سەردەم، من دەمەوێت لەگەڵ تۆ بم، عاشقانە لەگەڵ تۆ بم.

جێم مەهێڵە ئەی لووتکەی جوانیم. من بە توانەوەی کێوەکان ڕانەهاتووم. جێم مەهێڵە ئەی غەریبەکەی کەلاوەکانی خێڵان، من بە دەردی چوونت موبتەلام.

ئەی پەلکەزێڕنەی لە مندا هەڵاتووی دوای بارانی شادی، ڕەنگە تائێستا نرخی تۆم وەک ئەوەی هەیت نەزانیبێت، چونکە لەلام بوویت، بەڵام ئیتر نا!

ڕەنگە تائێستا بە کوڵ بۆت نەگریابم، چونکە لەلام بوویت، بەڵام ئیتر نا! ڕەنگە تا ئێرە لە دڵمدا هەر سوارەیەکی تەنیا بووبیت و بەس، بەڵام ئیتر یەک دنیا کەسی لەلام. ئیتر نا، گیانم نا.

ئەی لە دڵمدا ناسکترین شووشە، تو خوا مەهێڵە نیشان لە سینەم بگرێت فیشەکی دووریت.

لە ئاوابوونی خۆری دڵ ڕانەهاتووم. سپێدەکان بگەڕێوە بۆلام، کۆتری من. چونکە تۆ دەستکەوتی تەواوی ئەم ژیانەمیت، ئیدی چۆن دەستبەرداری ئەو ڕەنجەم بم، ئەی خۆشخوانەکەی سەر ماڵی من؟

خۆشم دەوێیت ... بە مەودای دووریی دڵت تا دڵم.

بە گیانی ئامەی دایکم، بێڕەحمانە عاشقت بووم، ئەی چەوسێنەری جوان.

ئا من چ ناشرینێک بووم سوارە، کە وا دەڕۆیت و جارێکیتر سەیرم ناکەیت؟ من چ خوێن تاڵێک بووم کەسم، کە ئیتر لێو لە کانی لێوم ناخەیت ؟

بزانە ئەو ڕۆژەی خودا ڕۆحی خستە گیانم، ئەو ڕۆژە بوو تۆ هاتیتە ژیانم. بەڵام ئێستا کە تۆ دەڕۆیت، مردن هەر ناوی نەماوە، هێندە لەم چوونەت نیگەرانم.

من ئیتر سەر بنێمە سەر شانی کێ تا گۆرانیم بۆ بڵێت؟ گوارەکانم لەسەر شانی چ پیاوێکی تر لە دڵخۆشیدا لەرەیان بێت؟

ئاخر لەمەو دوا لە خەمی ناسکیی کێدا گوڵ بگرم؟ لەگەڵ کێدا شۆستەی درێژی شەوەکانم تەی بکات خەیاڵ، کاتێک تۆ دوور بیت و، منیش دڵشکاوێکی وێرانەماڵ؟

نازانم ئەم عیشقە بۆ ئەوەندە نامەردە، تا خەندەیەکت پێ دەبەخشێت، گریانەکانی هەزار قامچیت لێ دەدەن. تا دوو ئەوین پێکەوە گرێ دەدات، هەزار بەندی دڵ دەپچڕێنێت و لێکیان دەکات. کەچی سەیرە هەر خۆشمان دەوێت!

بە پێی خۆمان بۆلای دەچین، لێی دەپاڕێینەوە و، بۆی دەکەوینە سەر چۆک تا یەکێک لە موریدەکانی خۆیمان پێشکەش بکات. شانازی دەکەین بە هەموو ئەو عەزابانەی پێمان دەدات، بە گشت ئەو شەوانەی خەونەکانمان بێدار دەکات. جاری وا هەیە ئەوەندە نائومێد دەبین تێیدا، ئەوەندە بێحاڵمان دەکات، کەچی زاتی ئەوە ناکەین نەفرەتێکی تێ بگرین، بوێریی ئەوەمان نییە بۆ چرکەیەکیش لێی دوور بکەوینەوە. چونکە بۆ خۆی هەم دەردە و هەمیش دەرمان. وەک کێشانی جگەرەی دەستی ئەو پیاوە وایە کە سوور دەزانێت سینەی وێران دەکات، بەڵام تا نەیکوژێت، دەستبەرداری نابێت.

بەڵێ سوارە گیان، منیش لەنێو عیشقی تۆدا وەک تلیاکییەک وام کە لێت دوور بم، بێحاڵ و سەرگەردان دەبم. کاتێکیش لە بەر دەستمدایت، پێت ئارام دەبمەوە. چونکە من پێم وایە سادەترین پێناسەی عاشقبوون ئەوەیە: "ئەگەر هەزار دەردی پێوە بێت، ئالوودەی خۆیت دەکات. تەنانەت ئەگەر مردن بێنێتە بەر دەرگاکەیشت، هەمیشە وەک موبتەلایەک فەرمووی لێ دەکەیت، دەڵێی وەرە و ڕۆحم سەد جار بە فیدات."

بۆیە منیش دەڵێم: لە هەر کوێ بێت، لێرە یا ئەو پەڕی دنیا، دوور بێت یا نزیک، لە باوەشی ڕاستەقینەی خۆمدا بێت یان

خەیاڵەکانم، لەتەنیشت خۆمدا لەسەر سەرینی جێگاکەم بنوویت

یا خەونەکانم، من هەر ئاشوفتەحاڵی تۆم.

بەڵام گیانە کە تۆ دەڕۆیت، هەورەکانی ئاسمان هاوار دەکەن و، دێن چاوەکانی من دەکەن بە مەنزڵ. خەنجەرەکان دەیانەوێت لێویان لە خوێن سوور بکەن و، سینەی من داوا دەکەن.

ئەوەتانێ دڵم وەکوو کانی خەریکە دەتەقێت. خودا ئەو ڕۆژە نەهێنێت تۆ لەنێویدا بخنکێیت.

ئاگەداری خۆت بە، کەسی من. چونکە بەخیلان زۆرن چاویان بەم ڕێگایە هەڵنایە با نەکەویتە بۆسەی جەللادانەوە، ئازیز.

بڕۆ سپاردەی خوا و دڵم بیت

تا دێیتەوە، من بێحاڵیم دەلاوێنمەوە

زوو بگەڕێوە، ئەی دەوای من

سروە

# سەری ساڵ، ئاوایی باران

فەرهاد: "ئاخ ئەمە چ ژیانێکە، نازە؟ هەر دەڵێیت نوێژەکانی نەنکمە ئەوەندە لەنێویدا کەوتینە سەرچۆک، تا لێمان بوو بە خودا. مەگەر تەنیا دوای مردن بتوانین پێی بگەین و، بە دیداری شاد بینەوە."

نازەنین: "نا. فەرهاد گیان، ئەم ژیانە هەرگیز لە خودا ناچێت، چونکە ڕۆژ نییە نەمانکوژێت و هەناسەکانمان نەبڕێت. کەچی دوای هەر زیندوبوونەوەیەک، دەبینین هەر جەللادەکەی جارانە و وەک فیشەکێکی وێڵ دێت و بەر سینەمان دەکەوێتەوە."

فەرهاد: "زۆر لەم سەفەرەی سوارە نیگەرانم. دەترسم سەگە بێبەزەییەکانی سەلیم خان، یان بە کرێگیراوەکانی خادم شا لەپای ئەو داکۆکیەی لەو خەڵکەی دەکات، چیتر فرسەتی مانەوەی نەدەن لە ژیان. چونکە ئەوان هەمیشە تینوون بە

خوێنی ئەو مەردانەی کە نایانەوێت وەک ئەوان بە شەرمەوە بژین."

نازەنین: "من تا ئەمشەو سوارەم وەک خۆی نەناسیبوو، بەڵام کاتێک سروە کۆتا نامەی بۆ خوێندمەوە، ئینجا تێگەیشتم کە ئەم کوڕە چ دنیایەکە لە جوانی. چ شانازییەکە بۆ خۆشویستن. سروە لە تاو ئەم جێهێشتنەی زۆر بێحاڵ بووە. گومانی زۆر خراپی دەبرد. بۆیە تکات لێ دەکەم مەهێڵە سەرکێشی بە هەڵوێستەکانیەوە بکات. ئەگەر هەر دەڕوات، با شێتانە نەچێت."

فەرهاد: "تۆ دەڵێیت چی، نازە گیان؟ سوارە هەرگیز لەو مرۆڤانە نییە بە مەزاج بڕیار بدات. ئەگەر وەک من ئەو بناسیت، تەنیا ئەوە دەڵێیت کە منیش بگەڕێمەوە بۆ شار و شانبەشانی ئەو لەو ڕێگەدا خەبات بکەین. چونکە ئەگەر من هیچ نەڵێم و تۆش هیچ نەڵێیت، سەرەنجام بێدەنگی کاسەی سەرمان دەخوا و، دەبێت تا ئەبەد یەخسیری دەستی ستەمی ئەم ڕۆژگارە بین.

"بزانە گیانم، ئەگەر من چرای بیرم لەم تاریکستانە دانەگیرسێنم و، تۆش بە خامۆشبوونم دڵخۆش بیت. کۆتا جار لەنێو میحنەتی ئەم شەوە ڕەشانەدا هەموومان ون دەبین. بۆیە بەو بۆنەوە منیش بڕیارم داوە ئیتر لادێ جێ بهێڵم و بێمەوە لە هەفتەنامەی ئەویندا کار بکەم. چونکە ئەگەر ئێمە نەتوانین

لەپێناو مرۆڤەکاندا بجەنگین، چۆن دەتوانین ببین بەو مرۆڤەی مرۆڤایەتی شەرم لە بوونمان نەکات؟

"ئەوەتانێ وا بۆ حەوت ساڵ دەچێت من شوانکارەی ئەم هەوارەم. جاری وا هەبووە لەپێناو موبتەلابوونی مەڕێکم بەدەست دەردێکەوە، لە ناخی دڵەوە گریاوم. بە دەیان شەو لەپێناو پاراستنی ژیانیاندا تا سەحەر هەر بێدار بووم، نەکا لەم هەوارە ڕەوە گورگێک بێن و لێیان بدەن. دەی کەواتە چۆن بتوانم ئەوە ببینم کە لە شاردا ئەو هەموو خەڵکە بە مەڕ کراون و، گورگەکانی سیاسەت تێیان بەربوون و، منیش هیچ نەڵێم؟ دەی پێم بڵێ چۆن بتوانم؟!

"ئاخر چۆن هەدا بدەم، پێنووسەکەی دەستم لاڵ بکەم و نەیهێنمە گۆ؟ بۆ مەگەر ژیانی کێ ئەبەدی بووە تا هیی من ئەبەدی بێت و، بۆ لەدەستدانی سڵ بکەمەوە؟"

نازەنین: "دەزانم گیانم. تۆ لە ڕەنگی زەردی کفنەکان ناترسیت و نەترساویت. لە تەنیایی نێو گۆڕەکان باکت نیە. لە بەخشینی سەرت بە کێڵەکان خورپەیەک نایەت بە دڵتا. لە ڕاستیدا منیش وام، بەڵام ترسم لە ژیانی پڕ مەرگەساتی بێتۆیی هەیە. بۆیە دەڵێم کە هاواری تۆ لە هەر کوێیەک بێت، گەرووی منیش لەو مەیدانەیە. فرمێسکی تۆ لە هەر چاوێک بڕژێت، چاوی منیش کەناری ئەو پێڵوەیە. بۆیە لێناگەڕێم بە تەنیا یەک هەنگاو

بنێیت. لێرەوە هاوسەفەری گشت چوونێکت دەبم. تەنانەت ئەگەر بۆنێو کڵپەی ئاگریش بڕۆیت، من هەر لە گەڵتا دەمێنمەوە."

فەرهاد: "ئەی ڤینۆسی ئاسمانی ئەم ئەوینەم، من نامەوێت ڕێی هاتنت لێ بگرم. جا ناشمەوێت بە هۆی منەوە بێیت. ئینجا دەشزانم ئەم ڕێگەیە چەند بۆ من سەختە، دە هێندە بۆ تۆ. چونکە لەم وڵاتەدا ژنبوون هەر لە خۆڕا عەزابە. جا ئەگەر بچیتە دنیای یاخی بوونەوە، ئەوە هەر مەپرسە. بەڵام خۆ ناکرێت تا هەتایە ژنان باکیان بەوە هەبێت کە بڤەی کلتوور سنورداریان بکات. نابێت چیتر هەر وەکو مەکینەیەکی خستنەوەی منداڵ ئیشیان پێ بکرێت. چونکە تا ژن ئازاد نەبێت، ئازادی بە مردوویی لەدایک دەبێت. هەر کۆمەڵگایەک هاواری بوێریی ژنی تیا نەبیسترێت، گەردوون لە ئاستیدا خۆی کەڕ دەکات.

"من ئەم ژیانەم وەک ماشێنێک دێتە پێش چاو، ئەگەر ژنان بۆ خۆیان تێیدا نەبن بە شوفێرێکی کارامە، دەبێت تەنیا وەک سەرنشینێکی بە بارمتەگیراو لە قەراغی ڕێگاکان بڕوانن و، کەسیان نازانن کۆتاییەکەیان بە کوێ دەگات."

نازەنین: "مەبەستت لە هەفتەنامەی ئەوین چی بوو؟"

فەرهاد: "سەرەتایش بۆم باسکردیت. ئەو ڕۆژانەی لە زانکۆ بووم، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکمدا هەفتەی جارێک لەسەر ئەرکی خۆمان ژمارەیەکمان لێی دەردەکرد، کە بۆ خۆم سەرنووسەری بووم. بەڵام دوای شەهیدبوونی جوانڕۆ بە دەستی پیاوەکانی سەلیم خان، دەسەڵات مۆڵەتی لێ وەرگرتینەوە و نەیهێشت چیتر چاپی نوێی لێ دەربکەین."

نازەنین: "ئەوین هەفتە نامەیەکی سیاسی بوو؟"

فەرهاد: "نا هەمەڕەنگ بوو. واتە گۆشەکانی جیاواز بوون. بەڵام ئەو گۆشەی من و جوانڕۆ تێیدا دەماننووسی، گۆشەیەکی تەواو ڕادیکاڵ بوو. گوزارشتی لە گشت جۆرە یاخی بوونێک دەکرد. هەر لە یاخیبوونی کلتورەوە، تا ئایین و، سیاسەت و کۆمەڵگا. کە سەرەنجام بە هۆیەوە جوانڕۆ شەهید کراو، منیش لە زانکۆ دوور خرامەوە. جیا لەم گۆشەیەش، کەسانێک هەبوون بێئەندازە جوان کۆمێدیای ڕەشیان تێیدا دەنووسی و، ئازارەکانی کۆمەڵگایان تێدا دەهۆنیەوە.

"گۆشەیەکی دیکەشمان هەبوو بە ناوی گۆشەی ئازادەوە. زیاتر ئەو نامانەی لەخۆ دەگرت کە لەبارەی سۆزداریەوە دەنووسران. جوانیی ئەم گۆشەیە لەوەدا بوو، ئەوەی تێیدا دەینووسی، سڵی لە هیچ نەدەکردەوە. چی لە دڵدا با دەیکردە پەیامێک و بۆ خۆشەویستەکەی دەنارد. نووسەرانی ئەم

گۆشەیە لە هەردوو ڕەگەزدا زۆر بوون. جا پڕ خوێنەرترین گۆشەمان بوو. بە تایبەت نامەکانی ئایدا. ئەو خانمەی ئەوەندە عاشقانە تێیدا دەینووسی، هەر کوڕێک کە دەیخوێندەوە، پڕ بە دڵ ئارەزووی دەکرد کە خانمێکی وەکوو ئایدا هاوژینی بێت. بەڵام ئایدا هیچ کات ئەوەی نەئەدرکاند کە پاڵەوانی نێو وشەکانی کێن و ئاڕاستەی کێیان دەکات. دوای شەهیدکردنی جوانرۆ کە بەهەر حاڵێک بوو توانیمان کۆتا ژمارەی لێ چاپ بکەین، ئایدا ئەمەی نووسیبوو ... ئا بوەستە، بەر لەوەی بۆت بخوێنمەوە، با بڕۆم مەڕێک بدۆشم و جامێک شیرت بۆ بکوڵێنم. تا نەڵێیت ئەم خانە خوێیەم هیچ شعوورێکی نەبوو و هیچی پێ نەدام."

نازەنین : "باشە بەڵام حەزەکەم خۆم بیدۆشم."

فەرهاد: "ئای لەم بیریە جوانە ... دەی کەواتە هەستە با بڕۆین."

نازەنین : "ئەی دەستەکانم ناگریت؟"

فەرهاد: "تۆ دەمێکە بە دەستەکانت ڕۆحت گوشیوم. باشتر وا بوو بڵێیت: ماچم ناکەیت؟ چونکە ئەوەی من نەمکردووە لە تۆدا، تەنیا ماچی ئەو لێوانەتە کە هێندەی ئاوایی باران تەڕن."

نازەنین: "جا لادێی، تۆ چووزانیت ماچم بکەیت؟"

فەرهاد: "خەمت نەبێت، کارێکی وا ناکەم کە چویتەوە دایکت پێت بڵێت: 'ئەوە چ مارێک وا لێوەکانی گەستوویت؟ چ بێویژدانێک وەکوو سێو گازی لە کوڵمەکانت گرتووە.' "

نازەنین: "ئەی بە نێچیری ڕاوەکەت بم. وای فەرە ئەمە چ سوتفەیەک بوو؟! ئەها دەبینیت چۆن لەم کاتەدا باران دایکرد؟"

فەرهاد: "نا، ئەوە باران نییە گوڵم، بەڵکو هەوری دڵخۆشیی منە و وا ڕێژنە دەکات. دەی وەرە باوەشم و ساتێک چاوەکانت دابخە. تا تێبگەیت کە ئەم لادێیییە دەزانێت ماچت بکات، یان نا!"

نازەنین: "فەرهاد؟"

فەرهاد : "گیانەکەی من؟"

نازەنین: "ئەگەر حەز بە توانەوەم دەکەیت، بەردەوام بە. توندتر باوەشم پیا بکە، ئەزیزم. ئەگەر نا، بەسە ئیتر با لە ئامێزتدا نەبم بە ئاو."

فەرهاد: "دەی کەواتە با بڕۆین شیرەکە بێنین."

نازەنین: "نا فەرهاد، پەشیمان بوومەوە. حەزم چووە چای. چونکە باوکم زۆر باسی چێژی چای سەر ئاگری دار دەکات."

فەرهاد: "وە بان دییەم، هەر ئێستا."

نازەنین: "دەی زووکە کاکەی شوان، تا بەدەم خواردنەوەی چاکەوە، نامەکەی ئایدام بۆ بخوێنیتەوە."

فەرهاد: "ئەوەش چاکە ئامادە بوو. ئێستا پێم بڵێ، چای تاڵ دەخۆیتەوە، یان شیرن؟"

نازەنین: "تاڵ."

فەرهاد: "دە ئاخر بۆ لێویکی وەک شەکر، کوا هیچ شتێک تاڵە؟"

نازەنین: "فەرهاد، میزم دێت، چی بکەم؟"

فەرهاد: "بۆ لەم وڵاتەی کە زیاتر لە تەوالێتێکی گەورە دەچێت، ناکا بڵێی شوێنێکت نییە بۆ دانیشتن؟"

نازەنین: "باشە دەڕۆم لە پەنای کەرەکەتدا دەیکەم، بەڵام بەڵێن بدە سەیرم نەکەیت."

فەرهاد: "دەی ئەگەر پێت وایە بۆ کەرێک حەڵاڵ بێت سەیرت بکات و، بۆ منیش نەزەر بێت، بەڵێن دەدەم."

نازەنین: "کوڕە چی دەکەیت بیکە. کاتی ئەم قسانە نیە، خەریکە دەیکەم بە خۆمدا."

فەرهاد: "ئێستا من نامەکەی ئایدات بۆ دەخوێنمەوە و، تۆش سەر بنێرە سەر شانەکانم."

نازەنین: "ئم."

لە ئایداوە ...

تەنیاییەکەی خۆم دەکەم بە قوربانت، ئەی زامی جێماو لەم سینە شەقارشەقارەی من. ئەی لە دڵدا هێندەی یەک گەردوون مەزن، تۆ ئەی جوانڕۆی لە من ڕۆیشتوو.

وای دڵم چەند ژان دەکات. چەندە بێ تۆ لەم تاریکستانەی نیشتماندا بێحەواسم. ئا پێم بڵێ، ئەمە قەتماغەی چ برینێک بوو لە مندا هەڵتمالی؟ دەرگای چ میحنەتێک بوو لێت والا کردم؟ تۆ چ ڕۆژێک بوویت کەوا بەم جۆرە ئاوا بوویت و، لە سپێدەکانمدا یاخییان کردیت؟

دەی پێم بڵێ، من ئیتر چی بە شەونمی تەڕی گەڵای چاوەکانم بڵێم کە وا لەنێو ئەم باغە غەمگینەی ڕۆحمدا جێت هێشتن؟

خەڵتانی خوێنم و گریانم دێت، گریانێک نە هەورەکان هەڵیدەگرن و، نە لە دەریاکاندا جێگای دەبێتەوە. گەر باوەڕ

ناکەیت، وەرە و ببینە لافاوی چ خوێنێکت ڕژاندووەتە سەر گۆناکانم.

حەزم بە خۆ کوشتنە، بەڵام چی بەو چەقۆیانە بڵێم کە بەوە دەمترسێنن، ئەگەر لە سینەم بیانچەقێنم، تۆ لە دڵدا دەکەنە ئامانج؟

دەمەوێت خۆم بخنکێنم، بەڵام سێدارەکان دوای مەرگی تۆ ئەوەندە نیگەرانن، هەموویان بوون بە کوڕێکی باش. دەمەوێت خۆم بسووتێنم، بەڵام ئاگرەکان دوای کۆچی تۆ سەرمایان بووە. چونکە وا کوژاونەتەوە، ڕەنگە هەرگیز جارێکی تر دانەگیرسێنەوە.

بە من چی یادی ناوەکەت، کە دڵ داوای خۆتم لێ دەکات. بە من چی سەردانی مەزارەکەت، کە دەستم داوای گرتنی دەستەکانت دەکات. بە من چی ڕوانینی وێنە غەمگینەکانت، کە چاو داوای خەندەی زارت دەکات.

بۆیە داوای بەخشینت لێ دەکەم کە ئەمشەو هەموو وێنەکانتم سووتاندن—ئەو وێنانەی لە سەر ڕووپەڕی هەفتەنامەی ئەوین نیگایان بۆ دەکردم. بەڵام سپێدە کە هەڵسام، بینیم گشت کولێرەکانی دەستی دایکم تامی تۆیان گرتبوو. دەزانیت بۆچی؟ چونکە گشت وێنەکانتم لە تەنوورەکەی دایکمدا سووتاندبوو.

بەلام دوای سووتاندنی وێنەکانت، ئێجگار پەشیمان بووم. بۆیە ئێستا تا خەیاڵەکانم تۆم لێ ون نەکەن، هەر جارەو بەدیار یادێکتەوە دەبمە پاسەوان، تا لە لام نەڕۆن. بەلام ئەوەندە یادەکانت ئازیزن، خەریکە خەیاڵەکانیشم عاشق بە خۆیان دەکەن.

دڵم توندە ئەی دۆست! بەردێک هاتووەتە ڕۆحمەوە خەریکە سینەم دەتەقێنێت. دە ئاخر تۆ ئەستێرەی ئاسمانێکی بەرز بوویت و، بالای منیش کورت. ئەسەف دەستەکانم پێت نەگەیشتن. تۆ ڕێگای درێژی سەفەرێک بوویت و، ئەژنۆکانی منیش شەکەت. هەنگاوەکانم پێت نەگەیشتن. تۆ ئاوازی گۆرانییەک بوویت و، زوبانی منیش لاڵ. ئیدی چۆن بتچڕم ئەی هەناسەم؟

نامەوێ بەخودا نامەوێ... ئەگەر ئەم ژیانە عومری نوحیشم بداتێ هەر نامەوێ. چونکە ساختەیە تەمەنی بێ تۆیی لەم کەشتیەی نیشتماندا.

دوای مەرگت گوتم کێ دێت بڕۆین؟ من ئەم شارە جێ دەهێلم.

وتیان بۆ چی؟

وتم چونکە لێرە جەنگی ڕەنگەکانە، لێرە باو باوی کپکردنی دەنگەکانە. لێرە مرۆڤ گوڵێکی پەژموردە و سیسە. هەر چوار

وەرز بۆی خەزانە. نیشتمان بەهەشتە بۆ هەندێک کەس، بۆ زۆری تر گۆڕستانە. بۆ خائینان دەریای زێڕە و، بۆ دڵسۆزان بیری وشکی بیابانە.

بەڵێ لێرە شەرەف پارە و زێڕە. پیاوی هەژار دایمە برسی و، سیاسیی خوێڕیش دایمە تێرە.

لە دوای تۆ بە ژیانم وت: بوەستە ئەی ژیان، ئەی نامەردی پڕ لە ستەم، ئەی بەدترین ناوی سەردەم، ئەی باڵاترینی خیانەتکار، ئەی هەزار ڕووی سیمای ڕۆژگار. تۆ ئەی ئاوێنەی شادیماڵی زەنگین، ئەی شووشەی شکاو بۆ پێی هەژار. بوەستە ئەی شیرن بە گەرووی زۆر کەس، ئەی تاڵ بە لێوی گەدای بێچار. لەوەتەی تۆم ناسیوە ئەی ژیان، لەوەتەی تیات گەورە بووم ئەی ژان، لە جێی ئەوەی شادیم بۆ بهێنێت، هەر ڕۆژەو ئازیزێکم لێ دەسێنێت.

هاتیت و کردمت بە دەریای شین، بە تاڤگەی زام، نەبوو جارێک لە ئێنجانەی ئەم دڵە شکاوەمدا خەندەیکت دابچێنیت. هاتیت و پڕت کردم لە ڕەنگی زەرد، ئەوەتانێ بووم بە تابووتی ماتەم و دەرد.

سەیر بکە، کە پاییز دێت مۆڵەت لە ڕەنگی من داوا دەکات. کە پشکۆیەک دادەگیرسێت، گەرمی لە هەناسەی من بۆ خۆی دەبات.

بوەستە ئەی هاواری پڕ لە ناڵەی هاودەمی من. ئەی ئەژنۆی شەکەتی ڕۆژگاری من. بوەستە ئەی مێژووی ڕەشی چارەنووسم. ئەی نەفرەتی پڕ بە گەرووی نێو پێنووسم. ئەی تابلۆی شێواوی وێنەی زامم. هۆ ڕەشە بای دڵڕەقی پەنجەرەی خۆزگەکانم. بوەستە ئەی کەلەپچەی دەستی خولیام. ئەی خۆری ڕەشی ئاسۆی هیوام. ئەی داری بێبەری باخی تەمەن. ئەی سەخیفترینی هاوڕێی زەمەن. بوەستە ئەی خۆفرۆش. ئەی بوکەڵەی خولیای سامان. ئالوودەبووی تەلاری جوان. ئەی تێر نەبووی زێڕ و دراو. لەگەڵ تۆمە ئەی ژیان، ئەی قاحبەی بە کرێگیراو. بوەستە ئەی دادوەری نایەکسانی، ئەی سێدارەی گەردەنی جوانی. بوەستە ئەی ژیان، من تووڕەم لێت دادەبەزام ... چیتر هاوڕێی ناوت نابم. ئیتر مەرگ دۆستی منە. کوا لەکوێیە؟ بۆ نایەت بمگەیەنێت بە تۆ ... قوربانی بم!

مەپرسە بۆ؟ چونکە بۆ خۆت باش دەزانیت کە وا مەرگ چەندە جوانە. دە ئاخر مەرگ دووڕوو نییە، وەک سیمای تۆ ئەی ژیان. لەپای جەورت کۆتا خەونی چی ئینسانە. وەک تۆ نییە خۆفرۆش بێت، بۆ هەندێک کەس میهرەبان و، لە ڕووی ئێمەش سەگی هار بێت.

بە خوێن بڵێن، گەر لە زیندانی دەمارەکان بێزار بووە، یا لە خولگەی گیانی بیمار شەکەت بووە، ئازادی کەن لە لاشەی من. چون دەمێکە جەستەی کزم ئاشنای مەرگی ژێر گڵ بووە.

بە تاڤگەش بڵێن، چیتر کێوەکان دوولەت نەکات، با بێت لە چاوی مندا بتکێتەوە. دەمێکە من ئەشکی سوێرم، وەک جۆگەلە بەسەر ڕوومدا ڕێی گرتووە.

بە پاییزیش ڕاگەیەنن، واز لە ژیانی گەڵا بێنێت. زەمەنێکە من وەریوم و، خونچەی عومرم بێڕەنگ بووە. گەر دەپرسن کەوا من کێم؟ من بارانم باران. بەڵام خنکان پێناسەمە. پڕم لە ئاو، کەچی ئاگر هەناسەمە. من ئەو کەسەم تا پێکەنینێکم لەدایک دەبێت، سەد گریانم لەبار دەچێت. تا خۆزگەیەکم پێ هەڵدەگرێت، هەزار خولیام ئەژنۆی دەشکێت.

ئەگەر ئەم جارە خۆری ئومێد بەیانی کرد، بڵێن نامەرد بۆ کێ هەڵدێت؟ لەپاش مەرگی سپێدەی گوڵ لەگەڵ خونچەی کام باغ دەدوێت؟

پێی بڵێن، هەتا دڵم بەستووی غەم بوو، ئەو لەکوێ بوو؟ لە ئاسمانی کام خودادا، وەک سەگەکەی ماکسیمیلیان لە خەودا بوو؟

من کە پەنجەرەی هیوام داخراوە، کە ڕۆشنایی نیگای یارەکەم لەنێو خاکدا کوێر کراوە، چی لێ بکەم تیشکی هەتاو. وەک ماسیەکی لێوار کەنار، دوای خنکانم بۆ چیمە ئاو.

توخوا لێم گەڕێن یاران، با ئەم شینەم سەوداسەر کەم، وەک شەهیدی دوای جەنگێک، ڕەنگی تابلۆم بەبێ سەر کەم.

تازە بۆ چیمە خۆری ئومێد، کە خۆم ئاوا بووبم لە ژیان.
نامەوێت ترپەی دڵی بێتۆیی کە دوای چوونت کوشتمت بە ژان.

بوەستە ئەی ژیان، من ئەم شارە جێ دەهێڵم. جێی دەهێڵم وەک جوانڕۆ. وەک شەهیدی ناخی گڵکۆ.

ئۆف چیان کرد لە دڵم سەگە بێحورمەتەکانی سەلیم خان.
گورگە برسیەکانی خادم شا.

بە بەختی بێبەختیم سوێند ... شەرتە دوای تۆ بە هەزار دەست قوڕ بپێوم. بە چلملیۆن چاو هەر بۆت بگریم. دە ئاخر ئەگەر تۆ نەبیت، ژیان چییە؟ هەناسەی من، تۆ بوویت کەسم. دڵ بەبێ تۆ ئامێرێکە هەرگیز نابێت بە خاوەن ماڵ، چونکە بۆ خۆی لە سینەمدا کرێچییە.

وای چەندە غەریبم، چەندە بێزارم لە گیان. فرمێسکم لێ بڕاوە و چاوێکی تر لەکوێ بێنم؟ ڕۆحم پڕە لە بێدەنگی و دەفی شیوەنی کام دڵ وەگۆ بێنم؟

دەمار لە گیانمدا بووە بە داو. خاک لە ژێرمدا بووە بە ئاو. پەنجەکانم پڕن لە دەزووی داخ. هەناسەشم بە کڵپەی ئاخ. ئاخ بۆ کێ؟ بۆ شکانی باڵی ئەمەل، بۆ نەمانی جوانڕۆی گەل. بۆ

ئەو پێنووسەی هەمیشە دەیگوت: "نا، هەزارجار نا. با بڕۆخێت بیری میگەل."

ئەگەر مێژوو دایک بووایە، تۆ تاقانەی جوامێریی ئەو دایکە بوویت. ئەگەر چیاش پێی گرتبا، تۆ یەکەم هەنگاوی پێی لوتکە بوویت. ئەگەر شەرەف پایتەختی هەبا، دەبوو ناوی تۆی لێ بنێن. ئەگەر هەڵۆکانیش ببان بە شا، دەبوو تاجی غیرەتی تۆ لە سەر بنێن.

ئەی پڵنگی نێو ڕەشابای یاخیبوونم، ئەی هاواری ئەم چەند ساڵەی نێو ئەوینم، کە تۆ لەوێ بە کەلەپچەی شەرافەت کۆتکراویت، بە گوللەی وێڵ پێکراویت، من چۆن لێرەوە شەرمندەی ئازادبوون نەبم؟ چۆن هەتا دەمرم ڕەشپۆشی ماتەم نەبم؟

لە ئایداوە هەزار سڵاو. لە ئایداوە گەردوونێک ماچ بۆ گۆڕەکەت.

نازەنین: "وای فەرە، چەند دڵێکی پەرێشانی هەیە ئەم کچە! چەند عاشقانە ڕازەکانی کردووە بە گریان! چەند بە جوانی سکاڵا لە ژیان دەکات!"

فەرهاد: "تاقەتی هیچم نەماوە، نازە. جوانڕۆ هەر بە تەنیا ئایدای نەکوشت، بەڵکو دوای ئەو، بوێریی پێنووسەکانیش مردن. من ئیتر شەرم لە بێدەنگبوونی خۆم دەکەم ... بەسە ئیتر هەستە بڕۆین ..."

# یەکەم هەفتەی بێتۆیی ...

وا مەزانە کە لێت دوورم و یادت ناکەم،

بە چاوت قەسەم، ئەوەندە تێرم لە دنیای خەیاڵتدا،

چەند ڕۆژە هەر نان ناخۆم.

تۆ چ جوانێکیت، سروەکەی من؟!

من ئەگەر هەور بم، قەت داناکەم بە سەر تۆدا، چونکە ئەوەندە ناسکیت، ترسم هەیە بە باران بتوێیتەوە. بەڵام چی بەو ڕەنگە گەنمیەت بڵێم کە ئێجگار تینوون بۆ ڕێژنەی چاوەکانم؟

ئێستا نازانم تۆ جوانتریت یان شەو؟

بزانە کە شەو دادێت، تیشکی هەتاو بەسەر کەلدا دەتوێتەوە. شار پڕ دەبێت لە بێدەنگی و، چپەی گەڵا جێگای فڕینی مەل دەگرێتەوە. خوڕەی ئاو گۆرانی بۆ چەم دەڵێ و، باڵای چنار بە هەناسەی نەسیم دەشنێتەوە.

که شەو دادێت، منداڵانی ماندووی لادێ، یا ڕێبواری شەکەتی ڕێ، باوەش لە سەرین و بەرد دەگرن. مردووی سەدان ساڵەی نێو گۆڕەکان، گوێ بۆ سرتەی ژووانی زیندووان دەگرن. پیرە پیاوان یاد بۆ گەنجێتیی خۆیان دەگێڕن. ساقییان لە مەیخانان مەی دەگێڕن.

که شەو دادێت، دڵدارەکان ڕازی تەنیاییان بە بێداری دەهۆننەوە. بەیداغی سەر گەڵاکان، شەونمی ڕوویان دەخۆنەوە. سەیر بکە گوڵم چەند جوانە شەو!

بەڵام گیانە کە تۆ هەڵدێیت لە نیگای چاوی مەستما، لە خەیاڵی پڕ لە تاسەی نێو هەڵبەستما، شادەماری مردووی گیانم دەژیێنەوە. ترپەکانی دڵی دووریم لە تۆ، وەک خونچەی دەمەو بەیان ئاواز بۆ ژیان دەڵێنەوە.

کە تۆ هەڵدێیت گیانی گیانم، وەک ئاونگی نێو سپێدە، دەڕژێی بەسەر سەحرای ژینما. کاژی ماتەم فڕێ دەدەیت بەسەر سیمای بێتۆییما. پڕم دەکەیت لە دەنگی خۆش، وەکوو بولبول دەمهێنیە جۆش. وەکوو باران وەک کڕێوە دا دەباری بە سەرمدا. دەیتەزێنیت مەلی هەستم لەنێو گڕی کانگای دڵدا. دەملاوێنی و دەمخەیتە خەو، بۆم دەخوێنیت وەک قاسپەی کەو.

دەی پێم بڵێ سروەکەی من، ئێستا شێوەی کامتان ڕەنگینترە؟
تۆی هەزار ڕەنگ، یان ڕەشیی شەو؟

ئازیزم، نازانم ئاگاداری فەرهادیت یان نا، بەڵام ئەویش بە نیازە بگەڕێتەوە بۆ شار و، هەفتەنامەی ئەوین زیندوو بکاتەوە. ئەگەر ئەمە ڕوو بدات، بۆ من دەستکەوتێکی باشە. چونکە دەتوانم لەو مینبەرەوە خەمی ئەو خەڵکە بگەیەنم و سکاڵاکانیان بگەیەنمە جێ. هەرچەندە ڕەنگە مۆڵەتی کارکردنمان نەدەن، چونکە ئەوین هەفتەنامەیەکی بێ ناو و دەنگ نەبووە لە ڕابردوودا تا ئێستا دەسەڵات سڵی لێ نەکاتەوە. بەڵام گەر بە نایاساییش بێت، ئێمە هەر سەرپێی دەخەین.

دوێنێ فەرهاد لێرە بوو، لەگەڵ ماڵی نازەنیندا هاتبوو. تا ئێوارەیەکی درەنگ پێکەوە بووین. گفتوگۆیەکی زۆرمان لە بارەی ئەوینەوە کرد. تاکو ئێستا تاکە کێشە لە بەردەمماندا لایەنی ئابوورییەکەیەتی، چونکە دەمانەوێت بە تیراژی زۆر لە چاپی بدەین و، بۆ خۆیشمان گوزەرانمان هەر ئەوەیە کە دەیبینیت. بەڵام فەرهاد گوتی: "پەیوەندی بە ئایداوە دەکەم." گوایە ئەو خانمە خۆشەویستییەکی زۆری بۆ ئەوین هەیە و، باوکیشی یەکێکە لەو پیاوە شکۆدار و زەنگینانەی کە چی لە دەست بێت، هاوکاریمان دەکات و، بەو هۆیەوە ئەویش چارەسەر دەبێت.

ڕەنگە تۆ ئایدا نەناسیت، بەڵام ئەگەر بەو شێوە بێت کە فەرهاد بۆی باس کردم، نمونەی لەم ڕۆژگارەدا کەمە. چونکە کچێکی ئازادە و، باوکیشی زەمەنی خۆی یەکێک بووە لە ڕێبەرانی بیری کۆمۆنیستی و خاوەنی چەندین کتێبیشە، لە بوارەکانی: ئازادی و، فەلسەفەی یاخیبوون و، کۆمەڵناسی.

لەم ڕۆژانەدا یەکەم چالاکیمان دەست پێدەکات، دژی ئەو بڕیارەی شارەوانی. خوازیارم دەسەڵات گوێمان لێ بگرێت. هەرچەندە باوەڕم وایە ئەوان ڕێز بۆ هیچ خەباتێک دانانێن کە مەدەنیەت هەوێنی بێت. چونکە خاڵین لە هەموو بەهاکانی دیمۆکراسی و پرەنسیپەکانی ئەخلاق. بەڵام ئێمە کۆڵ نادەین و لە مەڵبەندی شاردا گردبوونەوەی خۆمان ڕێک دەخەین.

هەرچەندە ئاگانامەی زۆرم لە لایەن پیاوەکانی سەلیم خانەوە بۆ هاتووە تا دەستبەرداری ڕێبەرایەتیی ئەو دەنگە ستەملێکراوانە ببم، بەڵام تا چارەیەک بۆ ئەو خەڵکە پەرێشانە نەخەنە بەر دەست، من بە تەواوی بوونمەوە ئەوە ڕەت دەکەمەوە.

**خۆشم دەوێی**

**ئەی شۆخی لە جوانیدا خنکاو.**

**بیرت دەکەم**

**ئەی چناری لە دڵ ڕواو**

**سوارە**

# سڵاو ئایدا گیان

زۆر هەوڵم دا بە دیدارت شاد بم. بەڵام چەند هەوڵم دا، ناونیشانی ماڵە تازەکەتانم نەدۆزیەوە. مەبەستم ماڵی باوکتە، چونکە دەزانم تۆ هەمیشە بە یادی عیشقی جوانڕۆوە دەژییت و نابیت بە موڵکی هیچ پیاوێکی تر، تا ماڵی سەربەخۆت هەبێت. بەڵام دواتر بیرم کردەوە بڕۆم بۆ کتێبخانەکەی باوکت، تا ئەم نامەیەت پێ بگەیەنێت. هیوادارم گەیشتبێت.

سەرەتا بەر لەوەی هیچ بڵێم، دەمێکە نامەیەکی جوانڕۆم لایە کە دەیویست لە ئەویندا بۆتی بنووسێت، بەڵام ئەفسوس بەسەریدا ڕۆیشت و نەیتوانی ئەو کارە بکات. هەرچەندە نەمدەویست ئەو نامەیەت بۆ بنێرم، چونکە گوتم نەکا دوای شەهیدبوونی جوانڕۆ، بیر و ڕات بگۆڕدرێت و ژیانێکی نوێ دەست پێبکەیتەوە. یا ئەم نامەیە وات لێ بکات کە نەتوانیت

ئەو بڕیارە بدەیت و هەر لە یادی ئەودا بژییت، بۆیە تاکو ئێستا لای خۆم پاراستوومە.

هەرچەندە ئێستایش دوودڵم لە ناردنی، بەڵام پێم وایە حەوت ساڵ بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ تێیدا بڕیار لەسەر ئایندەی خۆی بدات. جا دڵنیایشم تۆ ئەو بڕیارەت داوە.

ڕەنگە بۆ خۆم تاکو ئێستا زیاتر لە سەد جار خوێندبێتمەوە، بۆیە دەمەوێت ئیتر بە تۆیشی ڕەوا ببینم، تا چاوەکانت شلشل بە دیاریەوە بگرین. چونکە هەندێک گریان هەن، خەمەکانت لا شیرنتر دەکەن. وا دەکەن ڕقت لە تەنیایەکەی خۆت نەبێت. بە جۆرێک لە چاوتەوە دەتکێن، کە وا هەست دەکەیت باری گرانی لەشتن و لە چاوەکانتەوە دێنە خوارێ.

## لە جوانڕۆوە بۆ ئایدای هەزار ڕەنگ

ئەگەر ڕێگەم بدەن، دەمەوێت بژیم.

بژیم بۆ تۆ، بۆ نووسینەوەی خەمنامەی گەل، بۆ ڕێگرتن لە کردنی کۆمەڵگا بە مێگەل. بۆیە نامەوێت گیانم دەربچێت، ئەی گیان لە مندا. ئەی ترپەی دڵنیایی ژیانەکەم لە سینەمدا.

هەرچەندە ڕقم لە ژیانە لەم تاریکستانەی نیشتماندا، یاخیم لە هەناسەکانی شار، لە دەنگی وەڕینی سەگەکانی سەلیم خان،

بەلام بە هۆی تۆوە هەموو شتێکم خۆش دەوێت. ئەی ئایدای هەزار ڕۆح لە گیانی مندا .

نیتر دەمەوێت بە گشت عالەمی ڕاگەیەنم ، کە تۆم خۆش دەوێت. بە مانگ بڵێم، شەرم لە هەڵهاتنی خۆی بکات لەو شەوانەی تۆ تیای دەڕۆیت.

ئەی بە ساقەی تاڵێک لە ئەبرۆی کەوانت بم. ئەی بە نێچیری ڕاوی دڵخۆشیت بم.

یاخوا گڕ بگرم لە تاو جوانیت. تا دەبم بە کل و لە بازاڕی ژناندا بمفرۆشن، بەلکو تۆ بێیت و بمکەیتە میوانی چاوەکانت.

تۆ ئەوەت زانیوە کە بە بام گوتووە خەونی پرچەکانت لە سەر شانەکانت بێدار نەکات؟ پێیان گوتوویت. بە ئاسمانم گوتووە کەم بباریت، تا سووریی لێوەکانت بێرەنگ نەکات؟

ئاگادار بوویت لەوەی یەک ساڵی تەواو چوومە خەلوەت، تا ببم بە پێغەمبەری ئەوینداری، نەک لەبەر ئەوەی خودا دەرگای بەهەشتەکەیم بۆ والا بکات، بەلکو تەنیا بۆ ئەوەی پێی بڵێم: با لە تۆبەی تۆدا فریشتەی مەرگ، ئەگەر فریشتەیە و میهرەبانە، مردن تەرک بکا و بێت لە ڕۆحی من ژیان ببات؟ چونکە بۆنی تۆ دەدەن شەقامەکان. جوانیی تۆیان هەڵگرتووە ئاسمانەکان.

بیرمە شەوێکیان بە دایکم گوت: "دایکە، نازانم ئەمشەو بۆ تاریکە دنیا؟ بۆ لێڵە کەردوون؟"

گوتی: "کوڕم، هەر کاتێک شەوت بینی بەم جۆرە تاریک، ئەوا بزانە چاوەکانی یارت خەوتوون."

هەر ئەو شەوە لە ساقیەکم پرسی: "ئەری خالۆ، ئەمشەو مەیخانەکان بۆ هێندە پڕن؟" لە گۆشەیەکی تاریکەوە مەستێک هاتە قسە و، گوتی گوایە، لەتاو لەنجەی ڕۆژی تۆیە بەسەر شەقامەکاندا کە ئەم مەخلووقە وا بەم جۆرە گێژ و وڕن.

دەزانم بۆیە تاکو ئێستا خۆت لێم تەریک دەگریت، چونکە گوتوویانە پێت کە وا من عاشقی کەسێکی دیم. بەڵێ، ڕاستە من خیانەتم لە تۆ کرد گیانم.

دانی پێدا دەنێم بەر لە تۆ، بیستوحەوت ساڵ کەسێکی دیم خۆش ویستووە. بیستوحەوت ساڵ هەموو شەوێک لەسەر یەک جێگەدا لەگەڵمدا پاڵ کەوتووە. ئەوەندەم خۆش دەویست، بە سەدان شەو چاوەکانم بۆی گریاوە، بۆ هەر شوێنێک کە ڕۆیشتبم، بردوومە لەگەڵ خۆمدا و، جێ نەماوە.

بیست و حەوت ساڵە هەموو ئێوارانێک پێکەوە دەڕۆین شەرابی سوور دەخۆینەوە. دوای مەست بوونمان، باسی عیشق و ئازاری ژیان بە گۆرانی بۆ یەک دەڵێینەوە. کاتێک

شەویش دەکات بە نیوە، دەستی یەک دەگرین و بەرەو ماڵ دەڕۆینەوە.

بیستوحەوت ساڵە پڕ بە گەرووم بانگی دەکەم. مەگەر خۆم لەبیر بچێت تا ئەو لەبیرکەم. کاتێک پرچەکانی لە غەمدا درێژ دەبن، دەیبەم لەگەڵ خۆمدا لای باشترین سەرتاشخانەی شار بۆی چاک دەکەم.

بەڵێ ناتوانم لێتی بشارمەوە، بیستوحەوت ساڵە لەسەر یەک مێز نان دەخۆین و، ئەوەندە ئاوێتەی یەکدیین، بە یەک جەستە ژیان دەکەین. یەک دڵمان هەیە بۆ لێدان و، بەیەک گەروویش هاوار دەکەین.

بیستوحەوت ساڵە دەمارەکانم خوێنی ئەویان پێدا دەڕوا و، سیمای زەبوونم ڕەنگی ئەویان هەڵگرتووە. من بە چ ڕێگایەکدا ڕۆیشتبم، ئەویش هەمان ڕێگای هەڵگرتووە. بەڵام گیانە دوودڵ مەبە، ئەو کەسەیش دەکەم بە فیدای تۆ. گەر حەز بکەیت، وەک قوربانی سەری دەبڕم لەژێر پێی تۆ. چونکە ئەو کەسە تەنیا خۆم بووم کە بەر لە تۆ عاشقی بووم. کە بەر لە ناسینی تۆی ئازیزم، هەموو ڕۆژێک میوانم بوو و، میوانی بووم. بەڵام لەوەتەی تۆم ناسیوە، ئایدای ئازیز، غیرە لە ئەوینی خۆیشم دەکەم. لەو ڕۆژەوەی ناوی تۆ هاتووەتە زارم، لە ناوی خۆیشم شەرم دەکەم.

شار نەما ئێواران لەگەڵ غەمەکانیدا ئاوام نەکات. تابووت نەما لەنێویدا ڕۆحی سپیم بانگت نەکات. ئەی کچی بارانی تەڕ، تۆ لەکوێیت، ئەی جوانتر لە سنەوبەر؟ باغی هەرچی عیشقە وا پێکەیی، تەنیا کێڵگەی من و تۆیە بێبەر. ئەی هەوێنی ماچی خودا، ئەی ئومێدی دەستی پڕ لە دوعا، دڵم بە جۆرێک تەنگە بێ تۆ، ترسی لە ترپەی خۆیشی هەیە ... دەزانیت بۆ؟ نەکا شەق با.

یاخوا دڵم شەرمەزار بێت، گەر لەدوای تۆ موبتەلای هەر ئەوینێکی تر بێت. بەڵام گیانە نەکەیت ئەگەر ڕۆژێک ون بووم، یا سەگەکانی سەلیم خان سەر بنێنە لاشەم، گومانی خراپ ببەیت. بڵێیت کەوا جێی هێشتم و، لە نەفرەتخانەی خۆتدا فڕێم بدەیت. نا گیانم، نا ... ئەوسا وەرە و لەنێو ڕەشەبادا بۆم بگەڕێ، نە بادا بای دووریت لوولی دابم. یا لە بنبەستی گۆمی چاوتدا بمدۆزەوە، زۆر نزیکە لە قوڵاییی نیگاکانتا نێژرابم.

ئەگەر هەر نەبووم، لە گریانی هەور سەرنج بدە، دوور نییە بروسکەی عیشقت قووتی دابم. یا لە پیاڵەی چاکەی دەستتدا، لە تاو شیرنیی لێوەکانت وشک بووبم. خۆ من کۆتری سەر چلی بالاکەی تۆ بووم، ئاوم لە گەلای چاوەکانت دەخواردەوە. مەگەر بمرم، یا تۆ وشک بیت، جێت بهێڵم و بڕۆمەوە.

بزانە ئازیز ... نامەوێت نیگەرانی من بیت کەوا بەم جۆرە یاخیم لە دەست ستەمی ڕۆژگار، لە دەست پیاوە بێحورمەتەکانی سەلیم خان، لە دەست بنەماڵە و خێڵ و پادشای زۆردار. هەرچەندە باش دەزانم کۆتاییی من نزیکە و، ڕەنگە بەم زووانە جێت بهێڵم. بۆیە دەڵێم:

"لە کۆتاییدا ڕۆحی هەمووان دەکێشێت *ملک الموت*، وەلێ تەنیا ڕۆحی عیشقت نەبێت، لە دڵی من. دواجار و لەگەڵ نەفخی سووڕدا گشت دەنگێک خۆی هەڵدەخات، تەنێ ورشەی پرچت نەبێت، لەنێو گوێچکەی بێداری من.

خودا گوتوویەتی: "لە کۆتاییی زەماندا هەموو ڕەنگەکان کاڵ دەبنەوە. هەرچی ڕۆحە بۆ ئاسمان دەڕۆنەوە." تەنیا ڕەنگی تۆ نەبێ لە خوێنی من. چونکە تۆ عیسای هەستی ئەوینداریی و، بەهەشتی نەبڕاوەی جوانییت. بۆیە هەر دەجاڵێکی چاوخێڵ بیەوێت تۆم لێ بکات، بەر لە من خودام ڕسوای دەکات.

لەدوای تۆ، هەرچی ژنانی دنیا هەن ئەستێرەن، بەڵام تۆ بە تەنیا خۆت ئاسمانیت! لەدوای تۆ، هەرچی ژنانی دنیا هەن کانین، بەڵام تۆ بە تەنیا خۆت دەریایت و، خۆت بارانیت!

جوانڕۆ ...

ببورە ئایدا گیان. ڕەنگە ئەم نامەیە سەرتاپای گیانتی پڕ کردبێت لە شیوەن، بەڵام نەمتوانی هەمیشە لای خۆم بیهێڵمەوە.

هاوڕێی باشم، ئەی دۆستی دێرینم، من دەمەوێت ئەوین زیندوو بکەمەوە و، لەم ڕۆژانەدا دەگەڕێمەوە بۆ شار. بەڵام چەند دەکەم ناتوانم بەم گوزەرانەی خۆمەوە ئەو کارە بکەم. ئەگەر باوکت بتوانێت هاوکاریمان بکات، ڕەنگە نەک من، بەڵکو نیشتمانیش دنیایەک سوپاسی پێ بڵێت. چونکە خۆت ئاگاداریت کە لەژێر سایەی دەسەڵاتی سەلیم خانەوە، ئەم خەڵکە چ ژیانێک بەسەر دەبەن. بۆیە بەر لەوەی یاخیبوون بمرێت، تکایە با فریای کەوین و، ڕۆحی جوانڕۆ لە گۆڕەکەیدا شاد کەین.

ئەگەر توانیت ئەو کارە بکەیت، سبەی لە قاوەخانەی نیگا چاوەڕێت دەبم—ئەوسا قسەی زیاترمان دەبێت.

فەرهاد

# دەواری خێڵان

"بەخێر بێن هاونیشتمانیانی ئازیز، ئەی زوڵملێکراوانی دەستی غەدر. ئەمڕۆ دەمانەوێت جوانترین خەباتی مەدەنی پیشانی دونیا بدەین. تکایە ئارام بگرن و ڕێ بدەن با سوارەی شەهید کامەران بێتە سەرەوە."

"سوارە ... سوارە ... سوارە ... سوارە ..."

"سڵاو دۆستان! قوربانی ئێوەم. لە خەمتان تێدەگەم. دەزانم چی دەچێژن، بەڵام ..."

"سوارە ... سوارە ..... سوارە ..."

"تکایە بە ئارامی. سوپاس ... سوپاس ... لێرەوە دەمەوێت پێتان بڵێم: ئێمە لێرە ناڕۆین. ناڕۆین تا دەسەڵات وەڵامی داواکانمان نەداتەوە. چونکە لەوەتەی هەین، ساتێک بە ئارامی لەم تاریکستانەدا نەژیاوین. لەوەتەی هەین، وەک پەڕۆیەکی تەڕ بە ئاوی غەم لەسەر تەنافی سێدارەی ئەم نیشتمانەدا هەڵخراوین.

"لە ڕۆژگارێکدا دەژیین، ئەگەر لە مێژووی گەردووندا بنووسرێتەوە، وەک بێنرخترین مرۆڤ تێیدا وێنا دەکرێین. ڕۆژ دوای ڕۆژ هەناسەمان تێیدا تەنگتر دەبێت. عارەقی ماندووبوونمان لەنێویدا زیاتر دەتکێت. بە درێژاییی زەمەن زوڵم هەر هەبووە، بەڵام من نەمدیوە لەمانە زاڵمتر. لەوەتەی کەون هەیە، جەللادیش هەر هەیە، بەڵام نییە لە هیچ مێژوویەکدا لەمانە جەللادتر.

"لە زۆربەی وڵاتاندا لێرە و لەوێ، پەڵە هەورێکی چڵکن دێت و، ڕێژنەیەک لە خیانەت دەبارێنێت و دەگەڕێتەوە. بەڵام خۆ دەبینن هەورەکانی ئێرە هەر هەموویان بوون بە خائین. ئا بڕۆن بگەڕێن—شۆستە و شەقامی هیچ نیشتمانێک نییە غەریبێکی تێدا نەبێت، بەڵام لێرە غەریبەکان ئەوەندە زۆرن، خەریکە بڵێم ئێرە بووە بە نیشتمانی تەواوی بێکەسەکانی دنیا.

"زۆر سەیرە! لە پای خیانەتی ئەم دەربارانەی سیاسەت، ئەم ڕووڕەشانەی سەدە، ڕۆژ نییە شارێک هەڕاج نەکرێت، ڕۆژ نییە پیرۆزیی ئەم خاکە بۆ بێگانەیەک بە بووک نەبرێت.

"ئەوەندە دۆڕاون، جەنگ نییە حورمەتی سنوری ئەم نیشتمانە وەک دڵی ئێمە لەنێویدا نەشکابێت. کەچی ئەمانە ئەوەندە بێباکن، شەو نییە لە مەیخانەی پڕلەمەززەی سەرشۆڕییان، قاقایان پەردەی حەوت تەبەقەی ئاسمان نەبڕێت. ئێستایش کەلاوەیەک بە ئێمە ڕەوا نابینن تێیدا بژیین. بۆ مەگەر ئێرە پایتەختی چ گۆڕاستنێکی غەدرە؟ ئەی لاوانی وڵات هەتا کەی ئارامی؟ پێم بڵێن :غیرەتی ئێمە کوڕی کام ئەییوبی سەبرە، تا ئیتر بێدەنگ بین؟!

"ئەو دەمەی ئێمە بە نیشتمانمان دەگوت: 'قوربانی خوێنی دەمارت بین. بە شۆستەی ڕێی پێڵاوی هەژارت بین،' ئەم قاچپانەی سیاسەت لەکوێ بوون؟ لەسەر جێگای کام بێشەرەف، کام بێگانە، کامە دوژمن، خۆیان هەڕاج دەکرد و، لەسەر پشت بوون؟

"ئۆف ... ئۆف.

ڕاوچییەک بووین ئاومان لە هەورەکانەوە بۆ دەدزی. بزمارمان لە پێی ژانی دەڕفاند. وەک قومارچییەکی دڵباش، شەرەفمان بۆی دەبردەوە و، خیانەتمان پێی دەدۆڕاند! ئەو دەمەی ئێمە

سازی کەرامەتمان بۆی دەژەنی، ئەم گەووادانەی سیاسەت لە حیزگای کامە باڕ بوون؟ ئەو کاتەی ئێمە زریانی ڕقیمان هەڵدەلووشی، ئەم هەزار ڕووانەی ئێستای دەسەڵات، پشیلەی کاسەلێسی نێو چێشتخانەی کام دوژمن بوون؟ کەچی ئێستا ئەوان بوون بە شێری سەر دەستکەوت و، ئێمەیش قەلەڕەشێکی سووک. ئەوان بوون بە گیڤارای تێکۆشان و، ئێمەیش سەربازی بچووک بچووک. ئەو دەمەی ئێمە پێمان دەخستە سەر مینەکان، ئەوان لە باوەشی ترسی هەوادا بوون. ئەو کاتەی ئێمە پرچی شۆڕشمان شانە دەکرد، ئەوان لە ئارایشتگای حیزەکان بوون.

"وای لە ئێمە چیمان بە سەر هات! سەد نەفرەت لەم شێوەی خەبات ... مردین هێندە چاوەڕوانی ئازادی بین، کەچی ستەم بەرەو ڕوومان هات!

بۆیە دەڵێم: دەمەوێت سیاسییەکان بکەم بە قۆندەرە. هەر ڕۆژەو بیانخەمە ژێر پێی منداڵە هەژارێک. دانە دانە لە سێدارەیان دەم، هەر سپێدەو لە گۆڕەپانی ئازادی شارێک. دەمەوێت وەک سەگ برسییان کەم، هەتا دەمرن بڕۆن لە دارستانەکان بلورێنن. دوای مەرگیشیان، لاشەی تۆپیویان بە زێرابەکان بناسێنم. دەمەوێت تفی هەموو دنیا لە ڕوویان کەم، وەک لاشەی بوودایییەکان، هەر لەسەر زەمین ئاگر لە جەستەیان بەردەم. دەمەوێت هێندە بە ڕسوایی بمرن، تەنانەت

شەرم لە دۆزەخی خودایش بکەن. لە جێی کفنی سپی مردووان، لە ڕووی ڕەشی مێژووی خۆیان قەدیان بکەم!

"ئازیزانی من! دەزانم من لاوازترین مرۆڤی یاخیم لە نێوتان. من قەترەیەکم لە دەریای خەمی زۆرتان. دە ئاخر چۆن وا نەڵێم؟ من پیاوی وا دەناسم لەو کەلاوانەدا، کاتێک کراسەکەی بەری دەشوات، دەڕوا خۆی دەخاتە کونی ژوورەوە، چونکە بە بزماری سەر دیوارەکەیەوە دانەیەکی تری نییە. وای بە حاڵی ئەو پیاوە، ئەگەر دنیا سارد بێت و بارانیش بێڕەحمانە دابباریێت!

"ئێمە لەم نیشتمانەدا وەک ماسیمان لێ هات؛ کەس نەیدی فرمێسکی چاوەکانمان. ئەرێ بەس نییە گریان؟ بەس نییە شین و لە خۆدان؟ دەی ئەی جوامێرانی نێو کەلاوەکانی شەرافەتی خێڵان، نەکەن سڵ لە هیچ شتێک بکەنەوە. دە ئاخر بۆچی لە مردن بترسین کە سەدان کەس لەم وێرانەدا ئەوەندە بێحاڵن، وا شەرم لە ژیان دەکەن.

"هەی داد، ئاسمان! خۆ تۆ بە شاهید بوویت ... چەندم دوعام کرد خودا وڵاتێکم بداتێ هەر هیچ نەبێت ئاڵاکەی پیرۆزتر بێت لە دەرپێی ژنی شاکەی. مرۆڤەکان ئەوەندە تێیدا حەسرەت نەخۆن بۆ ژیانی سەگی نێو ماڵەکەی. وڵاتێک جیاوازیی ئێمە و گوێدرێژێک تەنیا دوو پێی زیاد نەبێت، بەڵکو ئێمە لەپێناو

شەرمەف ڕێ بگرێن و، ئەویش بۆ مەشقە جلکەکەی خۆی لەلای یار بێت. وڵاتێک چیتر گریان لە چاوانمان شەپۆل نەدات. تێیا تێیدا ئەوەندە نامەرد نەبێت کە بێت و کەرەسەی لە سەوڵەتانی تێوە بۆ خۆی ببات. شەقامەکان نەبنە ڕێگای ئاسرادان. مەیخانەکانی لە جێی بادە، مرۆڤ نەکەن بە مەززەی ژیان. وڵاتێک دادوەر بە دەستی چەقۆکێشەکانی مەحکوم نەبێت. سێدارەکانی هەر بە تەنیا بۆ ملی هەژار نەبێت. هەموو شتێک بە سەنگی خۆی، نەک لەنێویا ڕێوی شێر و، شێر ڕێوی بێت. کەچی ئەنجام لە وڵاتێک گیرساینەوە، جێی ژیان نەبوو بۆ مرۆڤێک گەر کۆیلە و ئەڵقەلەگوێی حیزبێک نەبێت.

"بەڵام ئاسمان گوتی:

ئەوە یاسایە،

چەنێ کۆن بێت مێژووی شەراب

نەشئە و چێژی زیاتر دەبێ؛

منداڵ تا دێ ژیرتر دەبێ؛

سەگیش هەروا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وەفای زۆر و زۆرتر دەبێ،

بەڵام دڵلەدڵ مەدە ئەی لاو،

لەم نیشتمانەی تۆدا

سەرکردەی واتان هەیە هەر وەکوو کەر،

تا گەورە بێ، کەرتر دەبێ،

چونکە کەلاوەی بیریان بووە بە تەوالێت

هەتا کۆن بن، زیاتر بۆنیان بڵاو دەبێ"

"زۆر سوپاس بۆ کاک سوارە. ئێستایش ڕۆژنامەنووس "فەرهادی ساڵحی، ناسراو بە کاکەی شوان ... با بفەرمووێت بۆ پێشکەشکردنی وتارەکەی."

"سڵاو دۆستانی ئازیز، ئەی دڵپەژموردەکانی نیشتمان. هەرچەندە من جێنشینی ئەو کەلاوانەی مەینەت نیم کە ئێوە تێیدا دەژین، بەڵام توانیومە لە ڕێگەی سوارەوە کەمێک بە خەمەکانتان ئاشنا بم. بۆیە نەمتوانی دان بە خۆمدا بگرم و هەر لە دوورەوە وەک فیلمێکی تراژیدی لە دڵە شکاوەکانی ئەم مەیدانەی ئێوە بڕوانم.

"تکایە لە گەڵما بن، تا پڕ بە گەرووم نەفرەت لەو دایکە بکەم کە ناویان لێ نا 'نیشتمان' و، ئێمەی لە ئامێزی کوچە و شەقامەکانیدا هەتیو خست.

"لێوەکانم نارده جەنگێک، تا وڵاتی خەندەم بۆ داگیر کەن، بەڵام هەزار ئەفسوس، پارتیزانەکانی شادیم و، شۆڕشگێڕەکانی لاویم و، پێشمەرگەکانی بزە و، گەریلاکانی دڵخۆشیم دۆڕان لەو جەنگەدا. تێکڕا هەموو شەهید کران لە بۆسەی چەتەکانی غەمدا.

"دەسا ئەی نیشتمانم، ئەی بەرگی ماتەمی ڕۆژگاری من، ئەی دۆزەخ بە داری ڕۆحم و، سێدارەی گەردەنی من! پێم بڵێ، من لە نەوەی چ قورێکت بووم؟ نەسلی کامە ئەهریمەنی بێدینت بووم؟ کۆرپەی حەرامی سکی کام ژنی بێئابڕوت بووم؟ ئاوا نەفرەت لە بوونم دەکەیت. وا بەم جۆرە بە پشکۆی ژان لە ئامێزتا گۆشم دەکەیت؟ خۆ هێشتاکە تەریقەتی ئەوینی تۆم بەرنەداوە. ڕێی خەراباتی مەستبوونم لە جوانیت بەرنەداوە. ئەوەتانێ چاوەکانم پڕن لە نیگای شێوەی ماندووت. دەستەکانم پڕن لە دوعای کوژانەوەی گیانی سووتماکی گڕ تێبەربووت. هێشتا بە یادی بینینی سپێدەیەکی ئارامتەوە شەوان تا سەحەر هەر بێدارم. هەر ئەو منداڵەی جارانم و، ئێستایش تامی مژینی مەمکەکانت ها لە زارم.

"ئەی نیشتمانی بێ شەرم! کە گەورە بووم بۆ فرێت دام؟ خۆ من ئەهلی زبڵخانەی بیری سیاسیەکانت نەبووم. خۆ من ئەهلی سەگوەڕی دەرگای خائینانت نەبووم. بۆچی گیانم ... بۆچی؟

"بیرتە کە منداڵ بووم، پێم دەگوتیت: 'دایە، ئەم کۆڵانانەی یارییان تێدا دەکەم، فێرم بکە چۆن بیانکەم بە ملوانکە و لە ملیان کەم'؟ دە ئاخر دەترسام کە گەورە بووم ئەم کۆڵانانە ... وای لە دەست ئەم کۆڵانانە ... ئیتر ئەوان یاری بە من بکەن. دەترسام وەک ئەوەی ئەمڕۆ هەیە، لەسەری هەر کوچەیەک، هەر شەقام و هەر وێستگەیەک، جێی کوشتنی برایەکم بە دەستی ئەوی تر بێت. ئەوسا نەزانم شوێنپێی کامیان ماچ کەم ... ماچ لە ڕوویان شەرمەزار بێت!

"تۆ سەیرکە، گەورە بوونم چ ئافاتێک بوو، دایە. دەبینیت گەووادەکانی حیزب چۆن کردیانیت بە سۆزانی و، منیش کاسەی شەرەفێکی بەتاڵ لە حەیا؟

"ئێستا نازانم چی بکەم. کاغەزی وەسیەتنامەی بەر لە مەرگم بە کام فرمێسکی پەشیمانیم تەڕ کەم؟ تابلۆی گیانی پڕ لە زامم بە خوێنی چاوی کام هاونیشتمانیم ڕەنگ کەم؟ خۆزگە دەکرا ئەم ژیانە هەر خەونێک با و، ئێمەیش پەپوولەیەکی کورت تەمەن. خۆزگە دەکرا تەمەنیشمان بارانێک با و، کێڵگەی ئەم جەستە بریندارەیشمان باغێکی پڕ لە چەمەن. تا هەمیشە خەونمان بەوەوە دیبا کە گوڵەکان چۆن چرۆ دەکەن؟ شکۆفەکان چۆن دەکرێنەوە؟ باغەکان چۆن لە شادیدا هەڵدەپەڕن؟ کوکوختییەکان چۆن ئاو دەخۆنەوە؟ یان کە ئێواران دادێت، پاساریەکان چۆن ڕیز دەبەستن و بە گۆرانی

دەڕۆنەوە؟ نەک وەک ئێستا دایمە خەون بەو جەللادانەوە ببینین کە شەوانە وەک کابوس دێن و سەرینەکانمان پڕ هاوار دەکەن. گیانمان لەنێو عارەقی شەکەت بووندا نغرۆ دەکەن.

"هۆ دایەی جوانم، ئەی نیشتمان! خۆزگە هەر لە منداڵیمەوە، وەک زاکیرەی پیاوێکی پیر تۆم لەبیر چووبایەوە، تا لە تابلۆی نێو مەتحەفی سۆزانیەکانی دنیادا گوتبام ئەوە دایکی من نییە و، نەمناسیبایەتەوە. خۆزگە وەک زریانێکی پەنگخواردوو، هەر ڕەشەباکانی غوربەت تووڕیان دابام. تا پێڵاوی هەموو گەلانی دنیا ماچ کەم. چووبام خۆم لە شۆستە و شەقامی گشت بێگانەیەک لوول دابا، نەک وەک ئەو هەتیوەی کە ئێستا هەم، ماندوو و بێزار، لە پەراوێزی ئەم گەردوونەدا بە شەرمەوە ژیان بکەم.

خۆزگە وەک ورچێکی سپی، یا وەک بەتریقێکی لەنجەدار، قوتبی باشوور نیشتمانم با، نەک تۆ. تا ساردیی بەفری ئۆقیانووسەکانی ئەو بەستەڵەکە گیانم لەگەڵ بەفرا مۆمیا بکەن. تا وەک ڕسوا و ڕووڕەشێکی ژیان، هەموو ڕۆژێک چەپەڵەکانی حیزب و سیاسەت نەیەن و، یاری بە کەرامەت و شکۆم نەکەن.

"ده‌ ئاخر له‌م وڵاته‌ی ناوی تۆیان لێ ناوه‌ 'دایه‌،' شكۆی به‌شه‌ر ئه‌وه‌نده‌ كه‌مه‌، گرام گرام ده‌خرێته‌ سه‌ر ته‌رزاوو— كه‌رامه‌ت بووه‌ به‌ ئاره‌زوو.

"هه‌یه‌ حه‌ز ده‌كات جوان بێت و، ڕێی جوانیی لێ ده‌گرن. ئه‌وه‌یش كه‌ مه‌یلی بێشه‌ره‌فیی هه‌یه‌، ئه‌وه‌نده‌ به‌ نرخه‌، بێ شه‌ره‌فیه‌كه‌ی وه‌كوو زێڕ لێ ده‌دزن.

"ده‌سا چی بكه‌م دایه‌؟ ئه‌م وڵاته‌ی تۆ به‌ منت ئاشنا كرد، حه‌یا و حورمه‌ت تێیدا پاره‌ ناكات، سه‌خافه‌ت له‌نێویدا بووه‌ به‌ سه‌رمایه‌.

"گله‌یی بێت، ئه‌ی نیشتمانم! ئه‌ی ئاوازی پڕ له‌ زامی گه‌رووی گیانم. لێره‌ پێنووسه‌كان پڕاوپڕن له‌ ئیمزای كوشتن. ده‌ستی باغه‌وانه‌كان له‌ جێگای گوڵ، پیشه‌یان بووه‌ به‌ مرۆڤ ناشتن.

"ئه‌ی بێئاگای غه‌فڵه‌تزه‌ده‌، جوانی ده‌مێكه‌ لێت تۆراوه‌. كه‌ی له‌م خه‌وه‌ قووڵه‌ت بێدار ده‌بیت، گیانی من؟ هه‌ر ده‌ڵێیت پادشاكانی سته‌مكارییت و، تاجی ناشرینیت له‌سه‌ر ناوه‌. ئه‌مه‌ كه‌ی ژیان بوو، دایه‌، داته‌ ده‌ستی من؟ به‌ خودا سوێند! ژیان نه‌بوو، گوڵم، ژان بوو. به‌ڵام چ ژان؟ ژانی مردن! ده‌كرێت تكایه‌كت لێ بكه‌م، دایه‌؟ ده‌ی قوربانی فه‌رمووی غه‌مت كه‌ ده‌ستی له‌ ملی لێوتدایه‌. من حه‌ز ده‌كه‌م لێره‌ بڕۆم، چونكه‌ لێره‌ شادی لێم تۆراوه‌. ته‌نیا غه‌م به‌ ماڵم فێره‌. ئه‌گه‌ر ده‌توانیت تۆیش له‌

گەڵمدا وەرە، تا بڕۆین بۆ بەهەشتێکی دوور دوور. ئەوەندە دوور که هەرگیز پێمان نەگات بۆنی مەرگەساتی ئەم هەوارە—بۆنی ئەو زێرابستانەی که لەنێویدا هەر باو باوی قاحپەکانی خۆفرۆشی و، گەووادەکانی تینووی دۆلارە.

"دەی چەقۆکەت تیژکە ئەی شار، ئەی پایتەختی قەسابخانەی ڕەنگی ئازاد! گەردەنی من حەلاڵت بێت، ئەی دۆست، ئەی باستێلی پڕ زیندانی خەون و ئاوات. چەقۆکەت تیژکە ئەی شار، زووتر سەرم ببڕە، هاوڕێ، چونکە من زەکاتی مەرگی دیمۆکراسیی ئەم کێڵگەیەم. ئەگەر خوێنی من شەقامەکانت سوور سوور نەکەن، گوڵانی سەربەستیی باغەکانی ئازادیت لە ئینجانەی کامە گیاندا سەر دەربکەن. چەقۆکەت تیژکە ئەی شار، من حەللاجی حەقبێژی ئەم وڵاتەم. من مەسیحی لە سەر خاچی ئەو ئاواتەم که لەپێناو لەتێک ناندا کۆیلە نەکرێن و سەر شۆڕ نەکەن میللەتەکەم. چونکە تاوانبارێکی پڕلەکوفر و بێدینم، من. هەمیشە گوتومە و دەیڵێم: 'نەفرەت لە پەرستگای حیزب و خێڵ، لە ئاتەشگای بتەکانی نێو ئەم سەدەم.' تۆ ئەی شار، ئەی سێگۆشەی بەرمۆدای نیشتمانم، ئەی نائاشنا بە دیدگا و خەونی جوانم، تا دەتوانیت قووتم بدە، چونکە منی بەدبەختی ڕۆژگار، پرسیارە بێوەڵامەکەی سەر پەڕەی ژیانم. تۆیەک کە ڕۆژ نییە شکۆی بوونم ئەتک نەکەیت، کانیاوی بیری ئازادیم پڕ لە بەردی گەورە گەورە نەکەیت، وەک قەرەجێک هەر

ڕۆژەو لەسەر شۆستەیەک فرێم نەدەیت، جا بە من چی ئەم شارەی تۆ کە لە نێویدا وەک مردووی گۆڕستانم؟

لە جەستەم خوێن دەباریێت و، مامە پیرەی ئەجەل بەڕێوەیە. دەی چەقۆکەت تیژکە، ئەی شار. تیژ وەکوو کەلبەی سەگەکانی سەلیم خان. نانا وەک سەگی هار. یان وەک تەوری جەللادی دار. ئیدی تۆ شایەنی ئەوە نییت کە من لەسەر شۆستەکانت بۆ ئازادی بکەم هاوار.

"ئەی ژنی نێو پێخەفەکانی ستەمکاران، ئەلّقەی ئەم شووەت پیرۆز نەبێت، ئەی بێوەفای خالّی لە یار ...

"خێراکە سەرم ببڕە. دەی چەقۆکەت تیژکە، ئەی شار.

"ئازیزانم، دەمەوێت لەم سەکۆ جوانەتانەوە ئەوە ڕابگەیەنم، ئیتر دەنگ و ڕەنگی ئێوە دەبێت بگات بە گشت شوێنێک. ئەگەر دەسەلّات پێی وا بێت کە دەتوانێت خۆی لە هاوارتان کەڕ بکات، ئەوە پێیان دەلّێم ئەم خەیالّەیان هێشتا کالّە و پێنەگەییوە. یا ئەگەر پێی وا بێت لەژێر زەبر و زەنگدا دەتوانێت ئەم مەیدانەتان پێ چۆلّ بکات، ئەوا دیسانەوە دەلّێم هەلّەن. چونکە لەمڕۆ بەدواوە هەفتەنامەی ئەوین بە هەمان گوڕ و تینی جارانەوە دێتەوە بەر دیدی خوێنەران. بۆیە بە فرسەتی دەزانم ئەوە بلّێم: ئەم هەفتەنامەیە وا لێ دەکەین کە ڕۆلّی میدیایەکی گەورە ببینێت. بە جۆرێک، بۆ هەرچی دەنگی

نارازی هەیە ببێت بە بڵندگۆیەکی بەرز و، سڵ لە هیچ کێبوونێک نەکاتەوە. چونکە تەواوی ئەو ڕێوشوێنانەمان گرتووەتەبەر، تا جارێکی تر کەس نەتوانێت لێمانی وەربگرێتەوە و چالاکیەکانمان لەنێویدا سنووردار بکات. وە لێرەوە بە پێویستی دەزانم کە سوپاسێکی بێپایان بنێرم بۆ هاوڕێی دێرینم، ئایدا خانم، کە بۆ خۆیشی لێرەدا ئامادەییی هەیە و، بۆ باوکیشی یەک ئاسمان سڵاو دەنێرم کە توانیی تەواوی تێچووی ئەم هەفتەنامەیە بگرێتە ئەستۆ. بۆیە لەمڕۆ بەدواوە، هەرچی چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە سەرتاسەری ئەم وێرانەیەی نیشتماندا هەن، دەخرێتە بەر باس و، بڵاو دەکرێنەوە. چونکە پێمان وایە دەمێکە ئەم فەراغە دروست بووە و، ئیدی پێویستە پڕ بکرێتەوە. جیا لەمانەیش، لایەنی ئەدەبی و فەرهەنگی و پەروەردەیشمان فەرامۆش نەکردووە و، هەر کەسێک ئارەزوو دەکات، دەتوانێت لێرەدا ببێتە پێنووسێکی ئاشنا بە ئەوین.

"لە کۆتاییدا دەڵێم: ڕێزی زۆرم بۆتان هەیە و، خۆشحاڵم کە لەگەڵ ئێوەدا هاودەنگم."

"زۆر سوپاس بۆ ڕۆژنامەنووس، فەرهادی سالەحی.

"ئامادەبوانی بەڕێز، ئێستایش وەک ڕێکخەرانی ئەم گردبوونەوەیە پێیان باش بوو، هەفتەیەک مۆڵەت دەدەین بە

سەرانی دەسەڵات و شارەوانیی شار تا پێداچوونەوەیەک بە بڕیارەکەیاندا بکەن و، ئەم هەموو خێزانانە ڕەنجەڕۆ و ئاوارە نەکەن. ئەگەرنا، لە ڕۆژانی داهاتوودا هەموو ڕێگایەک دەگرینە بەر، تا دەسەڵات ناچار دەکەین کە بژاردەیەکی باشترمان لەبەرانبەر چۆڵکردنی ئەو پارچە زەویەدا بداتێ کە بڕیار وایە لەپێناو چاندنی چەند نەمام و گوڵێکدا بە هۆیەوە ژیانی ئێوە وێران بکەن. لە کاتێکدا دەیان گرد و تەپۆلکە و پارچە زەویی تر هەن کە هەریەکەیان چەند فیرعەونێک تێیدا دەژین و، کەس ناتوانێت بڕوا بە لایانەوە. بۆیە ئەگەر ئەم بڕیارە تەنیا ئێمە بگرێتەوە، ئەوا هەڵوێستی توندمان دەبێت و، تا دوایین دڵۆپی خوێن، تەنانەت لە جەستەی منداڵی نێو بێشکەکانیشمان، ئەم مەیدانە و ئەو کەلاوانەی ژیانمان چۆڵ ناکەین.

"سوارە گیان، من دەڕۆمەوە بۆ ئاوایی و، دوو سبەی دەگەڕێمەوە."

"نا، ئاساییە ... سڵاو لە تۆیش ئایدا گیان."

"ئەوە سوارەی هاوڕێمە. پێویست ناکات تۆ خۆتی پێ بناسێنیت، چونکە باسیم بۆ کردوویت."

"خۆشحاڵم کاک سوارە ... وتارەکەیشتم بەدڵ بوو."

"ئازیزن بە قوربان."

"دەی فەرهاد گیان، من دەبێت بڕۆم باسی پلانەکانی داهاتوومان بۆ ئەو خەڵکە بکەم. سڵاو بەماڵەوە بگەیەنە و، هەموویان لەبری من ماچ بکە. ئەم پەیامەیشم بە سروە بگەیەنە."

**"باشە گیان، سپاردەی خوا بێت."**

# له سوارەوە ....

بەر لەوەی دەنگم پێت بگات، با وشەکانم لەلات بن. بیرت دەکەم ئەی کچە بەنازەکەی ئامە خان. ئەی بە قوربانی هەناسەی گەرمت گیانی من. ئەی لە چاوم دوور و، لە دڵمدا خوێن. وا نەزانیت فەرامۆشم کردوویت، ئەی لە مندا گشت کەس. خۆ هێشتا گەرمیی دەستەکانت لە پەنجەکانمدا هەر ماون، ئازیز. هێشتا بۆنی زوڵفەکانت لە تەختی سینەمدا نەڕۆیشتوون، گوڵم. یاخوا چاڵەکەی ژێر گەردەنت بە گۆڕم بێت. تا ڕەشماری زوڵفەکانت سەرم تێ بنێن.

من ئێستاکە هاوڕێی ئەو نەسیمانەم کە بەر لە هاتنیان بۆلام، سپێدەکان خۆیان لە بۆنی تۆ هەڵدەکێشن. دۆستی هەرە ئازیزی ئەو شەقامانەی شارم کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەنگاوەکانی تۆ بە سەریدا ڕۆیشتوون.

ئازیزم، وا خەریکە دەگەم بەو ڕۆژەی باوکم بەجێی هێشتین. هەموو ساڵێک لەم ساتەدا دەبم بە مێروولەیەکی غەمناک کە باران بەسەریدا ڕێژنە دەکات و، لانەکەی لێ گوم بووە. هەموو ساڵێک لەم کاتەدا دڵم ئەوەندە ناسک دەبێتەوە، زیاتر لە

پەڕەی گوڵێکی سپی دەچم کە ڕەشەبا ئیرەیی بە جوانیی بردووە. لەم شەوانەیساڵدا تەنیایی زیاتر دەبێتە دۆستم، وەک کەشتییەکی بێکاپتن خۆیشم نازانم چارۆکەکانی خەیاڵم بۆ کوێم دەبەن و، دواتر لە کام کەناری نائارامدا فڕێم دەدەن.

تۆ بەفرت دیوە چۆن دەتوێتەوە؟ ئاوا لەنێو گەرمیی هەناسەکانمدا یەک پارچە دەبم بە ئاو. بەڵام کاتێک بیرم دێتەوە کە تۆم هەیت، دەڕۆم بە ئاوێنەکان دەڵێم: من چیتر تەنیا نیم، دێم و بە هەردوو دەستم سڵاوت لێ دەکەم.

ئەوەندە بە خەیاڵ هێناومیتە سەر جێگەکەم، سەرینەکەم لە خۆڕا بۆنی تۆ دەدات.

گیانی من، ژیان لەگەڵ تۆدا مژدەی بەهەشتێکە، دوای تەمەنێک لە سووتان. هاتنی وەرزێکی پڕ بارانە، دوای ساڵانێک لە تینوێتی. سڵاوی ئەستێرەکانە بۆ شەوە تاریکەکانی میحنەت. وەک گەڕانەوەی ژیانی ماسییەکە لەنێو شووشەدا بۆ ئاو. ئازادبوونی زیندانییەکە دوای تێپەڕبوونی تەمەنێک لەو دیو پەنجەرەکانەوە.

ئەی سروەکەی من، بە جۆرێک خۆشم دەوێیت کە هەرگیز گزنگ بە کێوەکانی نەگوتووە. تەنانەت تەقەی هیچ دەرگایەکی چاوەڕوانییش بە هاتنەوەی ئازیزەکەی نەگوتووە.

ئەی یار غەزالّی من، بە جۆرێک حەسرەتی دووریت دەکێشم، زارم گۆ ناکات بۆ گوتنی. ڕێک لەو مرۆڤە لاڵە دەچم کە لەبەردەم دادوەرێکی کوێردا نازانێت چۆن شکانی خۆی بەیان بکات و، کەس تێیناگات. بەو بارانە خۆم دێتە پێش چاو کە لە دووریی هەزاران میللەوە دەیەوێت بگات بە ماتەمی گوڵێکی سیس، بەڵام کاتێک دەگات، خەزان هەموو شتێکی بڕاندووەتەوە.

خۆ گوتم کە دووریت فێری جگەرەم دەکات. دەزانم ئەمەت پێ ناخۆشە، بەڵام چی بەو هەموو نازەی تۆ بڵێم، ئەگەر وەک جگەرە نەیانکێشم. بەڵام دڵنیا بە تۆ هەرگیز لەو جگەرانە نییت کە دوای تەواوبوونت بتخەمە ژێر پێم. بەڵکو دوای هەر لەلێوگرتنێکت بە ئەسپایی دەتخەمەوە پاکەتە شرۆشۆڵەکەی خەیاڵی دڵ.

ڕوخسارم بە جۆرێک پیر بووە، ئەگەر بیبەم بۆ هەر مۆزەخانەیەک لێمی وەرناگرن، چونکە باوەڕ بەو تەمەنە کورتە و، ئەو سیما زەبوونەم ناکەن.

لە تەوقی سەرمەوە تا بنی پێم بیرت دەکەم.

ئا پێم بڵێ، ئەگەر تۆ نەبێت، گەردوون چییە، جگە لەو پاییزەی گەڵاکان دەوەرێنێت و پەپوولەکان ئاشنای ماتەم دەکات؟ جگە لەو هاوینەی دڵی زەمین لەتلەت دەکا و تێکڕا شەقامەکانی

دەكات بە پشكۆ؟ جگە لەو ئاسمانەی ئەگەر ڕێژنەیەک ببارێنێت بەسەر لێوی هەڵاڵەدا، دووسەد ڕۆژ لێی دەتۆرێت؟

هەموویان درۆن نیشانەکانی ڕۆژی دوایی، چونکە باوەڕم وایە ئەوەی قیامەتی پێ هەڵدەستێت، تەنیا مەرگی تۆیە، گوڵم. بۆیە دەبێت زەمینەکان هەمیشە شانازی بە تۆوە بکەن.

بیرم کردەوە بتکەم بە یەکێک لە ڕۆژەکانی بەهار، بەڵام نەمتوانی، چونکە سروشت پێی گوتم کە تۆ هەمیشەییت—تۆ جوانێکی پڕیت لە ناکۆتایی.

گوتم کە دڵم بۆت دەکەم بە ئۆقیانووسی ئەوین، بەڵام کاتێک بەستەڵەکی پڕ تەماویی ئۆقیانووسەکان سینەیان داپۆشیم. گوتم کە بە ڕاست من خەریکی چ تاوانێکم؟ ئاخر چۆن دەبێت ئەو چاوە گەشانەی تۆ لە ئاوێنەی دڵمدا تەم ڕێی نیگایان لێ بگرێت و بە ڕوونی خۆیان نەبینن ... چۆن؟

کێن ئەوانەی پێم دەڵێن: 'خۆشەویستی ئاگر نییە'؟ با دڵدارێکم بۆ بهێنن تا بەو گڕە نەسووتابێت. کێن ئەوانەی پێم دەڵێن: 'خۆشەویستی زریان نیە'؟ با مرۆڤێکم پیشان بدەن کە لە ڕێگەی کاری فەرهادیدا بۆ شیرنەکەی تەخت و تاراجی مەملەکەتی سینەکەی تێک نەشکابێت.

تاوانە مرۆڤ عاشق بووبێت و نەگریابێت. لە پای گڕی ئەویندارى پاوانی گشت جەستەی نەسوتابێت.

ئەی لەیلای من، زەبوونی خەلاتە بۆ مەجنون سیفاتەکان. بۆیە دەلێم: هەزارجار قوربانت بم، ئەی بە قوربان.

سەدای شین دێت لە ڕەشماڵی هەواری دڵ. خوا نەکات ئەو ڕۆژە بێت تۆ بچیتە ژێر گڵ.

باوانم، من لێرەوە زۆر هەست بە غەریبی خۆم دەکەم، چونکە غوربەت هەر بە تەنیا جێهێشتنی نیشتمان نییە، بەڵکو جێهێشتنی یارە، لەم ژوورە بۆ ژوورێکی تر. تەنانەت ئەگەر دیوارەکەی نێوانیشیان لە شووشە بێت.

خۆ ئەگەر پێت نەکەم. شەرتە ئەوەندە خۆشم بوێیت، تا ئەو ڕادەیەی لە خۆشەویستیتدا دەبم بە مەیموون، بەڵکو شانازی بەوەوە بکەم کە غەزەبی جوانییت گرتوومی. دە ئاخر ژیانی بێتۆیی بۆ چی باشە، ئەگەر نەتکات بە شێت و وەحشیی نێو دارستانەکان. چونکە لێرە مرۆڤەکان لە شەهادەتی گەیشتن بە شێتی هەرگیز تێناگەن و، نەگەیشتوون.

**بریندار ی نێو زامی دووریەکەتم**

**سوارە**

# هەفتەنامەی ئەوین

## پەڕەی یەکەم

دوای تەمەنێک لە چاوەڕوانی، دوو دڵی شەیدا، دوو مرۆڤی بۆ یەکدی تینوو، دوو چاوی لە چاوەڕوانیدا شەکەت، دوو ئامێزی بۆ یەکدی گەرم، دوو ئەستێرەی لە نیگای یەکدا ڕژاو، دوو دەستی تامەزرۆی گرتن، دوو هەنگاوی یەک ڕێگا، دوو چۆلەکەی سەر یەک چڵ، دوو ماسیی نێو یەک دەریا؛ هەموو ئەم دووانە بوون بە یەک.

سەرەنجام پیاوێک لەو پەڕی نا ئومێدییەوە، دوای تەمەنێک لە حەسرەت، لە تەنیایی، لە بەڕێکردنی هەزاران شەوی غەریب، لە بەخشینی دەریایەک فرمێسک بەسەرینەکەی، لە داباریینی دەیان هەوری دڵتەنگی غەمی نێو سینەکەی، لە بێزاربوونی تەنیایی پیاڵە چاکەی، لە ئیهانەکردنی هەموو ڕۆژێکی

پۆلیسەکان، لەمەڕ ئەو ژنەی لە ڕێی شاردا جوانترین سەرنشین بوو—دەزانن لە کوێ؟ لە جێبەکەی—لە ئارەزووی گەیشتن بە ئامێزی یار لە ماڵەکەی، لە حەزی گرتنی ئەو مەمکانەی نێو سوخمەکەی، لە لابردنی تارای سووری سەر ڕووەکەی؛ …

مەلەک خان و مەلەک خان و مەلەک خان. دەک هەزار جار پیرۆز بێت لە حاجییەکەی.

حاجی ستار: "ئەرێ مەلەک، تاکەی ئاخت بۆ هەڵبکێشم؟ لە ڕۆژگارێکەوە خۆشم دەوێیت کە هێشتا لەگەڵ منداڵەکاندا ئارەزووی یاریکردنی نێو کۆڵانەکانم دەکرد. هێشتا بە تەواوی تاڵەکانی ڕیشم نەهاتبوون. هیچم نەدەزانی لەبارەی پیاوبوونەوە. ئەوەی کە ئاشنای بووم، تەنیا و تەنیا حەزێک بوو کە پێت بگەم. کەچی ئێستا پیر بووم و، وا خەریکە دەگەم بە کۆتاییەکانی تەمەن. ڕەنگە چەند ساڵێکی کەمم لە ژیاندا مابێت. کەچی تۆ هەر خۆتت پێ ڕەوا نەبینیم. ئەوەتانێ جامانەکان بە سەرم ئاشنا بوون و، تۆ هەر نەبوویت. ببینە تاڵەکانی قژم سپێتی داگیری کردن و، تۆ هەر نەهاتیت.

"ئیتر بێزار بووم لە زوو نووستنی شەوان و، تەنیایی سەر جێگەکەم. ماندووم بە خودای لەم ماڵە سارد و سڕەم. بەسە

مەلەک ... بەسە. منیش مرۆڤم و دڵم هەیە. ئیتر توانای هیچم نەماوە. ئەگەر پێم نەگەیت، ڕەنگە لێرەدا کۆتایی پێ بهێنم. ڕەنگە شێت بم. چووزانم ... ڕەنگە هەر ئەمشەو بمرم."

مەلەک خان: "چی بڵێم ستار؟ نازانم چی بڵێم. منیش بێزارم لەم ژیانە. لە بەڕێکردنی هەموو ئەو شەوانەی بەر لە نووستن کەسێک نییە و، باسکی بۆم بکات بە سەرین.

"لێت تێدەگەم پیرە گیان ... لێت تێدەگەم.

"ئەی بە گۆچانی دەستەکانت بم. هۆ سەد جار بە ساقەی ڕیشوەی جامانەکەت بم. منیش دەخوازم لەگەڵ تۆ بم. ئەگەر لەپێناو عیشقیشت نەبێت، خزمەتکاری ماڵەکەت بم.

"پیرە گیان، ئەی بە وەفاترین پیاو، منیش ئیتر گەیشتم بەو ڕاستیەی چاوەڕوانیم بێهودەیە بۆ گەڕانەوەی هاوسەرەکەم. بۆیە بڕیارم داوە کە شووت پێ بکەم. بەڵام پیرەی جوانم، خۆ من ئەو مەلەکەی جاران نەماوم کە هەموو جار پێت دەگوتم: 'سێوە لاسوورەی باغان.' ڕۆیشت باوانم ... ڕۆیشت. خەمی ژیان هەموو جوانییەکانی بردم."

حاجی ستار: "پیرە لە دەورت گەڕێت، کەس و کارم. ئەو قسانە چییە دەیانکەیت؟ بۆچی مەگەر دڵ مانای پیر بوون دەزانێت؟ ئەگەر زانیبای، ئێستا پیربوون زاکیرەی ئەویشی

دەبرد. دەی ئەگەر وایە، وەرە بزانە تۆی بیرچووەتەوە؟ بزانە بە درێژاییی ئەم هەموو ساڵە، بۆ یەک چرکەیش تۆی فەرامۆش کردووەو لێت دوور کەوتۆتەوە؟"

مەلەک خان: "بەخوا حاجی، دڵی منیش هەروا بووە. بە درێژاییی ئەم ماوەیە هەر ترپەیەکی ناوی تۆی بە شکۆوە ئامانەتی ترپەکەی دوای خۆی کردووە."

حاجی ستار: "دەی کەواتە با بە شەرعی دڵ بۆیەک بین و، کۆتایی بەم هەموو چاوەڕوانییە بێنین."

مەلەک خان: "....................."

حاجی ستار: "مەگری ڕۆحەکەم، مەگری. ئیتر من تا لە ژیاندا بمێنم، ناهێڵم یەک چرکەیش دڵت تەنگ ببێت. بەڵێن دەدەم هەر وەکوو جاران خۆم جلەکانم بشۆم. خۆم نان و چای بەیانیان ئامادە بکەم. تۆ تەنیا میوانێک بەو لەسەر چاوەکانم دابنیشە. ئەی سێوە لاسوورەکەی باخان."

## پەڕەی دووەم

### باری نائاسایی لە شاردا

ئەمڕۆ بە هۆی کوشتنی یەکێک لە کاربەدەستە بالاکانی حیزبەوە، بە ناوی "مەلا شاکر"ەوە، باری نائاسایی لە شاردا ڕاگەیەندرا. هەر لەمەڕ ئەم باسەوە دەزگا ئەمنیەکان دەستیان داوەتە گرتنی زۆرێک لەو خەڵکانەی گومانی ئەوەیان لێ دەکرێت کە ناوبراویان کوشتبێت. بەڵام بەپێی ئەو زانیاریانەی دەستی ئەوین کەوتوون، بکوژەکە لە شوێنی کوشتنەکەی مەلا شاکردا نووسراوێکی جێ هێشتووە و، نووسیویەتی:

"تۆڵەکان پیر دەبن، بەڵام هەرگیز نامرن. ئەو خوێنانەی بە ناحەق ڕژاون، وشک دەبنەوە، بەڵام هەرگیز کاڵ نابنەوە ... من عەبەم.

"ڕەنگە دواتر بزانن من کێم؟ بەڵام تا ئاشکرا دەبم، زۆرێک لە ئێوە بە گۆڕەکان دەناسێنم. کاری زۆرم ماوە بیانکەم. بەڵێن بێت ژیانتان پڕ بکەم لە کابووس. تۆڵەی هەموو ئەو ناحەقییانەتان لێ بکەمەوە کە بە درێژایی نیوسەدە لە گەلی دەکەن.

"تینوومه و، تینووی خوێنم—تینوی سەرێکی گەورەم. جارێ لە سەرەتای پەیژەکەدام و بە جۆگەلەی خوێنی ئەم سەرە بچووکانەیش تینوویێتیم ناشکێت. بۆیە تا نەگەم بە سەرچاوەکە، کۆڵ نادەم و دەبێت لە خەونی هەرچی سیاسیی ئەم وڵاتەدا هەیە، ببم بە کابووس.

"خۆت بگرە سەلیم خان، هاکا گەیشتمە لات. چاوەڕێم بە، خادم شای دەبەنگ. زۆرم نەماوە پێت بگەم.

"گەر دەتانەوێت ڕامبگرن، بڕۆن ڕەشەباکان بوەستێنن. ئەگەر دەتانەوێ بمدۆزنەوە، ئەوەتانێ لەم شارەدام. ئیتر کاتم نییە زیاتر بنووسم، چونکە سەرقاڵی ڕەشکردنەوەی ناوێکی ترم، تا دەگەم بە پلیکانەی دووەم ... بە مەرگتان دەسپێرم."

# پەڕەی سێیەم

## ئەمشەو ئاسمان تەماویە

کوێت بۆ بگەڕێم هاوڕێ کە وا ئەمشەو ئاسمان تەماوییە؟ تەماوییە وەک ئاوێنەی لێڵی ئەم ژیانە هیچە کە تۆیان ون کرد لە نێویا.

ئەمشەو لە هەر مەیخانەیەک پیاڵەیەک بشکێت، ئەوە دەنگی شکانی دڵی منە. هەر مەستێک سەری بە مێزەکان بەخشی، پایەکانی ئەو مێزە ئەژنۆی منە. ئەمشەو هەورەکان ڕەشترن لە جاران، چونکە ئاسمان میوانی بەختی منە.

دەریاکان سوێرن ئەمشەو لە ئەشکی من، بۆیە تەنانەت ماسییەکانیش ترسیان هەیە لە خنکان. ئەمشەو ئاگرەکانیش شەرم لە سووتانی خۆیان دەکەن، چونکە زانیویانە کە دڵی من گەرمترە لەوان. ئەمشەو گمەگمی کوندەکان نایەت لەنێو چەم، چونکە گوێگریناڵەی منن. ئەمشەو شەقامەکان تەواو چۆڵن، وا لە پرسەی تەنیایی منن. ئەمشەو ئاسمان تەماویە ... وای کە زۆر تەماویە.

ئەمشەو کەس هیی کەس نیە، بەو شێوەی کە تۆ هیی منیت. ئەمشەو گوڵەکان سکاڵایان ئێجگار زۆرە لە باخەوان، چونکە

ئەمشەو تۆ جوانترینی شاگوڵی ئینجانەی دڵیت. ئەمشەو کێوەکان دیار نین لەبەر تەم. دە ئاخر چۆن دیار بن جانی جانان کە باڵای بەرزی یادەکانت لە خەیاڵی مندا گەیشتووە بە حەوتەمین تەبەقەی ئاسمان؟ ئەمشەو ئاسمان تەماوییە ... بێڕەحمانە تەماوییە.

ئەمشەو ئارەزووی هەر کۆڵانێک، هەنگاوەکانی تۆیە لەنێویان. مەیلی هەرچی پێنووس هەیە، نووسینی ناوەکەی تۆیە پێیان. بۆیە ئەمشەو بۆت دەنووسم:

"خۆشم دەوێیت."

خۆشم دەوێیت تا گوێچکەت کەڕ دەکەم لەم وشەیە، بەڵکو چاوەکانت ئەوەندە بیخوێننەوە تا کوێریان دەکات ئەم خامەیە.

ئەمشەو ئاسمان تەماوییە ... وای کە بێتام تەماوییە.

تەماویە وەک ئایندەی نیشتمان. وەک دوارۆژی گەیشتنی عاشقە جوانەکانی ئەم تاریکستانە بە یەکدی. وەک خەونەکانی جوانرۆکەی من کە ئەمشەو دەیانبینێت لەو گۆڕستانە. بەڵام هەرچەند تەماوی بێت ئەمشەو ئاسمان، من دێم و ئەستێرەبارانت دەکەم. من دێم و لەنێو خەرمانەی مانگدا شلکەی ڕانەکانم بە سەرینی خەونت دەکەم.

بەڵام خەم مەخۆ ئازیز. با ئاسمان هەر تەماوی بێت. من دێم و گۆڕەکەت دەکەم بە چراخان. کێڵەکەت لەژوور سەرتدا دەکەم بە سوورەبیبا. ڕۆژ دەکەم بە گلێنەی چاوەکانت. دڵیشم بە پەنجەرەی نیگات.

ئەمشەو ئاسمان تەماوییە ... لێگەڕێ با هەر تەماوی بێت. دەی خۆ وێنەکانی تۆ لە خەیاڵی مندا تەماوی نین. با وڵات هەر تاریکستان بێت. تۆ کە لە ئاوێنەی دڵمدا کراویت بە تابلۆ، باکت چییە؟

ئەمشەو ئاسمان تەماویە، ئەگەر هەموو شەوەکانی ساڵ تەماوی بن. ناتوانن ڕێی بینینی تۆم لێ بگرن، چونکە لە چاوەکانمدا وەکوو نوور داگیرساویت، بۆیە دەڵێم: تا دەمرم ترسم لە شەو نییە ...

ئەمشەو ئاسمان تەماویە ... دڵڕەقانە تەماویە.

## پەڕەی چوارەم

### وەڵامێک بۆ دەسەڵات

نووسینی : سوارە

هاتووم و ناگەڕێمەوە. هاتووم وەکوو جەنگێکی یاخی لە دۆڕان. وەکوو شەددە و زەممەی سوورەتەکانی قورئان دوور لە گۆڕان. وەک ئەفسانەکەی سیزیف بەبێ ماندوو بوون، وەک ئازاترین زۆرانبازی شەڕگەی ژیان، تف لە ناموسی ئێوە بکەم! ئەی هەزار جار خائین و، ئەی بە عومری نوح بێشەرم و ئەی بە تەمەنی زەوی خۆفرۆش.

هۆ فیرعەونەکانی هەرەمی نیشتمانم!

هاتووم قەڵەمەکەم پڕ کردووە لە ئاوی تورەیی ئاسمان و، لە چڵکاوی زێرابەکانی شار و، لە میزی تەوالێتی مزگەوتەکان و، لە پاشەڕۆی سەگە بێحورمەتەکان و، لە خوێنی ڕەشی سووڕی مانگانەی ژنە سۆزانیەکان، تا تابلۆی سەخافەتتان بۆ مێژوو بنەخشێنم، ئەی سەردارە بێسەرەکانی تاریکستانم.

هاتووم بە بای تووڕەی زریانەکان و، بە هەناسەی ساردی دلە پڕ ژانەکان و، بە پەنجەی مندالانی هەتیوی سەر شەقام و، بە وەشتی نەرمی دوای تۆفان و، بە ورشەی بالی مەلە بێلانەکان، پەردەی ڕووڕەشیتان لەسەر لا دەم. بەلکو ئیتر ئەم شانۆیە هەرەس بێنێت کە دەیان سالە نمایشی گالتەجاڕی و بێحورمەتیی خۆتانی تێدا نیشان دەدەن.

هاتووم بتانخەمە تابووتی مەرگێکەوە، سەرینتان لە پێلاوی ماندووی هەژاران و، کفنتان لە چەرمی کەر و، کێلیشتان لە قەعدەی پاشەڕۆی زارتان بۆ دروست کەم؛ بە ئاوی ئابڕووی تکاوی خۆتان بتانشۆمەوە، بە نەفرەتی خودا تەلقینتان دەم. دواتر لە جێی گۆڕستانەکان، بۆ نێو زبلخانە و پیسترین زێرابی مێژوو فرێتان دەم. ئەی ئەوانەی نێو سەدەیە وەکوو زەروو لە خوێنماندا نما دەکەن.

بەلێ، هاتووم و ناگەڕێمەوە ... تا مۆمیای سەخافەتتان بۆ مێژوو جێ نەهێلم. ناگەڕێمەوە، تا گەرووی پڕ لە زامی ئەم میللەتە لەمەڕ نادادی ئێوە نەوەستێنم.

پێم بلێن ئێوە کێن تا ئەوەندە بێشەرم بن؟ قوندەرەی کام پێن تا فێری ڕۆیشتنمان بکەن؟ ئەهلی نێو کام کتێبی جوانین، تا فێری ڕەوشتمان کەن؟

سەرەتا کە هاتن، گوتتان: "ئەم کەلاوانە دەکەین بە باغ." گوتمان: "باشە، فەرموون جێگەیەک بۆ ئێمە بدۆزنەوە و، کەس دەستی نەگرتوون." دواتر هاتنەوە و، پێتان گوتین: "بڕیاری دەوڵەتە و دەبێت چۆڵی بکەن." گوتمان: "باشە دەڕۆین، بەڵام بەو مەرجەی بەر لە ئێمە تەواوی ئەو گرد و تەپۆلکانەیش چۆڵ بکرێن کە هەریەکەیان گەوادێکی حیزب تێیدا دەژین و مێش میوانیان نییە."

ئێستا کە زانیتان بوێریی ئەو کارەتان نییە، هاتوون ئەوەتان کردووە بە بیانوو کە گوایە لەم کەلاوانەدا ژنان و کچانی ئێمە بێڕەوشتی بڵاو دەکەنەوە و خۆیان دەفرۆشن. گوایە ئاسایشی کۆمەڵایەتیی شارتان تێک چووە و نیشتمانتان بووە بە بەڕەڵاخانە.

دەک هەزارجار شەرمەزار بن، بۆ خۆتان و وەڵامتان.

بۆیە بەو بۆنەوە دەڵێم: ئێوەن خۆفرۆش، ئێوەن گەوواد و خائینی زیاتر لە نیو سەدە. تا کچان و ژنانی بێپەروەردەی ئێوە مابن، مێبازەکانی ئەم وڵاتە چ کاریان بە کچانی پڕ لە ڕەوشتی ئێمە هەیە؟

بەڵێ، هەر ئێوەن ئارەزووی کەوتنە سەرپشت و ئەهلی نێو پێخەفەکانی سەر شۆڕین. ئەگەر ئەوە ئێمە باین، ئێستاکە ئەم کەلاوانە جێگامان نەدەبوو و، لەم دەوارە شڕوشۆڵانەی

خێڵاندا نەدەگیرساینەوە. چونکە ئاشکرایە هەموو ئەوانەی وەک ئێوە لەسەر شۆڕی بێباکن، هەموو ئەوانەی وەک ئێوە سڵ ناکەنەوە لە چۆک دادان، باشترین ژیانیان هەیە و لە خۆشترین ڤێللا و باڵەخانە و خانووی جواندا دەژین و دایمە شادن. بۆیە مەگەر مەرگ بێت و بمانبات، ئەگینا هەرگیز ئێرە چۆڵ ناکەین.

# پەڕەی پێنجەم

## قەسیدەی لەو ئێوارەی تۆیان بە بووک برد، کاتژمێر چوار بوو

به پێنووسی: بریندار پیرزاد

ڕێک کاتژمێر چواری ئێوارە بوو، لە دووری دوورەوە هەستم بە بۆنی شانێڵەکەت دەکرد. زانیم پاش کەمێکی تر دێیت، بەڵێ هاتیت ... بەڵام تەنیا نەبوویت.

ئا، ڕێک کاتژمێر چواری ئێوارە بوو کەژاوەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی لەگەڵ تۆدا بوون بەلامدا تێپەڕین. هەموو ئەو تیرانەی لێیان دەترسام، بەر دڵم کەوتن. هەر وەک زیندوویەک وا بووم لە گۆڕا. بینیت چۆن بە دیار ئاوابوونتەوە تاسابووم؟ چۆن لە سەری ئەو شەقامەدا بووبووم بە پەیکەر و خوێنم لێ دەچۆڕا؟ سەرنجت دا چۆن لەنێو گەنجێتیی خۆمدا پیر دەچوومەوە؟ نا نەتبینی ...

بە گریانەوە گەڕامەوە بۆ ماڵ. لە ڕێگادا ئەو قسەی باوکمم بیر کەوتەوە کە هەموو جار پێی دەگوتم: "شەرمە بۆ پیاو بگری." بۆیە بە خۆمم دەگوت: "یا من پیاو نیم، یا باوکم هەرگیز

عاشق نەبووە." درۆ ناکەم، بە خودای کاتژمێر چواری ئێوارە بوو. وەک ئێستا ڕۆژەکەم لە بیرە.

چی پەیمان بوو لە نێوانماندا، شکاندت. چی وەفا بوو، لەگەڵ خۆتدا بردت. تەنیاوتەنیا من نەبێت کە بەجێت هێشتم.

ئا لەو ئێوارەدا کە لە کاتژمێرەکەی دەستی تۆیشدا کاتژمێر چوار بوو، گریان شلشلی کردبووم، بە جۆرێک گەیشتبووم بە لێواری توانەوەی خۆم. دنیا بە شێوەیەک کپ بوو، بایەکانیش لە شنە وەستابوون. تەنانەت ڕۆژیش لە ئاوابوون یاخی بوو. چونکە کێوەکان ڕێیان بۆ ئاوابوونی خۆرەکەی من چۆڵ کردبوو.

لەو ئێوارەی تۆیان بە بووک برد، چ بێژم، نازانم چ بێژم؟ بێجگە لەوەی پێت بڵێم کاتژمێر چوار بوو. بەڵام ئەگەر دەتەوێت بزانیت لەلای من چ وەختێک بوو، نازانم ... سوێند بە نیگا وێرانکەرەکانی ڕابردووی چاوت، نازانم. چونکە چرکەکان لە کاتژمێرەکەی لای چەپی سینەمدا دەرچووبوون و لە سەرووی دڵمەوە لێیان دەدا. هاتبوون لەنێو پێڵوی چاوەکانما، وەک شکانی دڵی هەتیوێکی بێکەس نەرم نەرم هەنسکیان دەدا. دەزانی بۆچی؟ چونکە کاتژمێر "من تۆی دەویست لە دڵمدا." بەڵام چی بە تۆ بڵێم کە منت نەویست؟ دەی برۆ ئاوا بە، ئەی شۆخە جوانەکەی مێژووی دوێنێم.

دەک ڕەببی لە تاریکیدا نغرۆ ببیت، دوعا دەکەم لە ئاسمانی هیچ شەوێکی ترمدا ئەستێرەی نیگات پرشنگی نەبێت. لە سپێدەی هیچ ڕۆژێکی داهاتووی تەمەنمدا پەنجەرەی تەنیاییم بۆ خۆری هاتنەوەت والآ نەبێت. چونکە لەو کاتژمێرە شوومەدا هێندەی بیست ساڵ منت پیر کرد. هێندەی بیست خەزان منت وەراند. بە ئەندازەی بیست ساڵی بێباران وشکت کردم.

بە گیانی دایکم کاتژمێر چواری ئێوارە بوو ...

لەو دەمەی بەلامدا تێپەڕییت، وەک ئەو ئێوارەی ماڵەکەمان ئاگری گرت، من و دایکم لە ژوورێکدا بێڕەحمانە ئاگر دەیسووتاندین، ئاوا کڵپەی هەناسەکەنم ئاگریان لە سینەم بەر دابوو. وەک خنکانی منداڵێک لە گۆمێکی قووڵ و مەنگدا باوەشم بە مەرگێکی غەریبغەریبدا کردبوو. وەک موسافرێکی تەنیا خۆیشم نەمدەزانی بەرەو کوێ ڕێم گرتووە. نەمدەزانی چۆن ئەو هەموو بێ مروەتیەی تۆ کە وا دووبارە گشت گیانمی سوتاندووە، بۆ شەقامەکان باس بکەم.

مەگەر بڕۆم بە خوا بڵێم: گلەیی بێت، ئەی پەروەردگارم! ئەگەر ئەمە بوو چارەنووسم، چۆن ڕێگەت دا جەللادێکی ئاوا بێت بە یارم؟

چیت پێ بڵێم؟ نازانم چیت پێ بڵێم.

کاتژمێر چوار بوو ...

ئا لەو کاتەدا ترافیکی شەقامەکان گڵۆپی سەوزی مەرگیان بۆ داگیرساندبووم، بەڵام من هێندە شەکەت بووم، تەنانەت تاقەتم لە مەرگیش چووبوو.

کەچی تۆ، تف لە تۆ!

لەو کاتەدا لەبەر دەمی وێنەگرێکدا بەوپەڕی بێشەرمیەوە خەندەت بۆ ژیان دەکرد. نەکا وێنەکانت جوان دەرنەچن. دەک ڕەببی گشت وێنەکانت بسووتێن، وەک سووتانی جەستە بێبەختەکەی من. بۆ مەگەر پێت وایە نزای باشیت بۆ دەخوازم؟ لەلات وایە دوای ئەو هەموو تیرەی لە دڵمت دا، ئێستاکەیش بە فیدات بم؟ دە ئاخر کەم نەبوو ئەو هەموو زۆرەی خۆشم ویستیت ... بەخودا کەم نەبوو!

بەڵێ ئەو ئێوارەی تۆیان بە بووک برد، کاتژمێر چوار بوو.

ئۆف لە دەست ژانی ئێوارەکان ... وای چەندە ئارەزووم بوو کە ئەم جێهێشتنەت ئارەزووی دڵت نەبا، تا لە نامەیەکی غەریبدا بۆم نووسیبایت:

ئێوارەیە و، تۆ چووزانی

ئەوە ڕۆژە ئاوا دەبێ یا بەختی من

ئەوە شەوە ڕەش دەپۆشێ، یا ژیانی من

نووسیبام:

ئەی شەدە لار

قوربانی عیشقی ناو سینگت بم

بە وردە دەمارەکانی سەر دڵت بم

بە ژیانی پڕ لە مەرگی ناو ڕۆحت بم

بە بەختی بێبەختی ژیانت بم

ڕەببی لە تاریکیی شەودا بمرێ

ئەوەی وای کرد لێت ئاوا بم

پێم گوتبایت:

خۆزگە شانەیەکی شکاو دەبووم

بەسەر قژی ئاڵۆزتەوە

ئاخر چی بێ لەوە جوانتر کەسم

نەرمنەرم بەسەر شانتا شۆڕ ببمەوە

ئێوارەیە و، جارێکی تر

چاوەکانت نیگای زەردم ناخۆنەوە

چیدی میهرەبانیی پەنجەکانت

دەرگای دڵی پڕ لە دەردم ناکەنەوە

ئێوارەیە و، ئیتر دەڕۆم

من نامۆ بووم بە شارەکەت

بەدکاران نەیانهێشت گوڵم

پاسەوانی جوانیەکەت بم لە ژوورەکەت

هیوام وا بوو بەر لە چوونت

تاوێ لە ئامێزتا بمێنمەوە

هێدی هێدی هەر وەکوو مۆم

بە هەناسەی ساردی غەمت بکوژێمەوە

توخوا ئەی گیان!

بەر لەوەی غەریبی ئاوات بکا و،

بچێژم دەردی جودایيت

دەست هەڵبڕە کزەی جەرگم

با ببینم ماڵئاوایيت

دەی ئێستا چیت پێ بڵێم؟ ئەی ڕوخێنەری دیوارە مەزنەکەی عیشقم، ئەی چەوسێنەری چاوە گریاوەکەی دەریای ئەشکم ...

بەڵێ، ئەو ئێوارەی تۆیان بە بووک برد، کاتژمێر چوار بوو.

له گشت شوێنێک کاتژمێر چوار بوو. تەنانەت لە کاتژمێرە گەورەکەی لەندەنیشدا هەر کاتژمێر چوار بوو ...

**بریندار پیرزاد**

# "قاوەخانەی نیگا"

ئەم ئێوارە دوای خواردنی کفتەکانت، سوارە بە پێکەنینەوە گوتی: "دەزانیت فەرە، عیشق بە کفتەوە جوانە. ئیتر بڵێ بە نازە چیتر گوڵمان ناوێت. دە ئاخر من بە سکی برسیەوە چی لە گوڵ کەم؟ ئاوا جارجارە لەم شوقەیەدا مەنجەڵێ کفتەمان بۆ بنێرێت، هەزار باخ قوربانی بێت. دیارە لە داخی ئەو پارکەی شارەوانی دەیەوێت لە جێی کەلاوەکانی خێڵان دروستی بکات، هەرچی گوڵ هەیە لەپێش چاوی کەوتوون. تەنانەت ئەم ماوەیە عەتریش لە خۆی نادات."

منیش گوتم: "بابە، خەڵکی زۆرن نازەنینیان هەیە، بەڵام نازەکەی من شتێکی ترە."

جا بەم بۆنەوە بە سەرهاتی ڕەفیقێکی بۆ گێڕامەوە کە جەزای ناوە ...

جەزا گوتی: "کاتی خۆی خەڵکی بە گشتی گوزەرانیان باش نەبوو، جا دراوسێیەکمان لەو ڕەوشە خراپەدا سەرکێشییان

کرد و، کفتەیان دروست کرد. ئێ کفتەیش دەبێت هەندێک ڕۆن و کشمیش و، شتێک قیمە و گۆشتی تێ بکەیت تا نەرم دەربچێت و بە لێو بخورێت. ئەو کاتیش گرانی بوو، بە جۆرێک، تەنەکەیەک ڕۆن بە سەد دینار و، کیلۆیەک گۆشت بە کۆلێک پارە.

"ڕۆژێکیان دوای بانگی نیوەڕۆ، یەکێک لە دەرگای دا و، منیش چووم کردمەوە. سەیرم کرد باجی حەلاوی دراوسێمانە و، مەنجەلێک کفتەی بۆ هێناوین.

"گوتم: 'ئەوە چییە، باجی حەلاو؟'

"گوتی: 'وەڵا ڕۆڵە ئەوە پڕیەتی لە کفتە.'

"گوتم: 'یانی چۆن، بیخۆین؟'

"باجی حەلاویش گوتی: 'نەوەڵا ڕۆڵە، هیچمان تێی نەکردووە و ڕەق دەرچووە. هێناومە بیدەن بە مانگاکەتان.'

"سەرەتا من نکوڵیم دەکرد بیدەین بە مانگاکە، چونکە ساڵێک زیاتر بوو کفتەم نەخواردبوو. دایکیشم دوو دانەی بۆ خستمە قاپێکەوە و خستیە بەر دەستم، بەڵام چەندم کرد کەوچکەکە لەتی نەکرد، هێندە ڕەق بوو. ئیتر ناچار بە مەنجەڵەکەوە بردمان و خستمانە بەر دەمی مانگاکە. مانگاکەیش لە ئێمە برسیتر بوو، سەری تێنا و وەک حەبی کەپسول دانەیەکی

خستە دەمیەوە. کاتێکمان زانی مانگای بەستەزمان چاوەکانی سپی هەڵگەڕان و دەستی کرد بە لرخەلرخ. کفتەکە ئەوەندە ڕەق بوو، تەنانەت مانگاکەیش پێی ئاودیو نەدەکرا. یەک بە خۆی هەڵدەپەڕی و گەیشتبووە لێواری خنکان. جا ئەوکات مانگایش بە بیستهەزار دینار بوو. هەمووومان بەدیاریەوە وەستابووین و نەماندەزانی چی بکەین. باوکم ئێجگار شپرزە بووبوو. لە تاواندا گوتی: 'جەزا، خێراکە تا نەخنکاوە بڕۆ لە دوکانەکەی حاجی عەوڵا پیپسیەکی بۆ بهێنە.' "

جا جەزا دەیگوت: "بۆ خۆیشمان چەند مانگ بوو پیپسیەکمان نەخواردبووەوە. ئیتر بە ڕاکردن چووم و پیپسیم هێنا و، بە پەلەپەل بە گەروویماندا کرد. باش بوو بە هەر حاڵێک بوو، مەنگاکە کفتەکەی ئاودیو کرد. دوای ئەوە مانگاکە هەر قرپێکی دەهێنایەوە، دەتگوت هەلیکۆپتەرە لە ماڵی ئێمەدا نیشتووەتەوە. چی دەرودراوسێ هەبوون لێمان ئالابوون. هەر حەیای بردین.

"جا ئەمجارەیان حەسەنی برام یەک بە خۆی هەڵدەپەڕی و دەیگوت: 'ئێوە پیپسی دەدەن بە مانگا و نایدەن بە من.' باوکیشم لە داخاندا کفتەیەکی لە مەنجەڵەکە دەرهێنا و دای بە پشت سەریا. حەسەن ڕێک بوو بە تەرم.

"گوتمان بە قورئان حەسەن مرد! دایکم بە دیاریەوە کەوتە شین و ڕۆڕۆ. ئیتر ئەم جارەیان کەوتینە چارەی حەسەن.

هەرچەندە دایکم زۆر ئەوەی پێ ناخۆش بوو، بەڵام باوکم ڕووی کردە باجی حەلاو و پێی گوت: 'ئا حەلاو خان، توو ویژدانت ئەوە کفتە بوو بۆت هێناین، یان بەردی مەنجەنیق؟ سەیر بکە خەریک بوو بە هۆیەوە مرۆڤێک و مانگایەک بمرن.'
"

دەی گیانم، ئەمە هەر گاڵتەیەک بوو. خۆت دەزانیت سوارە ئەم بەسەرهاتانەی لێ نابڕێت.

نازەنین : "هاهاهاها، ئا توو خوا لادێیی، ئەم حیکایەتە و ئەم جێگایان گوتووە، فەرهاد؟"

فەرهاد: "ئێ کە تۆ وەک پەیکەر لەبەردەممدا وەستابیت و هیچ نەڵێیت، من چی بڵێم، لەو باسانە زیاتر؟ دەی واز لەوە بێنە، لەگەڵ زانکۆدا چۆنیت؟"

نازەنین: "باشم ... بەڵام فەرهاد دەزانیت ... 'لەو ئێوارەی تۆیان بە بوک برد، کاتژمێر چوار بوو،' ئەها قەسیدەی ئەو نووسەرەی لە ئەویندا بڵاوتان کردبووەوە. بە ڕاستی ئیحساسی ئەو گەنجە زۆر سەرنجی ڕاکێشام. تۆ دەیناسیت؟"

فەرهاد: "دەزانم مەبەستت بریندارە. بەڵێ، ئەو ڕەفیقێکی ئێجگار باشمە. سەردەمی زانکۆ پێکەوە بووین. لاوێکی تا بڵێیت قۆز بوو. زۆربەی کچانی زانکۆکەمان خوازیاری ئەوە بوون

که بریندار سلاویکیان لی بکات. ئەو کچەیشی کە لە قەسیدەکەیدا باسی دەکات، هەر هاوڕێی خۆمان بوو. بەلام دوای ئەوەی بریندار بە هۆی سووتانی خانوەکەیانەوە زۆربەی جەستەی سووتا و، ڕوخسار و سیمای شێوا، لەو ئێوارەیەی کە باسی دەکات، بەبێ هیچ ماڵئاواییەک، ئەو کچە جێی هێشت و کۆتایی بە هەموو شتێک هێنا."

نازەنین: "وای لەم دلبەردە! ئەوە چ مرۆڤێک بووە؟ خۆزگە بەو کارەساتەم نەزانیبا. بەلام فەرهاد، من گلەییم لێت هەیە!"

فەرهاد: "بۆ چی؟"

نازەنین: "بۆچی ئەو وتارەی من کە تێیدا گوزارشتم لە خراپیی سیستەمی سیاسی و کۆمەلایەتیی ئەم ولاتە دەکرد، لە ئەویندا داتنەبەزاند؟"

فەرهاد: "نازە خۆ من سەرەتا پێم گوتیت کە بە هۆی چیەوە لە زانکۆ دەرکرام. دەی نەمویست کە تۆ وا گەیشتووی بە کۆتاییەکەی، سەرەنجام هەمان چارەنووسی منت هەبێت."

نازەنین: "بۆچی مەگەر من چیم لە تۆ زیاترە؟"

فەرهاد: "با هەتە ... چونکە تۆ بەڵێنت بە شنەی خوشکت داوە کە ببیت بە دکتۆرێکی باش. وەک خۆت گوتت، کۆمەڵێک

دەردەدار هەن کە چاوەڕێی کەسێکن لە زامەکانیان تێبگات.
بۆیە منیش نامەوێت تۆیان لێ بکەم ..."

نازەنین: "لەبەر خۆتتە یان لەبەر ئەوان؟"

فەرهاد: "من ئەوەی لە تۆدا ویستم، بە دەستم هێنا. تەنیا خەوی سەر جێگاکان نەبێت کە ئەویش ئەوەندە لام گرنگ نییە."

نازەنین: "درۆ مەکە. بۆچی مەگەر حەز ناکەیت ڕووتبوونەوەم ببینیت؟"

فەرهاد: "ئەگەر عیشق تەنیا واتای ئەو دیمەنانە بگەیەنێت، کەواتە کوێرەکان هەرگیز عاشق نابن."

نازەنین: "فەرهاد، دەمەوێت شتێک بڵێم، بەڵام شەرم دەکەم ..."

فەرهاد: "قسەی قۆڕ مەکە، بۆچی مەگەر من ئەوەندە نامۆم، تا شەرم لە ڕوومدا بکەیت؟"

نازەنین: "ئمممم ... دەی بە خوا هەر دەیڵێم. باشە فەرهاد، ڕاستە دەڵێن پێشتر پیاوەکان لە لادێکاندا سواری کەر بوونە؟"

فەرهاد: "جا توو خودا ئەمە شەرمی بۆ چییە؟ بەڵێ، من خۆم سەد جار سواری بوومە؟"

نازەنین: "فەرهاد، ئەوە تۆ چی دەڵێیت، یانی تۆیش گاوتە؟"

فەرهاد: "هاهاهاهاها ... ئای کە بێشەرمیت! نا ئەوە زەمانی زوو بوو. زۆرێک لە گەنجەکان ئەو کارەیان دەکرد، بەڵام ئێستاکە نا."

نازەنین: "وای کە گوناهن ..."

فەرهاد: "چی گوناهە؟"

نازەنین: "ئەو کەرانە دەڵێم!"

فەرهاد: "ئەها ... وام زانی مەبەستت لە گوناهی خۆتانە وەکوو ژن. چونکە بە داخەوە هێشتاکە زۆر ماون لەو پیاوانەی کە پێگەی ژن لە ژیانیاندا تەنیا بۆ تێرکردنی حەزی جەستە و کارکردنە پێیان. ڕێک وەکوو ئەو کەرانەی زەمانی زوو کە هەم کاریان پێ دەکردن و، هەمیش بۆ مەرامی خاڵی کردنەوەی شەهوەتیان بەکاریان دەهێنان."

نازەنین: "لێگەڕێ خەتای خۆمانە، چونکە هەر کچێک نرخ بۆ فرۆشتنی خۆی دابنێت و، ڕۆح بخاتە لاوە کاتێک شوو دەکات، سەرەنجام لۆمەی هیچ پیاوێک ناکرێت کە بەو جۆرە مامەڵەیان لە گەڵدا بکات، ڕێک وەک ئەوەی ئێستا بووە بە باو."

فەرهاد: "ئەی تۆ بۆ لە یەکەم نامەتدا بۆت نووسیبووم کە کەرم بوویت؟"

نازەنین: "دە ئاخر خۆ لەویشدا باسم کردووە کە من کەری جوانی و سادەییت بووم، نەک کەری سامان و زێڕ و دراو. ئەم دوو چەمکەیش ئێجگار لێکەوە دوورن."

فەرهاد: "دەی خۆ ڕاست دەکەیت. هەندێک جار کەربوون ئێجگار شکۆمەندترە لە مرۆڤبوون. بۆ نموونە:

من پێم خۆشە کەر بم

چڵکن، گوێدرێژ، دێز بم!

نەک لە بارەگای حیزبێکی خائیندا

بۆ کەرێکی دووپێ لەسەر چۆک بم ..."

نازەنین: "چی لەبارەی کوێرەکانەوە دەزانیت؟"

فەرهاد: "ڕەنگە گوزارشتەکانی من نەتوانن وەک ئەوەی هەن، پێناسەیان بکات. بەڵام ئەگەر شەقامەکان زوبانیان هەبا، باشتر بوو لەوان بپرسیت. چونکە تەنیا شەقامەکانن لەوان تێدەگەن کە چەندە بە سەختی بە سەریاندا دێن و دەڕۆن."

نازەنین: "باشە ئەگەر من چاوەکانم لەدەست بدەم، هەر خۆشت دەوێم؟"

فەرهاد: "دەبوو من ئەو پرسیارە بکەم، چونکە چاوەکانی خۆمت پێدەبەخشم. ئەوساکە هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە. "

نازەنین: "جا چۆنە من یەک چاوت لێ داوا بکەم تا هاوسەنگ بین؟"

فەرهاد: "هەرگیز هاوسەنگ نابین، چونکە دیسانەوە ئەو چاوەی کە لام دەمێنێت، بەزەییی بەو چاڵەی تۆدا دێتەوە کە بێگلێنەیە. جا پێم وایە ئەمە تاوانێکی ئێجگار مەزنیشە، چونکە چاوەکان دوو دوانەی ئەبەدین، نابێت هەرگیز لە یەکدی بکرێنەوە. بۆچی مەگەر ئەو گۆرانیەی 'عەباسی کەمەندی'یت بیر چووەوە کە لە کوێستان بۆم گوتیت؟

'تۆ چاوت نەیشێ عالی و بە کەیفە

با چاو من بێشێ کەس نایژێ حەیفە' "

***

نازەنین: "هیچ خەونت پێوە بینیوم، فەرهاد؟"

فەرهاد: "گەمژە مەبە، چونکە خەون بە کەسێکەوە دەبینرێت کە لە چاوەکانتدا نەبووبێت بە گلێنە."

نازەنین: "ئەی پێت خۆشە یەکەم منداڵمان ناو بنێین چی؟"

فەرهاد: "کوڕ یان کچ؟"

نازەنین: "کچ!"

فەرهاد: "بێناو."

نازەنین: "ئەوە واتای چییە؟"

فەرهاد: "چونکە ناوی کچەکانی ئەم وڵاتە هەمووی درۆن."

نازەنین: "چۆن درۆن؟"

فەرهاد: "هەیە ناوی شیرنە، بەڵام تاڵە ژیانی. هەیە ناوی گزنگە، بەڵام لە تاریکیی ماڵدا خنکاندوویانە. هەیە ناوی گەڵایە، کەچی گشت وەرزەکانی ساڵ بۆی خەزانە. کچ هەیە ناوی شنەیە، بەڵام تا دەمرێت سروەیەکی شادی نایەت بە سەریدا.

"ئەوەی لە هەموان سەیرترە، هەیە ناوی ژیانە، بەڵام لە هەموان زووتر دەمرێت! هەیە ناوی دەریایە، بەڵام زۆرمان بیست بەم ناوە و، ماسیەکانی دڵخۆشییان تێدا ڕاو کرد. بۆچی مەگەر هەر ئەمانە نین ناوی کچانی ئەم وڵاتە؟"

نازەنین: "ئەی سەبارەت بە من چی؟ کەواتە منیش بێنازم؟"

فەرهاد: "لەگەڵ مندا هەست بە بێنازیی خۆت دەکەیت؟ پێت وایە ئەو گومانەت ڕاست بێت؟"

نازەنین: "ئاخر ئێستا نا، بەڵام ئەی دواتر؟"

فەرهاد: "تاقیم بکەرەوە ..."

نازەنین: "چ وەختێک؟"

فەرهاد: "دوای بیستوپێنج ساڵ لە هاوسەرگیریمان و، لە شەوێکدا کە دەجار سێکسمان کردبێت؟"

نازەنین: "ئەی ئەمە واتای چییە؟"

فەرهاد: "چونکە زۆرێک لە پیاوەکان، دوای ئەم کردەیە، دەبن بە دڕندەترین مرۆڤ و، تەنیا بە ئامانجی ئەوە دەچنە ژێر باری هەڵگرتنی نازی هاوسەرەکانیان تا شەهوەتی خۆیانیان پێ دامرکێنن. ئیتر دوای ئەوە لە هەموو شتێک خاڵی دەبنەوە، تەنانەت لە مرۆڤ بوونیش."

نازەنین: "عیشق لای تۆ چی دەگەیەنێت؟"

فەرهاد: "ناکۆتاییبوون، بە گەنجی مانەوە، هەمیشەیی و، ئەبەدیەت."

نازەنین: "دڵ؟"

فەرهاد: "بۆ من، تۆ."

نازەنین: "خوێن؟"

فەرهاد: "ڕەنگی ئەو فرمێسکانەی گەر مەرگت پێش مەرگم کەویت."

نازەنین: "رۆح؟"

فەرهاد: "باڵندەیەکی بێلانە، دوای دەرچوونی تۆ لە نێویدا."

نازەنین: "ئاگر؟"

فەرهاد: "هەناسەی دوای لەدەستدانی یار."

نازەنین: "وەفا؟"

فەرهاد: "بەخشینی سەر بەو کێلەی ها لە ژوور سەری دڵدارەوە."

نازەنین: "گریان؟"

فەرهاد: "جۆگەلەی چاوێکی ونبووی نیگا."

نازەنین: "نیشتمان؟"

فەرهاد: "ئەوەی کە ئێمە نیمانە."

نازەنین: ”دایک؟“

فەرهاد: ”لە هەر ماڵێکدا ژنێک.“

نازەنین: ”شەهید؟

فەرهاد: دڵڕەقی جەنگەکان.“

نازەنین: ”ئاو؟“

فەرهاد: ”تینوێتی.“

نازەنین: ”هەژاری؟“

فەرهاد: ”برسێتی.“

نازەنین: ”جوانی؟“

فەرهاد: ”دیمەنی باران لەنێو هەتاودا.“

نازەنین: ”مەڕ؟“

فەرهاد: ”زۆرێک لە کۆمەڵگاکان.“

نازەنین: ”مەیخانە؟“

فەرهاد: ”تۆ!“

نازەنین: ”پێک؟“

فەرهاد: "لێوەکانت."

نازەنین: "مەززە؟"

فەرهاد: "ئێمە بە دەست ژیانەوە."

نازەنین: "کەر؟"

فەرهاد: "جوانتر لە زۆربەی سەرۆکەکانی دنیا؟"

نازەنین: "بۆ نمونە؟"

فەرهاد: "سەلیم خان."

نازەنین: "سەگ؟"

فەرهاد: "دەرگاوانی بەرپرسەکان."

نازەنین: "هاوڕێ؟"

فەرهاد: "سوارە."

نازەنین: "پێنووس؟"

فەرهاد: "بوێری."

نازەنین: "ماچ؟"

فەرهاد: "توانەوە."

نازەنین: "من؟"

فەرهاد: "تۆ؟!"

نازەنین: "بەڵێ، من!"

فەرهاد: "تۆ عەرزت سوتاندووم."

نازەنین: "هاهاهاها دەی بەسە. بۆیە ئەم پرسیارانەم کرد، دەمویست بزانم دیدگای تۆ بۆ ژیان چییە. بە ڕاستی وەڵامەکانت جوان بوون."

فەرهاد: "بۆچی ئەوەندە لێم دەڕوانیت؟"

نازەنین: "نیگاکانم برسییانە."

فەرهاد: "ئەی دەستەکانت چی، وا ئاڵاون لە پەنجەکانم؟"

نازەنین: "سەرمایانە."

فەرهاد: "دەتویست شتێک بڵێیت؟"

نازەنین: "حەز دەکەم مەمکەکانم بگریت؟"

فەرهاد: "بۆچی؟"

نازەنین: "خەریکە وەک هەنار شەق دەبەن. ئەگەر دەستێک پێیان نەگات، سەرەنجام بە باڵامەوە دەڕزێن."

فەرهاد: "دیارە حەزیان بە زیندانە، وا ئارەزووی گرتنیان دەکەیت؟"

نازەنین: "نا ... هەندێک گرتن هەن ئازادیی ڕەهات پێ دەبەخشن. دەی خۆزگە گشت کەلەپچەکانی دنیا، وەک دەستەکانی تۆ میهرەبان دەبوون."

فەرهاد: "دەزانی قوربانی کوێت بم؟"

نازەنین: "نا ..."

فەرهاد: "ناوەڕاستی دڵت کوێیە؟"

نازەنین: "ئەو جێگایەی کە تۆ لێی دانیشتووی."

فەرهاد: "مەبەستت کورسیەکەی ژێرمە؟"

نازەنین: "گەمژەی لادێیی ... دەی فەرهاد، وا دابنێ سبەی من دەمرم. ئەمڕۆ چیم بۆ دەنووسیت؟"

فەرهاد: "ئەگەر تۆ بمریت، مەرگنامەت بە بای شەماڵدا دەنێرم بۆ سپێدەکان. لەو دەمەی یەکەم دڵۆپی شەونم لەسەر گۆنای یاسەمینەکان دەتکێت، بە کۆترەکانی شار دەڵێم: 'با لەسەر چناری حەوشی مزگەوتەکان بە غەریبترین ئاوازی باڵندەکان قورئانت لەبۆ بچڕن.' بۆ ئەوەی گەردوون لە ڕۆژانی پرسەکەتدا بە ئارامی پشوو بدات. بە شەپۆلەکان دەڵێم: 'ئارام

ئارام شانەی زوڵفی کەنار بکەن.' ئا لەو ڕۆژەدا ناهێڵم هەڵۆکان کەرویشکی قەدپاڵی زۆزانەکان بکەن بە نێچیر. لە خودا دەپاڕێمەوە گڕی دۆزەخەکەی خامۆش بکات.

"خۆم دەکەم بە پارێزەر و، ڕێگە نادەم دادوەرە دڵڕەقەکان بە بیانووی کێشەیەکی بچووکەوە، چیتر ئیمزای جیابوونەوەی هیچ دڵدارێک بکەن. سەد جار قوربانی لوولەی تفەنگەکانی جەنگ دەبم، تا خوێنی هیچ سەربازێک لە بەردەکان نەسوون. هەموو پەتی سێدارەکان دەکەم بە ملوانکە و دەیانخەمە گەردنی جوانی ژیانەوە، تا بە میهرەبانی ڕابێن و دڵی هیچ دایک و ژنێک نەشکێنن. دەڕۆم چی قەفەز هەن، مەلەکانی نێویان ئازاد دەکەم و باسی جوانیی فڕینیان بۆ دەکەم. دواتر هەرچی جوانی هەیە، لە تووی گشت گوڵەکانی دنیا کۆیان دەکەمەوە و دەیانهێنم لەسەر گۆڕەکەت دەیانڕوێنم و، لەسەر کێلەکەت دەنووسم:

" 'گوڵ بگرە ئەی دۆست، تا هەمیشە باغەوانی مەزارت بم.

بشنێوە ئەی یار، بەڵکو بە بولبولی غەمگینی سەرچڵت بم.'

"وا دەکەم لە گۆڕەکەتدا هەست بە تارماییی مردن نەکەیت. لەنێو ئەو کفنە سپییەی لە باڵاتەوە پێچراوە، مەمکۆڵانت دەکەم بە شەمع و، خۆیشم بە پەروانەی دەوری گۆنات.

"خۆم تەڵقینت بۆ دەخوێنم و پێت دەڵێم: 'ئەی ناسکترین نەسلی حەوا، ئەی دڵداری هەمیشە زیندوو، گوێم لێ بگرە.' بەڵام بەر لەوەی هیچ بڵێم، گوارەکانت ماچ دەکەم. دواتر دەڵێم: 'تا ئەو ساتەی هەناسەیەک مابێت لەم کەونەدا مانا بدات ژین، تا ئەو ڕۆژەی خۆر لە ئاوابوون بێزار دەبێ و، مانگ لە نێو جوانیی خۆیدا دەتوێتەوە، من هەر خۆشم دەوێیت! خۆشم دەوێیت، چونکە ئەم وشەیە تۆی پێ ناساندم. ئەم وشەیە بەر لەوەی بمکات بە عاشق، فێری ئەوەی کردم ببم بە مرۆڤ. وای لێ کردم دڵڕەقیم ببێ بە ئاو. ئا، فێری ئەوەی کردم چۆن بگەم بە دنیا جوانەکەی ژنان. بەڵێ، من هەر خۆشم دەوێیت. چونکە خۆشەویستیت فێری ڕۆیشتنی کردم، وای کرد شەقامەکانم لا ئازیزتر بن. بوو بەو بارانەی بیابانی دڵمی کرد بە باغ. بەو ئەستێرانەی لە شەوەکانی دڵتەنگیمدا ئارامییان بۆ دەهێنام. وەک بۆنی چێشتێک کە منداڵێکی هەژار لە دووری دوورەوە هەستی پێ دەکات، بۆنی ئەم ژیانەی لا خۆش کردم. وەک قاچاغچییەکی میهرەبان لە سنوورەکانی دڵتەنگیمدا دەربازی کردم. جا خۆشەویستیت چیی پێ نەبەخشیم، چیی بۆ نەکردم؟ خۆشم دەوێیت تا ئەو ڕادەی خۆشەویستی تینی لێ

دەبڕێ. تا ئەو ڕادەی مەلێک هەبێت و بۆ جوانی بفڕێ. دەزانیت تا کەی؟ تا ئەو ڕۆژەی شمشێری عیشقی دووریت دێت و کۆتا پارچەی دڵم دەبڕێ.

" 'ئازیزم، ئەگەر فریشتەکان هاتنە سەرت، دوو دڵ مەبە. چونکە ئەوان لە ئیلهامی عیشقی منەوە باڵیان گرتووە و، بۆلات هاتوون. هاتوون دوا پەیامی منت پێ دەگەیەنن و، پێت دەڵێن: 'هەستەوە ئەی پەپوولە ونبووەکەی باغەکەی ئیرەم. ئادەمێک وا چاوەڕێتە. ئادەمێک ... لە تێرمینالی سەفەرێکدا جێماوە و ناتوانێت پێ هەڵگرێت. دەڵێت گوایە هاوسەفەرێکی ون کردووە و لە ناونیشانی ئەدرەسەکەیدا ناوی تۆ بەدی دەکرێت. بۆ مەگەر تۆ نازەنین نییت؟'

" 'دێن و وێنەیەکی منت پیشان دەدەن. تینلێبڕاو، لە یار جێماو، دڵ پڕ زووخاو، سیما شێواو، چاو پڕ لە ئاو. وەک ئەوەی ئەو وێنەیە هەر من نەبم! بەڵام گیانە ئەگەر نەتناسیمەوە، لە دڵم ڕابمێنە و، گۆمی سووری چاوەکانم بشڵەقێنە. تا بزانیت لە بنبەستی ئەم گۆمەدا کێ نووستووە؟ لەنێو لانەی ئەم دڵەمدا، ئەوە کێیە وا بە ئارامی پاڵ کەوتووە؟ لەسەر تەنافی ئەم ڕۆحە سەودایەمدا جوانیی کام شۆخم هەڵخستووە؟ ئەژنۆکانم بێنە دوان. بزانە دوای تۆ، ڕێی چ ژووانێکی تریان هەڵگرتووە.

" 'ئەی کچە بەهاریەکەی پاییزی دڵ. ئەی جوانترین ڕەنگی سەر تابلۆ پەمەییەکەی ژن. سەرنج بدە لە دوای تۆ، خونچەی نیگای کام چاوی تر لە دەواری کێڵگەی ئەم تەنیایەمدا، لەژێر ڕێژنەی هەوری ئەم دڵەمدا، لەسەر شەقامی ڕێگای عیشقت بە ئارامی هەنگاو دەنێ و، چەتری خۆشەویستی هەڵکردووە، بێجگە لە تۆ؟ بەڵام گیانە ئەگەر وێنەکەم لە پێش چاوت هەنگاوی نا، بە لاتەوە سەیر نەبێت. ئەوە منم بەدوای تۆدا کە وا وێڵم. ئەوە منم لەپای کۆچت وا پەشێوم. ئەوە منم کە وەک منداڵێکی جێماوی جەنگ، لە ئانی ونبوونی دایکیدا، لەژێر دار و پەردووی کەلاوە ڕووخاوەکاندا بەدواتدا دەگەڕێم. وەک ئاگرێکی شێتی سووتان لە دووریتدا هەڵدەقرچێم!

" 'مەترسێ ئازیز، مەترسێ. مەترسێ لەوەی ئەگەر وێنەکەم لەنێو دەستتدا کڵپەی ئاگری لێ هەڵسا. ئەی من نەمگوت کە خۆشەویستیم ئاگرێکە و، مانا بە سووتان دەبەخشێت؟ خۆ وام گوت! بەڵێ ئەو وێنەیە منم وا کزکز دەسوتێت لە کۆڵانەکانی نێو پەنجەتا. ئەوە منم کە دوای تۆ مانایەک بۆ بوونم نەماوە و، دڵم لە جێی پارچەیەک، هەزار لەتە.

" 'بە خودا! مەرگی تۆ کوشتنێک دەمکوژێت، مەگەر لەخاچدانی مەسیح لە وێنەی بێت. وشک بوونێک وشکم دەکات، مەگەر نیل لە ساڵانی بێئاویدا لە ئەو بچێت.'

"بەڵێ گیانم، ئەگەر تۆ بمریت، وەک پیرە دارێکی بەساڵاچوو بێزار دەبم لە ژیان. لە یەکەم شەوی دووریتدا دێم لەسەر گۆڕەکەت دەنووم. تا باسی چاکیت بۆ فریشتە و خودا و ئەستێرەکان بکەم. بە حوزنەوە پێیان دەڵێم: 'ئەم ژنە مانگ بوو لە جوانیدا. کانی بوو لە تەڕیدا. تا لە ژیاندا بوو پرچەکانی پڕ بوون لە جریوەی پاساری ئەوین. چاوەکانیشی لە گەرمە نیگای بە تین.'

"دەڵێم کە وەک خۆم ئاگایان لە ناسکیت بێت، ئەگەر پرسییان: 'بۆچی؟' دەڵێم: 'چونکە دڵی یەک پارچە لە شووشەیە و، ڕوویشی ئاوێنەی ڤینۆسی جوانی. توو خودا ئاگەداری بن، نەکا ورد بێ!'

"بەڵێ، گەر تۆ بمریت، مەرگنامەت بە بای شەماڵدا دەنێرم بۆ سپێدەکان ... خودا نەکات بمریت!"

نازەنین: "یاخوا مەرگم پێش مەرگت کەوێت، فەرهاد. وای چ دونیایەکی جوانە بەو جۆرە بمریت!"

فەرهاد: "نازەکەم؟"

نازەنین: "گیانی نازە."

فەرهاد: "یاخوا هەر بمێنیت."

نازەنین: "لەگەڵ تۆدا!"

فەرهاد: "نازە، بۆ نەتپرسی کە بۆچی ئەمڕۆ ئەم پاڵتۆ ڕەشەم پۆشیوە؟"

نازەنین: "ناکا ئەمڕۆ ساڵیادی کۆچی دواییی باوکی سوارە بێت؟"

فەرهاد: "بەڵێ، ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە."

نازەنین: "ئەی چۆن توانیت جێی بهێڵیت؟"

فەرهاد: "خۆی پێی گوتم کە تەنیا جێی بهێڵم."

نازەنین: "حەز دەکەم دوانیوەڕۆ منیش بێم بۆلای."

فەرهاد: "ئەوەم پێ خۆشە، بەڵام دامانناوە بڕۆین بۆسەر مەزاری باوکی."

نازەنین: "وای دەبێت ئەمڕۆ چەند دڵی تەنگ بێت! توو خوا فەرهاد، قەت مەهێڵە ئەوەندە هەست بە بێکەسی خۆی بکات. دەی کەوایە با من بڕۆمەوە جلێکی تایبەت لەبەر بکەم، بەڵکو دوا نەکەوم."

فەرهاد: "زۆر باشە، منیش دەڕۆم چەپکەگوڵێک ئامادە دەکەم. بڕیار وایە ئایدایش بە ئۆتۆمبێلەکەی باوکی بێت. کاتژمێر چوار دێین بە دواتدا."

نازەنین: "باشە گیانم ... من ڕۆیشتم."

فەرهاد: "سپاردەی دڵمت دەکەم."

# مەرگێکی لە ناکاو...

"مەینێژن توخودا مەینێژن. ئەو گەورەترە لەوەی لە گۆڕێکی بچووکدا جێگای ببێتەوە. خولیاکانی مەخەنە ژێر گڵ، من بەوە دەمرم کە چیتر گوێم لە دەنگی نەبێت. دەستەکانی مەخەنە سەر یەک، دەئاخر دوای ئەو کێ دەستی ستەم بگرێت؟

"خۆ ئەمڕۆ بڕیار وا بوو لەسەر مەزاری باوکی یاد بگێڕین. من چووزانم دەبینە میوانی لاشە سارد و سڕەکەی خۆی. توو خودا من لە جێگای ئەو بنێژن. وای چ گرێکت خستە هەناسەم سوارە. وای چەندە بێهێزم بە دیارتەوە.

"دەی پێم بڵێ ئەوە تۆ نییت. دەی براکەم شتێک بڵێ ... بە خودا خەریکە وەک شاخەکان لەتلەت دەبم.

"لێوەکانت ئاوا هیچ جوان نین کەسم؛ دەی پێکەنینەکانتم پیشان بدە، سوارە.

ئێوارە پێت گوتم: 'فەرە سبەی دەمەوێت تەنیا بم.' دەی خەجاڵەت بم کە ئاگام لێت نەبوو. من چووزانم ئەم تەنیاییەت ئەبەدیە؟ لەکوێ زانیبام ئەم سەگانە ڕێگات پێ دەگرن؟ خۆزگە ئەو گوللانەی بەر سنگی تۆ کەوتن، دڵی منیان بڕیبا. سەد بریا من لە جێگای تۆ شەلاڵی خوێن کرابام.

"ئێستا من چۆن هەواڵی مەرگت بە سروەکەت بگەیەنم؟ بە دایکم بڵێم چی، سوارە؟ هەروا بە ئاسانی بڵێم: 'سوارە مرد و، تەواو'؟ دە ئاخر شاخ چۆن دەڕمێت؟ دەریا چۆن وشک دەکات؟ دە هەستەوە گیانی من. هەستەوە ئەو خەڵکە چاوەڕێی هیممەتی تۆن. کەلاوەکانی خێڵان بە تۆوە جوانن، گیانم. ئەگەر تۆ نەبێت، کێ هاواری ئەو خەڵکە بگەیەنێت؟ دە ئاخر دەنگی تۆ بەرزتر بوو لە هەمووان. بێدەنگ مەبە کەسەکەم ... تۆ بێدەنگیت لێ نایەت ... نا هاوڕێی جوانم ...

"دەی هەستەوە پیاو. تۆ کەی ئەوەندە بێمڕووەت بوویت کە وەڵامم نەدەیتەوە؟ فەرەم، سوارە، فەرە. من ئیتر کێ پشت و پەنام بێت؟ کێ باشترین هاوڕێی ژیانم بێت؟ کێ دەتوانێت بۆم ببێت بە تۆ و، جێگاکەت لە دڵ و ڕۆحمدا پڕ بکاتەوە؟

"بە خودا ئەم ژیانە بەبێ تۆ زیاتر لە وێرانەیەک دەچێت. ئەی بەڵێن نەبوو پێکەوە تا کۆتایی ڕێگاکە بڕۆین؟ ئەی نیاز وا نەبوو ئەم شارە بکەین بە شاری هەڵوێست؟ بۆ دەنگت نییە

هاوڕێ؟ دە شتێک بڵێ گیانی من. قوربانی بۆنی سنگت بم. ئەوە کێ بوو چاوەکانی بەرایی نەهات کە بژێیت؟ ئەوە چ ویژدانێک بوو دەستی چووە گیانت؟ ئەوە چ سەگێک بوو بەم جوانیەت وەڕی؟ بۆ مەگەر تۆ چیت گوت تا ئاوا وەڵامت بدەنەوە؟ دەک خەجاڵەت بن، دەک شەرمەزار بن."

نازەنین: "فەرهاد گیان، هەستەوە کەسی من. با ئەو جەللادانە هێندە بە لاوازی نەتبینن."

ئایدا: "فەرهاد گیان، ئێمەیش وا وەک ئاگر دەسووتێین. بەسە هاوڕێ گیان. با ئەم سەگانە دڵخۆش نەبن."

فەرهاد: "گریان خۆ شەرم نییە ... لێم گەڕێن توو خودا، لێم گەڕێن. با جارێک هەر لە باوەشمدا بمێنێتەوە ... وای چەند بە بێکەسی ژیایت، سوارە! چەند بە غەریبی جێت هێشتم هاوڕێ! دە ئاخر گیانی من، تۆ ئەم چاوداخستنەت لێ نایەت، سەر هەڵبڕە توو گیانی دایکت، سەر هەڵبڕە."

# ئاوایی باران

پورە ئامین: "نازە گیان، خۆ هیچ نەبووە؟ بۆچی ئەوەندە بێڕەنگیت؟ ئەی دایکت بۆچی نەهات؟"

نازەنین: "نازانم بڵێم چی، پورێ گیان!"

پورە ئامین: "ناکا بڵێیت یاسەمین شتێکی لێ هاتووە؟"

نازەنین: "نا دایکم باشە، سروە لەکوێیە؟"

پورە ئامین: "بەیانی زوو ڕۆیشت بۆ خوێندنگا."

نازەنین: "هیچ هەواڵێکتان لە شارەوە پێ نەگەیشت؟"

پوره ئامین: "ناوەڵا، چی بووە لە شار؟"

نازەنین: "سوارەیان شەهید کرد پورێ ..."

پوره ئامین: "ئەی لاڵ بم بۆی. ئێوارە سروە باسی ئەوی بۆ دەکردم؛ گوایە یەکدیان خۆش دەوێت. گوتی: 'قەرار وایە ئەم بەهارە بێتە خوازبێنیی.' "

نازەنین: "بەڵێ، شێتانە عاشقی یەک بوون. ئێستا چۆن ئەو هەواڵەی پێ بگەیەنین؟"

پوره ئامین: "دەک دایکی کوێر بێت. جا چۆن بتوانێت بەرگەی کەوتنی ئەو کۆستەی بگرێت؟"

نازەنین: "توو خودا پورێ گیان، بە کاک ئازاد بڵێ ڕێگای بدا سەردانێکی گۆڕەکەی بکات."

پوره ئامین: "بە خوا کچم، من هیچم لەدەست نایەت. بە باوکت بڵێ با ئازاد ڕازی بکات. ئەوسا خۆیشم لەگەڵتاندا دێم. من ئەو کوڕەم زۆر خۆش دەویست."

نازەنین: "باشە پورێ گیان، بەڵام فەرهاد گوتی: 'ماڵی ئەوانیش ئاگەدار بکەینەوە.' "

پوره ئامین: "جا گەر غەزاڵ بەمە بزانێت، چۆن شێت نابێت؟"

نازەنین: "تور خودا پورێ گیان، سوارە کەسی نییە کە لە پرسەکەیدا دابنیشێت، با ئێمە پرسەکەی بۆ بگێڕین. ئاخر زۆر بە غەریبی تا ئێرە هات. بە خودا من لێرەوە وا خەریکە گڕ دەگرم بۆی. وای چەندە دڵێکی باشی هەبوو!"

# لەپاش مەرگت

لەو دەمەی هەواڵی مەرگتیان بۆ هێنام، من خەریک بووم لە کەژاوەی خەیاڵێکما خۆم بۆ تۆ بە بووک دەبرد. بە بۆیەی پەنجەکانمەوە سەرقاڵ بووم. لەبەردەمی ئاوێنەکەمدا خۆم لەو قسانە ڕادەهێنا کە لە یەکەم شەودا پێویست بوو پێتی بڵێم.

لە خەیاڵمدا پرچەکانم تا سەر شانم هێنابوون، ڕێک بەو جۆرەی تۆ حەزت دەکرد دایانبێنم. منداڵەکان لە حەوشی خوێندنگاکەدا یارییان دەکرد. منیش لەگەڵ نیگاکانی تۆدا پێدەکەنیم. بیرم دەکردەوە کە ئاخۆ لەو شەوەدا یەکەم جار من باوەش لە تۆ دەگرم، یا تۆ لە من؟ ئاخۆ دەبێت لەو شەوەدا دنیا ئارام بێت؟ تۆ بڵێیت ماچەکانت گۆناکانم نەڕوشێنن؟ بەڵێ، من لە گێژاوی ئەم خەیاڵانەدا بە تەواوی پەنگم خواردبووەوە. بەڵام هەر کە هەواڵی مەرگت هات، وەکوو چەقۆ کەوتە گیانم. ئاگرێک بوو و خەرمانی گشت ئارەزوویەکی گڕ تێبەردام. زیندانێک بوو و تا هەتایە دیلی کردم.

من ئیتر چاوەڕێی کێ بم سوارە؟ کە بینایی چاوەکانم لەگەڵ تۆدا ڕۆیشتن؟ ببم بە زوڵەیخای کامە ئومێد، کە عەزیزەکەم لێ گوم بووە؟

چۆن پێت بگەمەوە کەسەکەی من، کە ئەژنۆکانم بە هەواڵی مەرگت لەپێ کەوتن؟ من ئیدی بە کێ بڵێم: "قوربانی ئەو قژە لوولانەت بم"؟ کێ بێت و جارێکی تر ئەم لادێ غەمگینەی دڵم بکا بە خێوەتی خۆی؟ ئەی بە خوێنی جێماوی جێی مەرگت بم. ئەی بە کێلی ئارەزووی سەر گۆڕت بم.

پێم بڵێ لە دوای مەرگت، لە کام گۆڕستان تۆ بنێژم؟ کوێت بۆ بکەم بە گڵکۆی پیرۆز، تا هەموو ئێوارانێک بێم و لەژوور سەرتا ئەشک بڕێژم؟

بریندارم. بە گیانت قەسەم زۆر نا، زیاتر لە زۆر بریندارم ... دەسا ڕەحمێک ئەی مەرهەمی من، سوارەی هەناسەی سوارم.

دەی درەنگ نییە ئەی لاو. ئەی بارانی ئەوینی لە دەریا خنکاو، درەنگ نییە باوانەکەم. هێشتا مەجالی سڵاوێک ماوە لە ژیان. ئەگەر دێیت، هێشتا ئومێدی سارێژیەک ماوە بۆ برینی عیشقی گیان. دەی وەرە بینایی دیدەکانم، هێشتا هەناسەکانم لە تابووتدا قەد نەکراون. هێشتا تاڵەکانی ڕەشی پرچم لەنێو جەنگی سپیبوونا نەدۆڕاون. خۆ منیش دەمرم گەر تۆ نەیەیت. بەڵام گیانە، ئەی بە قوربانی گیانت، من بە ئومێدی گەڕانەوەت هێشتا ماوم. درەنگ نییە لاوەکەی من، چونکە هێشتا ماوم و ڕۆحم لایەلایەی عیشقت دەڵێتەوە. تاقگەی چاوم ئاو بۆ ڕەگی

مەرگت دەباتەوە. بەڵێ، بۆیە ماوم، بەڵکو ڕۆحت لەنێو ئینجانەی خەیاڵەکانما وەک گوڵێکی میهرەبان بژیێتەوە.

ئەی جەنگاوەر! دە ئاخر کەی ڕۆژ لە هەڵاتن بێزار دەبێت؟ کەی ئەوەندە بێمرووەت بووە ئاسمان تا لە مانگی چواردە یاخی ببێت؟ ئەی تۆ نەتگوت: "من شنە و سروەکەی سپێدەی گیانتم"؟ نەتگوت: "من ئاسمانی پرشنگداری پڕ نیگاتم"؟ ئەی ئێستا چی، ئەی بێمرووەت؟ ئەوەتا تۆ لەژێر گڵ و، منیش ماتەمگێڕی سەر مەزارتم.

درەنگ نییە سوارەی جوانم! چون هێشتاکە پەنجەرەی هیواکانم بۆ گەڕانەوەت دانەخراون. دەی سەرێک بدەرەوە کزەی جەرگم. ئێستایش کلیلی دەرگاکانی دڵم بە خودا هەر ئەوانەن خۆت بۆت دروستکردن ... ئەوەتانێ وەک خۆیان ماون و نەگۆڕاون.

دەی وەرەوە، ئەی پیاو! تا جەستەم لە پێشوازیتدا، موزیکی میهرەبانیت بۆ بەیان کات. وەرە و ئیدی بمکە بە بووکی ڕاستەقینەی ماڵەکەت. تا بنواڕیت چۆن ژنبوونم بۆ شەوی زاواییەکەت سەما دەکات.

لەپاش مەرگت، بە خودا کراسی غەم تەنگە بە بەرم. ئیدی من ئازارەکانم بە چی بشارمەوە؟ دەڵێم بڕۆم بۆ شاری شادی و ئەم لادێ غەمگینەی دڵ جێ بهێڵم، بەڵام منی ئالوودەبووی

چاوەکانت، چۆن بژیم سوارە گەر ڕۆژی دوو پێک لە نیگات نەخۆمەوە؟

چی بکەم گیانم؟ بەدەست خۆم نیە، تۆ لە دڵدا نامریت. وەک حەزرەتی یونس لەنێو سکی ئەم نەهەنگەی دڵما هەمیشە زیندوویت. گەرچی پڕم لە کڵپە، لە پریشکی ئاگری جودابیت، بەڵام تۆ لەنێو خوێنی دەمارەکانمدا هەر گەشیت ... بە گیانی ئامەی دایکم هەر گەشیت.

دەی پێم بڵێ سوارە، تۆ لە نەسلی کام ئیبراهیمیت کە وا بوونت لەنێو کانگای ئەم دڵە ئاگرینەمدا، لەنێو پشکۆی ئەم ڕۆحە شەکەتەمدا، بەرکەوتەی هیچ زامێک نییە ...

توخوا پێم مەڵێ خائین، ئەگەر لەدوای تۆ گریانەکانم خۆش ویست. گەر لەدوای تۆ خۆم خستە سەر جێگای غەریبیم. گەر لەگەڵ تەنیاییەکەمدا بووم بە دۆست.

گوتم: "مەڕۆ بۆ ئەو شارە." خۆ پێم گوتیت: "مەڕۆ ..."

شەرتە ئیتر منیش بڕۆم. بڕۆم تا ئەوپەڕی سنووری گریان. تا دوا وێستگەی مەنزڵی غەریبان. بڕۆم لەگەڵ بێکەسیەکەی خۆمدا بژیم. ئا ئا دەڕۆم. دەڕۆم خۆم بە تەنیایی دەسپێرم، بەڵکو لە نێویدا ببم بە شازادەی بێدارانی هەموو دنیا. دەڕۆم و وەک بێنازترین پەناهەندە، شێوەی قەرەجێک، خۆیشم نازانم

کوێ دەکەم بە نیشتمان. ئەگەر هیچ وڵاتێک داڵدەی ئەو غەریبییەی نەدام، منەتباری هیچ کەس نابم. دڵم لە سینەدا دەردەهێنم—ئەو دڵەی بۆ خۆی گەورەترین نیشتمانی دەردە بۆ منی پڕ ژان. بەڵام نازانم کوێی بۆ بکەم بە سنوور. چون دەمەوێت جگە لە هێرشی خەیاڵەکانی تۆ، کەس نەتوانێت بیبەزێنێت. جگە لە چنگی یادەکانت، دەستی هیچ غەدرێک نەتوانێت بیکات بە وێرانە و جوانییەکانی بخنکێنێت.

پێت چۆنە پەلکە زێڕنەی دوای بارانی چاوەکانم بکەم بە ئاڵاکەی؟ بێنم وشەی نێو نامەکانت، وەکوو بەرد دانەدانە لەسەر یەک دانێم و، بیانکەم بە کۆشک، تۆیش بە شاکەی؟ بەڵام بەو مەرجەی هەر خۆم شازادە و خانمی یەکەمی نیشتمانی ئەو دڵە بم. هەر خۆم و نابێت کەسی تر بێت و بچێت لە حەرەم سەراکەی!

دەبینی سوارە چ شێتێکم لێ دەرچووە؟ ئاگات لێیە وڕێنەکانم چەندە نائومێدییان پێوە دیارە؟

لەپاش تۆ، تەنانەت ئاوێنەکانیش نامناسنەوە. وەها بێڕەنگم، هەر دەڵێیت بۆیەی سەر دەرگای کۆڵانە پیرەکانی شارم— ئەوەندە کاڵ بومەوە ...

گیانم، چۆن بەرایی دا چاوەکانت کە ئاوا پەژموردەی ئەم ژینەم کات؟ چۆن دڵت هات کەسم کە لەم دڵە هەشت

دۆنمیەمدا سیمای گەشت بە ئینجانەکانی ڕەوا نەبینی و زەردیی کفنەکان لە نێویدا قەدت بکات؟

گۆرانیت بۆ دەڵێم ... لێم بگەڕێ با گۆرانیت بۆ بڵێم. دە ئاخر من کێم دوای تۆ جگە لەو کۆترانەی کە دڵتەنگیی شەویان لە سپیدەکاندا دەکەن بە شیوەن؟ من چیم زیاتر لە هاواری ئەو گوڵانەی بە ڕەشەباکانی دەڵێن؟ من کێم جگە لە ئاوی ئەو هەورانەی لەژێر قامچیی بروسکەکاندا دەناڵێنن و، سەرەنجام بە گریانەوە بەرەو زەمین هەڵدێن. پێم بڵێ من کێم جگە لە فرمێسکی ئەو منداڵە هەژارانەی بە نانی دەڵێن؟ دەی کەواتە گوێچکەت بێنە و، با گۆرانیت بۆ بڵێم.

ئەرێ کەس هەیە لێرە؟ کێی تیایە با وەڵام بداتەوە؟ دەبینیت سوارە بە بێ تۆ چەند چۆڵە دڵم؟ پێیان گوتوویت کە بەبێ تۆ چەند سارد و سڕە ماڵی دڵم؟ گوتویانە پێت کە دوای تۆ ئەم دەرگایە کەس ڕووی تێناکات؟ زانیوتە دوای ئەم سەفەرەت سینەکەی من هەنبانەی کام مەراقە؟ ئەگەر پێیان نەگوتوویت، من پێت دەڵێم: "خەراباتە و خەراباتە و خەرابات ..." دەی وەرە گیانم بە ساقیت بم.

# نامەیەك لە زیندانەوە،

لە کۆتایی یەکەم نامەمدا بۆم نووسیت: "نازانم لە شار چەند شەممەییە." یادتە؟ بەڵام ئێستاکە هەر بە ڕاستی نازانم  نە لە شار و، نە لە لادێ و، نە لە هیچ شوێنێک چەند شەممەیە. چونکە لە ژماردنی ڕۆژەکان بێزار بووم. لە ڕوانینی تاریکی ژوورەکەم ماندوو بووم. بەڵام هەرگیز ئەوەم بیر نەچووەتەوە کە تۆ لە دڵی دیوانەمدا، دەزانیت چەند؟ هەزار شەمیت.

پێم گوتیت: "نازانم لە شار بارانە یان نا، بەڵام لێرە خۆش دەبارێت." ئەی ئەوەت بیر ماوە؟ دەی ئێستا چیت پێ بڵێم نازەنینم؟ خۆ لێرە جگە لە کاژی غەم، ئەوەی بەدی دەکرێت، تەنیا و تەنیا بنمیچی ژوورێکی سارد و سڕە کە خۆیشم نازانم بۆ لەنێویدام.

وا بۆ شەش ساڵ دەچێت، دیمەنێکم نەبینی لە جوانیی خۆرئاوابوونەوە. خەریکە دەمرم بۆ ئەو وشانەی بۆم دەنووسیت لە کوێستانی ئەوینەوە، چونکە وشەکان لەوێدا ئازادانە دەهاتنە خەیاڵ، وەلێ لێرە ئەوانیش کۆت کراون. پێنووسەکان لەوێدا بۆ خۆیان دەهاتنە گۆ، بەڵام لێرە ئەوانیش لاڵ کراون. بۆیە، ئەگەر ئەم نامەیەم تام و بۆی نامەکانی جارانیان نەدا، جا نازانم پێت دەگات یان نا. هەرگیز لۆمەم مەکە ئازیز. ئەگەر بۆنی وەنەوشە و یەکەم بارانی خەزانیان لە بەرۆکت گرێ نەدا.

بیرت دەکەم، بە مەودای دووریی چاوت لە چاومەوە.

خۆشم دەوێی، بە نێوانی ڕێگای هەنگاوت لە ژووانمەوە.

بیستووتە هەورەکان هەرگیز نابن بە ئاو، گەر قامچیی بروسکەکان بەر پشتیان نەکەون؟ دەی منیش لەم زیندانەوە، بێباکم لە بێڕەحمیی جەللادەکان، لە دڵڕەقیی ژوورەکانی ئەشکەنجەدان. چونکە خەیاڵ دەکەم من هەورێکم و، گەر قامچی جەللادان پشتم شەقارشەقار نەکەن، ئەوا هەرگیز نابم بەو بارانەی بۆ گوڵی ڕووت بتوێمەوە.

بۆیە وەک چۆن لە یەکەم نامەمدا بۆم نووسیت: "لە کوێستانی ئەوینەوە." ئا لێرەیشدا هەر بۆت دەنووسم: "لە زیندانی ئەوینەوە ..."، بەڵام جیاوازی ئێرەو ئەوێ لەوەدایە کە نازانم

چۆن ئەم نامەیەت پێ بگەیەنم، چۆن بتوانم لە نێو ئەم هەموو پۆلیسە دڵڕەش و دەبەنگانەی زینداندا، کۆترێکی دڵپاکی وەک سوارە بە دەست بێنم !

با دژمن باش بزانێت من ئەو ڕەگەم لەنێو ئاگردا دەڕوێمەوە. ئەو ژیانەم لەنێو خوێنی سەر بەردەکان دەژییمەوە. ئەو ڕەشەبایەم، گەر دەرگای هەموو زیندانەکانیشم لەسەر داخەن، سەرەنجام لەنێو زریانی خەیاڵێکما وەکوو هەڵۆ باڵ دەگرم و بۆنێو لانەکەی تۆ دێمەوە.

بۆچی مەگەر زیندانەکان توانییان چی بەو سەرانە بڵێن کە تەنانەت دوای کردنیان بە میوانی سێدارەکانیش، هەر نەوی نەبوون، تا من سڵیان لێ کەمەوە؟ توانییان چی بەو دەنگانە بڵێن کە دوای خنکانیشیان هەر هاواریان بۆ ئازادی دەکرد و، لە گۆڕیشدا بێدەنگ نەبوون، تا ئازادی لە بیری مندا بسڕنەوە؟

ئەی تۆ نەتگوت: "ئێمە ئەهلی گۆرانیی باو، ئاوازی پەنجەکانی بارانین؟ ئەهلی نێو گریانی کۆنسێرتەکانی ئەحمەد کایا و، ناڵەی غەریبی عودەکەی مەردانین؟" دەی با دوژمنەکانم باش تێبگەن، خەیاڵیان خاوە گەر وا بزانن کە دەتوانن باران و با لە ئاسمانی بیر و ئەندێشەی مندا جیا کەنەوە.

نازانم لە کوێیت؟ بەڵام لە هەر جێیەک هەیت، خۆشم دەوێیت! ئەگەر بە قووڵاییی زەریاکانەوە هەڵواسرابیت، یا لە جەنگەڵی

جادووگەراندا بە ڕەگی دارە پیرەکانەوە لوولدرابیت. گەر لە ئاسمانڕا کرابیت بە فریشتە، یا لە زۆری کردەی تاوانەکانت مەعدەنی ناو جەرگەی دۆزەخ بی و، لە ئاگردا هەڵقرچابیت. گەر لەنێو دڵی شەودا شەمعئاسا داگیرسابیت، یا بەفری لووتکەی کێوەکان بی و، بە تیشکی ڕۆژ تێک شکابیت. دەتخۆمەوە، گەر دڵۆپێک بیت لە ئاوی کەوسەر، یا شەرابی کۆنە ساڵی سەر ڕەفەی مەیخانەیەک بیت. جوانترینی لای من، گەر گەڵای وەریوی پایزێک بیت، یاخود چاوی نێرگزێک بە قەد پاڵی دەوەنێکەوە و لە ئامێزی بەهاردا لە خەودا بیت. شازادەی هەموو گەردوون بیت، یا کچی گەدایەک کە بۆ لەتێک نان دەست لە ملانی هەژاری بیت. هەرچیەک هەیت، باکم نییە بە پێناسەت—کچی گاور و ڕاهیبەی کڵێساکان، یاخود قورئان شارێگای باوەڕت بێت. گرنگ نییە گەر لە ئاسماندا داببارێیت، یا قەتماغەی ڕووی سەحرایەک بۆ قومێ ئاو لەتلەت بوبیت.

بەڵێ من هەر خۆشم دەوێیت ... ئەگەر وەک شارێکی خاپوورکراو بۆنی دوکەڵ و barووت لە سینەت بێت، یا باغەکەی ئیرەم بی و، چی گوڵی دنیا هەن تیات ڕووابێت. ڕێگای ئەوینت بەرنادەم، گەر بە شاخەکانەوە هۆگر بووبیت، یا دڵبەری کڵاولاری شۆستەکانی شارەکەت بیت.

گەرچی عیشقت هەزاران تیری لە دڵ چەقاندووم، یادی نەرمە نیگاکانت وەکوو زریان هەست و هۆشیان لەلا بردووم، بەڵام

ئەی نازەنینی من، چی بکەم گیانم کە زیندانی جەللادان دیلیان کردووم؟

ئازیزم، حەز دەکەم ئەوەت پێ بڵێم: "من لە لایەک مەحکومم بە نوسینی نامەیەک کە شەش ساڵ لەمەو بەر لە لایەن ترۆزی فرۆشێکەوە ئاڕاستەی چاوە شۆڕەکانی سەرۆک کرابوو. لە لایەکی دیش بە کوشتنی ئەو مەلا شاکرەی کە ئەویش هەر لەو ساڵەدا جوامێرێک بە ناوی عەبە کوشتی. هەرچەندە سوارە بەر لە شەهیدکردنی هەموو ڕاستیەکی لەو بارەوە پێ گوتم کە عەبە کێیە و بۆ ئەو کارەی کردووە؟ بەڵام من بە خاتری ئەو، خۆم خستە ژێر باری ئەو کوشتنە و، گوتم ئەوە کاری من بووە.

ئێستا من پیاوێکی بێشەهوەتم. ڕاستیەکەی بڵێم، ئەشکەنجەکان ئەو غەریزەیان تیا نەهێشتووم. بۆیە سەرباری هەموو ئەو هەستانەی لەم نامەدا بۆم نووسیویت، سەرباری گشت ئەو هیوایانەی هەمە تا پێت بگەمەوە، پێت دەڵێم: "ئەگەر بێمە دەرەوەی زیندانیش، من و تۆ هەرگیز بە سەرینەکان ئاشنا نابین. ئەڵقەکان لە پەنجەی من و تۆدا ئاڵوگۆڕناکرێن، چونکە نامەوێت بە هۆی منەوە ئارەزووی بوون بە دایکت لە گۆڕ بنێیت. بۆیە لێرەوە ئازاد بە و، گەورەترین خولیام ئەوەیە: بە تارای سووری زەماوەندەکان شاد بیت. چونکە دەزانم بووکێکی جوان دەبیت. خەندەکانت بێڕەحمانە باوەش بە لێوتدا

دەگرن. دەبیت بە دایکێکی باش. جا ئەو پیاوەی تۆی دەبێت، لە گەردووندا بەختەوەرترینە.“

ئەمانەت پێ دەڵێم واتای ئەوە نین لەبیرت دەکەم، یا لەبیرم دەکەیت، چونکە لای من عیشق ئەبەدیە و پڕە لە ناکۆتاییبوون. بەڵام گیانم با نەهێڵین ژیان لەوێدا بوەستێت کە جەللادان ئارەزووی دەکەن. چونکە ئەو کوڕانەی پەروەردەی تۆ وەردەگرن، بۆ ژیان پێویستن. ئەو کچانەی لە ئامێزی تۆدا گۆش دەکرێن، لە ئایندەدا شکۆ بۆ ژن دەگێڕنەوە. هەریەکەیان دەبن بە *فروغ*ێک، یا *ثوریانا*، یا *نەوال*ەکەی عەرەب. بەڵام ئەگەر کوڕێکت بوو، تکات لێ دەکەم با سوارەی ناو بێت.

هەرچەندە باش دەزانم تا ئەمرم ئێرە جێمە، بەڵام ئەگەر ڕۆژێک هات و ئازاد کرام، لۆمەم مەکە گەر بۆت نەبوومەوە بە فەرهادەکەی جاران—بەو شوانەی لە سەرەتای گشت نامەیەکتدا کاکەی دڵت بوو. چونکە لەم نێوەندەدا پیاوێک هەیە و، وەک هەموو پیاوانی تری دنیا ئارەزوویەتی هاوسەرەکەی تەنیا بۆ ئەو بێت و بەس. کە ئەمەیش ڕەواترین مافە پیاوەکان پێویستە هەیان بێت و، پێچەوانەکەیشی ڕاستە.

بیر لەوە مەکەرەوە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بە یەک گەیشتین لە کۆلانی زەمانەدا، چۆن دەبین بە ئاو لە ڕووی یەکدا. خەیاڵت بۆ ئەوە نەچێت کە دوای تۆ، من چیم لێ بەسەر دێت. چونکە

تۆ هەمیشە لە مندا بوونت هەیە و، تا ئەبەد لە خوێنما سوورە ڕەنگت. سوور وەکوو ئەو تارایانەی سەر پەرچەمی تازە بوکێک نا کە حەزی دەستی پیاوێک لە یەکەم ڕۆژی زەماوەندەکەیدا وەک شنەی شەماڵ بە ئەسپایی بۆی لا دەبا، کەچی دوای ساڵانێک هەر ئەو دەستانەن بۆی دەبن بە ئاگر و ژیانی لێ دەکەن بە دۆزەخ. بەڵکو سوور وەکوو دڵ، وەکوو ئەو ترپانەی هەرگیز ناوی ڕاستەقینەی مەعشوقەکانیان بیر ناچێتەوە. سوور وەکوو ئەو خونچانەی کە پەپوولەکان تا دەمرن خیانەتیان لێ ناکەن. وەکوو خۆر لەنێو لەپی کێوەکاندا کە ئێواران شانازی بە بوونیانەوە دەکا. بەڵێ سوور وەکوو خوێنێکی بەناحەقرژاو، وەکوو خوێنەکەی حەللاج کە تا ئەبەد نازانێت کاڵ بوونەوە چییە. سوور وەکوو گۆمی مەنگی چاوەکانم بە خاتری بێچووی ئەو ماسییانەی لە سکی نیگاکانتدا دروست بوون و هاتنە ناوی. وەک ڕازانی خوێنەکەی سوارە لەپێناو ژیانی کەلاوەکانی خێڵاندا.

هەرچەندە دوای ئەوەی دەچیتە کەژاوەی ژیانێکی ترەوە، بەڵام بەو مەرجەی من ئازاد بکرێم، ڕەنگە بوێریی ئەوەم نەبێت هیچت بۆ نەنووسم، یا تەرکی نامەکانم بکەم. بەڵام گیانە نەکەیت ... ئامان نەکەیت کە هیچ وەڵامێکم بدەیتەوە، چونکە وەک چۆن من نەمویست بە خاتری ئازادیی عەبە، زیندان جێ بهێڵم و دانم بە خۆمدا گرت و ڕاستیەکانم نەگوت، ئاوایش

ئارەزوومە تۆ بە خاتری هاوسەرەکەت، سەر لە خۆت و ماڵ ومنداڵت نەشێوێنیت.

ژوورەکەم تەنگە و، دڵیشم تەنگ ...

تا بڵێیت ئارەزووی خۆکوشتن دەکەم، وەلێ بێباکم لەو کارە و بوێریی ئەوەیشم هەیە شەوێک بە ئەسپایی خۆم بخنکێنم، چونکە پێم وا نییە مەرگی خودا هێندەی ئەشکەنجەی جەللادەکانی زیندان سەخت بێت. ئێستایش کە ئەو کارە ناکەم، تەنیا بە خاتری تۆیە نازەنینم.

بیرمە جارێکیان مامۆستای مێژوومان بۆی گێڕامەوە: "لەو دەمەی شۆڕشگێڕانی فەرەنسا قەڵاکەی ***باستیل*** دەڕوخێنن کە سەدان ئازادیخواز لە پێناو سەربەستیی زیندانەکانی نێویدا خۆیان بەخت کرد. پیرە پیاوێک لە گۆشەیەکدا دەردەهێنن و سەیر دەکەن درێژیی تاڵەکانی سەر و ڕیشی گەیشتووەتە ژێر پێی. چونکە زیاتر لەنیو سەدە لە ژوورێکی تەنیادا دیلیان کردبوو. ئەوساکە پادشا ***لویس***ی شانزەیەم لەسەر تەخت بوو، بەڵام ئەم مامە پیرە هەر وا دەزانێت ***لویس***ی پانزەهەم لەسەر تەختە و، یەکەم قسە کە دەیکات، لە هەواڵی ***لویس***ی پانزەهەم دەپرسێت." بۆیە منیش بە لایەنی کەمەوە ئومێدێکم هەیە کە ڕۆژێک دادێت و ئەم تاریکستانە کۆتایی پێ دێ و ئازادیخوازانی وەکوو عەبە کۆتایی بە گشت مەینەتیەکانی دێنن

و، دەرگای هەموو زیندانەکانی دەشکێنن. ئەوساکە منیش لەگەڵ هەڵمژینی یەکەم هەناسەی ئازادبوونما، لە هەواڵی تۆ دەپرسم و پڕ بە گەرووم بانگت دەکەم! بەڵام ڕەنگە تۆ نەمناسیتەوە، بە هۆی پیر بوون و شێواوی سیمامەوە. بۆیە با نهێنیەکەمان ئەوە بێت، دێم و دەچرپێنم بە گوێچکەتدا و پێت دەڵێم:

"بە هەزار دڵ خۆشم دەوێیت."

**فەرهاد**

گروپی کتێبخانەی ( PDF )

ئێمە هەمیشە بەردەوامین لە خزمەت کردنتان

وە بەرهەم و کاری نوێ




کتێبخانەی ( PDF )

Public group · 90K Members

کتێبخانەی (PDF)

گەر دەپرسن کەوا من کێم؟ من بارانم باران، بەڵام خنکان پێناسەمە. پڕم لە ئاو، کەچی ئاگر هەناسەمە. من ئەو کەسەم تا پێکەنینێکم لەدایک دەبێت، سەد گریانم لەبار دەچێت. تا خۆزگەیەکم پێ هەڵدەگرێت، هەزار خولیام ئەژنۆی دەشکێت.

ئەگەر ئەم جارە خۆری ئومێد بەیانی کرد، بڵێن نامەرد بۆ کێ هەڵدێت؟ لەپاش مەرگی سپێدەی گوڵ لەگەڵ خونچەی کام باغ دەدوێت؟

پێی بڵێن، هەتا دڵم بەستووی غەم بوو، ئەو لەکوێ بوو؟ لە ئاسمانی کام خودادا، وەک سەگەکەی ماکسیمیلیان لە خەودا بوو؟



کتێبخانەی **گوڵدن بووک**
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
07701598762 - 07501444434
Goldenbook @ktebfroshe_warzer
GOLDEN BOOK